# نێچیر

**کینزا بۆرۆ ئاویێ**

**سەرچاوەکە بە فارسی**

**شکار، کنزا بۆرواوئە**

**ترجمە: اسدالله امرایی**

**چاپ: اول، نشر: معیار**

- ناوی کتێب:نێچیر
- نووسەر: کینزا بۆرۆ ئاویێ
- وەرگێڕانی: جەبار سابیر
- بابەت: ڕۆمان
- مونتاژ: یانەی قەڵەم
- تیراژ: (٥٠٠) دانە
- چاپ: یەکەم (٢٠١٢)
- چاپخانە: یاد، بازاڕی سۆز–نهۆمی سێیەم
- نرخ: (٢٠٠٠) دینار

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١١٢٤)ی ساڵی ٢٠١٢ پێ دراوە

## کینزا بۆرۆ ئاوێ

# نێچیر

بۆ فارسی: ئەسدەوڵڵا ئیمرایی

لە فارسییەوە: جەبار سابیر

سلێمانی ٢٠١٢

لە چاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم

زنجیرەی ژمارە (٨٨)

سەرپەرشتیاری پرۆژە: جەبار سابیر

جێگری سەرپەرشتیار: ئارام سدیق

ناونیشان: یانەی قەڵەم، سلێمانی، سابونکەران، بینای هەورامان

نهۆمی سێهەم

# وتاری کینزا بۆرۆ ئاوی[٧]

## لە کاتی وەرگرتنی خەلاتی نۆبلی ئەدەبیاتی ساڵی ١٩٩٣

کاتێك جەنگی جیهانی دووەم لە گەڕابوو، من کوڕێکی مناڵکاری چکۆلە بووم و لە دۆڵێکی سەر سەوز و دارستاندا، لە دورگەی شیکۆکۆی[١] ژاپۆن، شوێنێکی زۆر دوور لەم شوێنەوە- دەژیام. لەو زەمانەدا دوو کتێب (بەسەرهاتی هاکلبری فین[٢]) و (بەسەرهاتە سەیروسەمەرەکانی نیلس[٣]) سەرنجی منی راکێشا بوو. ئەو رۆژگارە تەواوی دنیا رۆچووبووە لە ناوچوون و ترسەوە.

دوای خوێندنەوەی (هاکلبری فین) کارەکانی خۆم بە شایانی قبوڵ دەبینی، چونکە راهاتبووم شەوان بڕۆم بۆ چیاو دارستان. هەستی ئارامی

[١] - Shikuko

[٢] - Hucklebury Finn

[٣] - Strange Adventures of Nils



و ئاساییشێك کە هەرگیز لە ماڵەوە هەستم پێنەدەکرد، لە کوێستان و بێشەلاندا دەمدۆزییەوە. پاڵەوانی رۆمانی سەرهاتەکانی نیلس دەگۆڕا بۆ بوونەوەری بچووك کە لە زمانی باڵندە تێدەگات و دەچێتە سەفەری پڕ رووداو. من لەزەتی زۆرم لەو رۆمانە دەبرد، لەزەتی جۆراوجۆر. سەرەتا منی دارستاننشین لە دورگەی شیکۆکۆ وەك باپیرانم دەژیام و گەیشتبوومە ئەم ئەنجامەی کە دنیای دەورووبەرم و شێوەی ژیانم بەڕاستی جوامێرانەیە. کەواتە هاودەردیم لەگەڵ نیلس دەکرد و خۆم وەك ئەو دەبینی: کوڕێکی شەیتان و زبر و زرنگ کە لە سوێد بەملا و ئەولادا دەڕۆیشت، لەگەڵ قازە کێوییەکان یاری دەکرد و بە خاتری پاراستنی ئاساییش و ئارامی ئەوان تووشی تەنگوچەڵومە دەبوو. ئەو کەسێتییەکی جیاواز، بەڵام هاوکات بێ ئەزموونی هەبوو. سەرباری ئەمەیش هەمیشە مەتینی و ویقاری خۆی دەپاراست. سەرەنجام نیلس گەڕایەوە ماڵێ و لە بارەی سەرهاتەکانییەوە قسەی لەگەڵ دایك و باوکی کرد. پێموایە بەڵگەی لەزەتێك کە لە رۆمانەکەم وەرگرت لە زمانەکەیدا شارابێتەوە، لەبەرئەوەی کاتێك هاوزمان و هاوڕێ قسەم لەگەڵ نیلس دەکرد، هەستم دەکرد دەستم گەیشتۆتە پاکی و پلەیەکی مەعنەوی تایبەت. وشەکانی ئەو بەم ئاوایە بوو:

“Mama pap! Je suis grand je suis de nouveau un home Cria-t-il”

(دایە، بابە، من گەورە بووم، من بوومەتە مرۆڤێکی تازە!)

من بەتایبەت لە خوێندنەوەی دەربڕینی je suis de nouveau un home چێژم وەرگرت. دواتر، گاڤێك گەورە بووم: پەیوەندییەکانم بە جڤاکی ژاپۆن و شێوەی ژیانم لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست و هەروا

ماڵباتەکەم هەریەکەیان بە جۆرێك دەرگیریان دەکردم. بە وێنەدانەوەو دەرهاویشتنی ئەم ئازارانە بە شێوەی رۆمان خۆم دەربازکرد. لەو شێوازەدا کە بە خۆمدا دەهاتم دەمبینی بە حەسرەتەوە قسەکانی نیلس دووبارە دەکەمەوە. je suis de nouveau un homme! رەنگە ئەم شوێنە جێگەی ئەم قسانە نەبێت و شوێنگەی ئێستا قسەی تری بوێت، بەلاّم رێگەم پێبدەن بڵێم کە شێوازی بنەڕەتی نووسینەکانی من بەرهەمی رەنگدانەوەیەکە لە پرسی تایبەتی و پەیوەندییان بە جڤاکەوە، دەوڵەت و پاشان جیهان. ئومێدەوارم بمبوورن کە بە بەیانکردنی پرسی تایبەتیم کاتی ئێوە دەگرم.

پەنجا ساڵ لەمەوبەر لە قووڵایی بێشەڵانی ژاپۆندا بەسەرهاتەکانی نیلسم خوێندەوەو دوو پێشبینیم تێدا دۆزییەوە. یەکەم ئەوەی کە رەنگە رۆژێك زمانی باڵندەکان فێربم، دووەم: رەنگە رۆژێك بێت کە منیش هاوڕێ لەگەڵ قازە کێوییە خۆشەویستەکانم باڵ لێکبدەم و بفڕم بۆ دوورەدەستەکان و ئەگەری هەیە سەر لە سکەندەناڤیاوە هەڵێنم.

## منالّەکەم سەقەت لە دایکبوو

دوای هاوسەرگیری، یەکەمین منالّم بە مێشکێکی ناتەواو هاتە دنیاوە. ناومانا (هیکاری[٤]). هیکاری بە زمانی ژاپۆنی واتا (رووناکی). کە منالّ بوو تەنها وەلاّمی دەنگی باڵندەکانی دەدایەوە و وەك بڵێی لە زمانی مرۆڤ حالّی نەدەبوو.

[٤] - Hikari



هاوینێك کە لە زۆزان مابووینەوەو ئەو تەمەنی شەش ساڵ زیاتر نەبوو، دەنگی دوو باڵندەی ئاوی بەر گوێ کەوت کە لەوبەری گۆمەکە، لای دەوەنەکانەوە دەیان خوێند. بە بیستنی دەنگەکە وەك پەیامنێر و لێکدەرەوانێك کە دەنگی باڵندەکان تۆمار دەکەن، وتی: (ئەوانە شێلاقەن.) ئەمە یەکەمین جارێك بوو کوڕەکەم وەك بەشەر قسان بکات.

دوای ئەو رووداوە من و ژنەکەم کەوتینە قسەکردن لەگەڵیدا.

هیکاری ئێستا لە سەنتەری فێرکاری تاکە هەلاّوارتەکان خەریکی فێربوونە. ئەم سەنتەرە لەسەر بنەمای بیرۆکەو شێوەگەلێك کە لە سوێدییەکانەوە فێربووین دامەزراوە. هاوکات هیکاری کاری مۆزیکیش دادەنێت. باڵندەکان سروش بەخشی مۆزیکی مرۆیی ئەون. هیکاری بە نوێنەرایەتی من بەرگی کرد بە بەری ئەو پێشبینییەی مندا کە زەمانێك زمانی باڵندەکان فێردەبم. دەبێت ئەم خالّەیش بیربهێنمەوە کە ئەگەر فیداکاری دایکانە و بوونی هاوسەرەکەم نەبوایە، ژیانی من کاری نەکردە دەبوو. ئەو وێناکەری (ئەکسا)ی سەرۆکی قازە کێوییەکانی نیلسە. هاوڕێ لەگەڵ ئەو فڕیم بۆ ستۆکهۆلّم و پێشبینی دووەمیش بووە راستیی و من لەم بابەتە زۆر خۆشحالّم.

## یاسوناری کاواباتا

(یاسوناری کاواباتا[٥]) یەکەمین نووسەری ژاپۆنی بوو کە لەم بلّندگۆی وتاردانە وەستا. ئەو، وەك براوەی نۆبلّ، وتارێکی دا بە ناونیشانی (ژاپۆن،

[٥] - Kawabata Yasunar

ولاّتی جوان و خۆم)! قبولّمه كه زەمانێك جوانبووەو گەورە، گەورە بە مانای هاوتای (ئەیمانیا)ی ژاپۆنی. ئەم سیفەتە ژاپۆنیانە لە زمانی ئینگلیزیدا هاوواتای سەیریان هەیە. ئاڵۆزییەك كە كاواباتا بە ئەنقەست لە دەربڕینەكانی خۆیدا جێیدەكردەوە، لە ناونیشانی وتارەكەیدا پەنهانە. دەتوانی ئەم ناونیشانە واش وەربگێڕی (خۆم، جوانی ژاپۆن). ئەم ئاڵۆزییە لە پیتی زیادە (no) كە لە ڕێزمانی زمانی ژاپۆنیدا هاوتای (ژێرە)ی خاوەندارێتییە، دەكەوێتە نێوان دوو دەستەواژەی (خۆم) و (ژاپۆنی جوان)ە وە.

ئاڵۆزی ناونیشان، جێگە بۆ لێكدانەوەی جۆراوجۆر دەكاتەوە. دەتوانی ئەوە بە (خۆم بەشێك لە ژاپۆنی جوان) یش وەربگێڕی. پیتی زیادەی بیرهێنراوە دوو ناوەكە پێكەوە دەبەستێت و مانای خاوەندارێتی و وابەستەیی نێوان دوو ناو دەگەیەنێ. ئەم مانایەش پەرچ دەكاتەوە: (ژاپۆن، جوان و خۆم). پیتی زیادە لێرەدا دوو ناو، كە ڕۆڵی گۆڕاویان هەیە پێكەوە دەبەستێت، ڕێك بە هەمان شێوە كە لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەكەی وتارەكەی كاواباتادا هاتووە. وەرگێڕانی ناونیشانەكە یەكێك لە وەرگێڕە پایە بەرزەكانی ئەمریكایی تایبەت بە ئەدەبیاتی ژاپۆن ئەنجامی دابوو. ئەو ناونیشانەكەی بە (ژاپۆن، جوان و خۆم) وەرگێڕا بوو، لەم وەرگێڕانە هۆشمەندانەیەدا، هەرگیز وەرگێڕ ناپاك نییە!

كاواباتا لەژێر ئەو ناونیشانەدا قسەی لە عیرفانێكی بێهاوتاو تایبەت كردووە كە نەك تەنها لە فكری ژاپۆنیدا، بەڵكو لە ئەندێشەی ڕۆژهەڵاتی زەویشدا فراوانە. مەبەستم لە (بێهاوتایی)، هۆگرییە بۆ مەزهەبی بودیزم. تەنانەت كاواباتا وەك نووسەری سەدەی بیست فكری خۆی وەرگیراو لە شیعری ڕاهیبەكانی مەزهەبی بودیزمی سەدەكانی ناوەڕاست



دەزانێ، زۆربەی ئەم شیعرانە بۆ بەیانكردنی حەقیقەت لە زماندا كەم دەهێنن. وەها شیعرگەلێك قسە بە یەخسیری لەفافی بەستراوی خۆی دەزانێت. خوێنەر ناتوانێ چاوەڕوانی هەبێت كە وشە لەم شیعرانە بێتە دەرێ و بگاتە ئێمە. مرۆڤێك ناتوانێ درك بەم شیعرانە بكات، یا تەنانەت هەستێكی نزیك بەوان بدۆزێتەوە، مەگەر ئەوەی خۆی ڕەها بكات و بە خەیاڵی ئاسوودەو مەیلی خۆی بچێتە لەفافی بەستراو و ناخی كەلوی ئەو وشانەوە.

بۆچی كاواباتا بنجبڕانە بڕیار دەدات لە بەرامبەر ئامادەبووانداو لەم شوێنە ئەو شیعرە دەوڵەمەندانە بە زمانی ژاپۆنی بخوێنێتەوە؟ من بە حەسرەتەوە سەیری ڕابردوو دەكەم و بەخیلی بە ئازایەتی و ڕاشكاوی كاواباتا دەبەم، ڕاشكاوییەك كە لە گوێن ئامانجی خۆی هەیەتی و باوەڕی پتەوی و بەیانكردنی. كاواباتا دەیان ساڵ ڕەنج و زەحمەتی كێشا تا توانی شاكارە نەمرەكانی بخولّقێنێ. دوای ئەو ساڵانە لە ڕەنج و زەحمەتكێشان و تاڵی و سوێری چەشتن، تەنها بە ددانپێدانان بەوەی كە چۆن ئەو شیعرە دەست بۆنەبراوانە- كە زۆرێكی نائومێد كردبوو- ئەوی شەیدا كردووە، توانی لە بارەی (ژاپۆن، مەفتەنی جوان و خۆم) قسە بكات، لە بارەی ژاپۆنێكەوە كە دنیاكەی بوو، لەوێ ژیابوو و ئەدەبیاتی خۆی لەوێ خولّقاندبوو. ڕەنگە بیرخستنەوەی ئەم خاڵەی كە كاواباتا بەم وشانە وتارەكەی كۆتایی پێهێنا، سەرنجڕاكێش بێت:

(كارەكانی منیان بە پۆچگەرایی چواندووە، بەڵام نەدەبوو لەگەڵ نهێلیزمی خۆرئاوایی بەیەكی بزانن. بنەماو ڕۆحی كارەكە، جیاوازییەكی ڕیشەیی هەیە. (داگن) شیعرە چوار بەشەكەی خۆی ناودەنێ (واقعییەتی

خۆرسك) و تەنانەت هەمان زەمانێك كە جوانی بەشەكان دەهۆنێتەوە بە قوولّی لە زەنی بودیزمدا نووقم دەبێت.

لێرەدا شوێن پێیەك لە ئازایەتی و عیزەتی نەفس دەدۆزینەوە. كاواباتا لە لایەك لە بنەڕەتدا خۆی دەداتە پاڵ خوێندنگەی فەلسەفی زەن و ناسكی و جوانی ئەدەبیاتی كلاسیكی خۆرهەڵات بەرز دەنرخێنێ و لە لایەكیتریشەوە بۆشی و پووچی هەبوو لە كارەكانی خۆیدا لە نهێلیزمی خۆرئاوایی جیا دەكاتەوە. بەم كارەی لە قوولاّیی دڵەوە رووەو نەوەیەك قسە دەكات كە (ئەلفرێد نۆبڵ) ئومێد و باوەڕی خۆی بەوان بەستبۆوە.

## هەستی خزمایەتی باییتس[٦]

ئەگەر راستیتان بوێ من پتر لە هاونیشتمانییەكەم (كاواباتا)، كە بیست و شەش ساڵ لەمەوبەر لەم شوێنە ئامادەبوو، لەگەڵ شاعیری مەزنی ئیرلەندە (ویلیام باتلرییس[٧]) كە هەفتا ساڵ لەمەوبەر لە تەمەنی مندا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، هەستی نزیكی و ناسیاویم هەیە. هەڵبەت نامەوێ خۆم بە هاوپایەی ئەو شاعیرە تاقانەیە بزانم. من دەروێشكی چكۆلەم كە لە نیشتمانێكی زۆر دوور لە وڵاتی ئەوەوە دەژیم، هەر ئەمە. هەمان شێوە كە (ولیام بلیك[٨]) كە ناوبانگی كارەكانی لەم سەدەیەدا قەرزاری ییتسە، نووسیبووی، (وەك بروسكە ئەورووپا و ئاسیاو چین و ژاپۆن گەڕایت.)

[٦] - Japan the Beautiful and myself

[٧] - William Butler Yeats

[٨] - William Blake



لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا سەرقاڵی نووسینی سێیەنە رۆمانێك بووم كە ئومێدەوارم كۆبەندی چالاكییە ئەدەبییەكانم بێت. دوو بەشی هەوەڵی چاپ بووەو تازە بەشی كۆتایی و سێیەمیم تەواو كردووە. ناونیشانە ژاپۆنییەكەی بە مانای (داری سەوزی دایساو)ە. ئەم ناونیشانەم بە قەرد لە یەكێك لە دێڕە شیعرەكانی ییتس وەرگرتووە.

**داریك هەیە لێرە كە لە بەرزترین لقیدا**
**نیوەی بڵێسەی دێت و نیوەی سەوز**
**ئاگرێك كە گەڵا سەوزە شەنماوییەكانی دەورەداوە.**

لە راستیدا سێینە رۆمانەكەی من بە گشتی بارگاوییە بە كاریگەری شیعرەكانی ییتس. ئەنجومەنی سەنای ئیرلەندە بە بۆنەی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵەوە بە ییتس، كارتێكیان وەك پیرۆزبایی پێشنیاز كرد كە لەوێدا ئەم رستانەی خوارەوەیان نووسیبوو.

(............ ژیاری ئێمە تێكەڵ بەناوی سیناتۆر ییتس دەبێت... هەمیشە ئەم مەترسییە هەیە كەسانێك نەبن كە بیانەوێ ئازاد بووەكان لە گومڕایی، پێشێل بكەن...)

(... ناوبانگێك كە میللەت، وەك رێبواری هەمیشەیی فەرهەنگی جیهانی بە دەستی هێناوە، قەرزاری هەوڵ و سەركەوتوویی ئەوە.) ییتس نووسەرێكە كە حەزدەكەم پەیڕەوی بكەم. ئەم كارە لە لایەن میللەتێكەوە دەكەم، كە ئێستا نەك بە دەلیلی بەشداری لە فەرهەنگی جیهانی و ئەدەب و فەلسەفە، بەڵكو بەهۆی تەكنۆلۆجیای ئەلكترۆنیك و ئۆتۆمبیل سازییەوە لە جیهاندا بە ناوبانگ بووە. دیسان پێمخۆشە ئەم كارە بە نوێنەرایەتی میللەتێك ئەنجام بدەم كە لە مێژووی تازەدا پێخوست و وێران بووە، چ لەسەر خاكی خۆی و چ لە نێوان هاوسێكانیدا.

وەك كەسێك كە لە ژاپۆنی ئەمڕۆدا دەژی و یادەوەری تاڵی رابردووی لە میشكدایە، ناتوانم هاوكات لەگەڵ كاواباتا بڵێم (ژاپۆنی جوان و خۆم.)

هەر چەند ساتێك پێشتر ئاماژەم بە مەبەستی دوور و لێڵی ناونیشان و ناوەرۆكی قسەكانی كاواباتا كرد. لە درێژەی قسەكانی خۆمدا دەبێت كەڵك لە دەستەواژەیەكی دوو لایەنە وەربگرم، دوو لایەنە بە پێناسەیەك كە شاعیری خۆشەویستی ئینگلیز (كتلین رین) پیشانی داوە. ئەو وەختایەك لە باسی (ولیام بلیك)دا وتبووی شیعرەكانی ئەو هێندەی كە دوو لایەنەیە، لێڵ نییە. من لێرەدا دەربڕینێكی جگە لە (ژاپۆنی پڕ لە ئیهام و خۆم) ناتوانم بەكاربەرم.

بە باوەڕی من دوای سەد و بیست ساڵ كە لە نوێگەری ژاپۆن و كرانەوەی دەروازەكانی ئەو (بە رووی جیهاندا) تێدەپەڕێت، ژاپۆنی ئەمڕۆ لە نێوان دوو تەوەری دژدا ماوەتەوە. منیش وەك نووسەرێك داخی ئەم تەوەرگەراییەم وەك كۆنە برینێك بە ناوچەوانەوەیە.

ئەم دوورییە هێندە قووڵ و سووتێنەرە كە هەم دەوڵەت و هەم میللەتی بە شێوەیەكی هەڵتۆقیو و لە لایەنی جۆراوجۆرەوە لێك جیاكردۆتەوە. نوێگەرایی ژاپۆن لە بەرهەمهێنان و فێركردندا ریشەكەی لە خۆرئاوایە. بەڵام ژاپۆن كەوتۆتە ئاسیاوە فەرهەنگی سوونەتی خۆی پاراستووە. رووتێكەری دوو لایەنەی ژاپۆن، وڵاتی ئێمەی بەرەو پێگەی دەوڵەتێكی دەستدرێژیكەر ئاژووتووە. لە لایەكی ترەوە فەرهەنگی نوێی ژاپۆن كە وادێتە بەرچاو تەواو رووی لە خۆرئاوایە، ماوەیەكی زۆرە گۆڕاوە بۆ دیاردەیەكی لێڵ كە دركپێكردنی بۆ خۆرئاوا نەشیاوە، یا لانیكەم خۆرئاوا لە چێكردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو لەنگ دەكات. ئەوەی بایەخی



هەیە گۆشەگیری فەرهەنگی، كۆمەڵایەتی و سیاسییە كە زۆربەی وڵاتە ئاسیاییەكان، ژاپۆنیان بەرەو ئەوە خزاندووە.

## ئومێد بە ژیانەوە

لە مێژووی ئەدەبیاتی تازەی ژاپۆندا، نووسەرانێك كە ئاگایی تەواویان لە پەیامی خۆیان هەیە، (نووسەرانی دوای جەنگ) ن كە بێمەودا دوای جەنگی دووەم هاتنە سەر شانۆ، بریندار لە كارەسات، بە ئومێدی لە دایكبوونەوەی دووبارە. ئەوان بۆ قەرەبووكردنەوەی تاوانی هۆڤیانەی هێزەكانی ژاپۆن لە وڵاتە ئاسیاییەكاندا هەوڵێكی ئازارهێنیان هەبوو، هەوڵی ئەوان نەك تەنها لە پێناوی داپۆشینی دەلاقەی قووڵی نێوان وڵاتە پێشكەوتووەكانی خۆرئاوا و ژاپۆندا بوو، بەڵكو باشكردنی پەیوەندی ژاپۆن و وڵاتانی ئەفریقایی و ئەمریكای لاتینیشی لەبەر چاوە. بە گومانی ئەوان تەنها دەتوانی بە جۆرێك خاكەڕایی تێگەیشتن ئامێز دەستت بگات بە چێكردنی پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی شوێنەكانی جیهان. ئارەزووی دڵی من ئەمەیە، كە بكەومە دەستەی خوارترین ریزی ئەم سوونەتە ئەدەبییە، كە میراتی ئەو نووسەرە گەورانەیە.

بارودۆخی هەنووكەیی ژاپۆن و خەڵكەكەی لە قۆناغی پۆست مۆدێرنەدا، هاوسەنگییەكی ئەوتۆی نییە. جەنگی جیهانی دووەم رێك لە جەرگەی مێژووی نوێگەری ژاپۆندا روویدا. جەنگێك كە بەرهەمی لادان لە ریشەكانی نوێگەری بوو. پەنجا ساڵ بەر لەم شكستەی ژاپۆن لە جەنگدا، بووە هۆی ئەوەی كە ژاپۆن و ژاپۆنییەكان كە لە دەستپێكەرانی جەنگ بوون، بە خۆیاندا بێنەوەو هەوڵێكی گەورە بخەنەگەڕ تا لە

بەدبەختی و زیلەتی فراوان - کە لە کاری ئەدەبی نووسراوی دوای جەنگدا وێنە کێشراوە- ئازاد بن و مژدەی لە دایکبوونێکی دووبارە راگەیەنن. وانەگەلی رەوشتی کە ژاپۆنییەکان لەم لە دایکبوونەوە دووبارەیەیان وەرگرت، پابەند بوو بە دیموکراسی خۆ یەکلاییکردنەوەیەك کە ئیتر شان نەدەنە بەر هیچ جەنگێك.

بەڵام ناودژییەکە لێرەدایە دەوڵەت و خەڵکی ژاپۆن، کە گەیشتوونەتە ئەم پشتیوانییە رەوشتییە، دۆسییەکی پاکیان نییە، ئەوان باری مێژووی رابردوویان لە کۆڵ کردووە کە پڕە لە هێرش کردنە سەر خەڵکانی تر و تالانی وڵاتانی تری ئاسیایی. ئەو پیشتیوانییە رەوشتییە بۆ قوربانیانی هەمیشە خامۆشی چەکێکی ناوکی کە یەکەمین جار لە هێرۆشیما و ناکازاکی تاقیکرایەوە و بۆ پاشماوەکانی ئەو تەقینەوەیەو رۆڵەکانیشیان کە گورزی تیشکە ناوکییەکانیان وێکەوتووە، بایەخێکی شایەنی هەیە. دەیان هەزار لەم منالانە زمانی دایکیان کۆریی بوو.

لەم سالانەی دواییدا ژاپۆن کەوتە بەر رەخنەی زۆر و پێشنیازکرا کە دەبێت هێزی سەربازی بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و رۆڵێکی چالاکتری لە پاراستنی ئاشتیی جیهانیدا هەبێت. هەر جارێك کە ئەم رەخنانە دەبیەین، دڵمان هەڵدەکەنرێ. دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم ژاپۆنییەکان مادەیەکی تەوەرییان لە یاسای بنەڕەتی تازەیاندا جێکردەوە کە بە شێوەیەکی بێ ئەملاو ئەولا شەڕخوازی یاساغ دەکات. ئەوان دوای ئەزموونێکی ئازاراوی کە هەیانبوو، بنەڕەتی (ئاشتی نەمر) یان وەك تەوەری لە دایکبوونی دووبارەی خۆیان هەڵبژارد. بە بڕوای من ئەم بنەڕەتە لە خۆرئاوا کە سوونەتێکی دوورودرێژی لە ملکەچ نەکردنی کوێرانەی ئەزموونکردووە،



بە باشی درکی پێدەکرێت. هەندێك لە ژاپۆن هەوڵێکی زۆریان داوە تا بڕگەی یاسایی وازهێنان لە دوژمنایەتی لە یاسای بنەڕەتیدا بسڕنەوەو لە رێگەی ئەم ئامانجەیاندا بەهرەیان لە هەر دەرفەتێك وەرگرتووەو کۆشاون تا بە فشاری دەرەوە دەستیان بگاتە نیەتە چەپەڵەکەی خۆیان. بەڵام لابردنی یاسای ئاشتی نەمر، لە یاسای بنەڕەتی شتێك نییە جگە لە ناپاکی بەرامبەر خەڵکی ئاسایی و قوربانیانی بۆمبی ئەتۆمی هێرۆشیما و ناکازاکی. بۆ منی نووسەر وێناکردنی ئەنجامەکانی ئەم ناپاکییە دژوار نییە.

یاسای بنەڕەتی بەر لە جەنگ بە گونجاندنی بنەڕەتی هێزی رەها، دیموکراسی ژێر پێ دەنا و بەهەرحاڵ لە پاراستنی کۆمەڵانی خەڵکیش سوودمەند بوو. تەنانەت ئێستایش کە نیو سەدە لە دەنگدان بە یاسای بنەڕەتی نوێ تێدەپەڕێ، هێشتا لە نێو خەڵکدا کەسانێك هەن کە دڵیان لە هەوای یاسای بنەڕەتی دێریندا لێدەدات، ئارەزوویەك کە جارجار شتێکی زیاتر لە حەسرەت و خۆزگەیەکی سادەیە. ئەگەر ژاپۆن بیەوێ بنەڕەتێکی لەوە زیاتر بخاتە یاساکەوە، کە پەنجا ساڵ لەمەوپێش بۆ یاسای بنەڕەتیمان زیادکردووە، هەموو هەوڵ و کۆششێك کە بۆ وێرانەکانی دوای جەنگمان خەرج کردووە، بەبا دەچێت، هەوڵێك کە بۆ جێگیرکردنی چەمکی جیهانی مرۆڤ شێوەی گرتووە، ئەگەر وەك کەسێکی ئاسایی قسە بکەین، دیمەنێکی جگە لەمە نایەتە بەرامبەرم. ئەوەی لە وتارەکەی خۆمدا ناوی دەنێم (ناسەقامگیریی) ژاپۆن نەخۆشییەکی درێژخایەنە کە لە چەرخی ئێستادا بڵاوەو کرانەوەی ئابووری ژاپۆنیش لێی بەدەر نییە. لە پەنا هەموو مەترسییەکانی وەدیهاتوو و شیاوی وەدیهاتوو، پێکهاتەی ئابووری و پاراستنی ژینگەیش نابێت لەبەر چاو

نەگرین. (ناسەقامگیریی) لەم مانایەدا، ناتەواو و بەپەلە دێتە بەرچاو، ڕەنگە لە چاوی ڕەخنەی جیهانییەوە ئاشکراتر بێت تا لە چاوی خۆمانەوە کە لە ناو وڵاتدا دەژین، لە خراپترین بارودۆخی نارێکوپێك و هەژاری ئابووری دوای جەنگ، فشار دەخەینە سەر خۆمان کە تەحەمولی بکەین و قەت ئومێدمان بە بارودۆخێکی باشتر لە دەست نەدەدا.

ڕەنگە سەرنجڕاکێش بێت کە بڵێین لە تەحەمولی ترس و نیگەرانی وردکەری ئایندەدا بەو ئەندازەیە هەست بە فشار ناکەین. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، بارودۆخێکی تازە هاتۆتە ئارا کە پێشکەوتن و پێگەیینی ئابووری ژاپۆن لە بواری بەرهەمهێنان و خەرجکردندا بۆ بازاڕی فراوانی ئاسیایش کشاوە.

من نووسەرێکم کە حەزدەکەم کاری ئەدەبی بەنرخ بخوڵقێنم، کارێکی تەواو جیاواز لە ڕۆمانی بۆش و سووك، کە ڕەنگدانەوەیەکە لە فەرهەنگی بەرخۆری تۆکیۆ و وردە فەرهەنگەکانی جیهان لە پێوانەیەکی فراواندا. دەبێت وەك ژاپۆنییەك بە دوای چ ناسنامەیەکەوە بم؟ (دەبلیو ئێچ ئۆدنت) ئاوا پێناسەی ڕۆماننووس دەکات:

*(... لە نێو دروستی*
*دروست بێت و لە لووتکەی گەماریدا*
*بیهێنێتە بەرچاو،*
*سەرباری بێتوانایی خۆی هەوڵبدات*
*تا مەینەتییەکانی چەپەڵی مرۆڤ بە شان هەڵبگرێت)*

بە سەرنجدان لە ژیانی پیشەیی نووسەر، بە وتەی (فلانری ئۆکانر)، ژیانی من بۆتە ئەمە.



لە پێناسەی ناسنامەی خوازراوی ژاپۆنیدا حەزدەکەم کەڵك لە دەستەواژەی (شەریف) وەربگرم کە لە سیفاتە خۆشەویستەکانی (جۆرج ئۆریۆڵ) بوو. ئەو زۆربەی کات کەڵکی لە سیفەت و دەستەواژەکانی وەك (مرۆیی) و (سالم) و (جوان) وەردەگرت بۆ کەسێتییە خۆشەویستەکانی. ئەم دەربڕینە فریودەرانانە ڕەنگە بە وشەی (ئیهام دار) کە بۆ ناساندنی خۆم لە ناونیشانی (ژاپۆن، ناسەقامگیریی و خۆم) م ترنجاندووە لە ناودژییەکی توند دابێت. کاتێك لە دەرەوە سەیری ژاپۆنییەکان دەکەن، تێدەگەن کە لە نێوان ئەوەی دەینوێنن و ئەوەی پێیان خۆشە هەبن، جیاوازییەکی زۆر و تەنزاوی هەیە.

## پشوودرێژی و ئینسانییەت

ئومێدەوارم ئۆریۆڵ ڕەخنەم لێنەگرێ کە بۆچی دەستەواژەی (شەریف)م وەك بەرامبەری (مرۆڤدۆست) داناوە، چونکە هەر دوو دەستەواژەکە چۆنێتییەکی هاوبەشی وەك پشوودرێژی و ئینسانییەتیان تێدایە. لە ڕابردوودا کۆنەکارانێکمان هەبووە کە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریان داوە تا ناسنامەی ژاپۆنی وەك شەریف و مرۆڤدۆست دەربخەن. لە نێوان ئەم خەڵکانەدا دەتوانین ناوی خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر (کازۆرئۆ واتانابە) بەرین لێکۆڵەری ئەدەب و ئەندێشەی فەڕەنسی دەورانی ڕێنیسانس. واتابانا لە لووتکەی نیشتمان پەرستی شێت ئاسای سەرەتای جەنگی جیهانیدا خەونی پەیوەندی دیدگای مرۆڤگەرایانەی بە هەستی جوانی و سروشت دۆستی دێرینەی ژاپۆنی لە سەردا پەروەردە دەکرد. هەستێك کە بەختەوەرانە هێشتا بە گشتی ڕیشەکێش نەکراوە. دەبێت

یەکسەر بیخەمە سەری کە مامەڵەی پرۆفسیۆر واتانابە لە جوانی و سروشتدا جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی کاواباتا لە (ژاپۆنی جوان و خۆمدا) دەریدەبڕێت.

ژاپۆن بۆ چێکردنی دەوڵەتێکی نوێ، ڕێگەیەکی لەسەر بنەما خۆرئاواییەکان گرتە بەر. ڕووناکبیرانی ژاپۆنی لە ڕێگەیەکی ترەوە، بەڵام بەڕێژەیەك بە پێی شێوازی دەوڵەت کۆشان پردێك لە نێوان دەلاقەی ئامادەی نێوان خۆرئاوا و وڵاتەکەیاندا دروست بکەن. کارێکی دژوار و تاقەت پڕوکێن بوو، بەڵام لەزەتێکی خۆشیشی هەبوو. خوێندنەوەکانی پرۆفسیۆر واتابانە لە بارەی (فرانسوا رابلیەوە) لە ریزی لێکۆڵینەوە دیارەکان و دەستکەوتی بەنرخی کۆمەڵگەی ڕووناکبیری ژاپۆن لە قەڵەم دەدرێ. واتابانا بەر لە جەنگی جیهانی دووەم لە پاریس دەیخوێند. وەختایەك کە بابەتی وەرگێڕانی کارەکانی رابلێی بۆ زمانی ژاپۆنی لەگەڵ ئوستازە ڕێبەرەکەی هێنایە گۆڕێ، ئوستازی پایەبڵند و بە تەمەنی فەرەنسی بە خوێندکارە جاحێڵ و تامەزرۆ ژاپۆنییەکەی وت:

Le enterprise inouie de la traduction de I intraduisible Rabelais.

(وەرگێڕانی شاکاری ناشایەن بۆ وەرگێڕانی رابلێ بۆ ژاپۆنی پێشینەی نییە.)

Bslle enterprise Pantagruelique

(وەرگێڕانی شاکاری شایەن بە پیاهەڵدان پتر لە گاڵتە دەچێت.)

سەرباری هەموو ئەم پێشداوەرییانە، واتانابە نەك تەنها ئەو کارە سەختەی لە ژینگەیەکی هەژارکەوتووی زەمانی جەنگ و دەورەی داگیرکاری وڵات لە لایەن ئەمریکییەکانەوە تەواوکرد، بەڵکو هەوڵیدا فکرە هێومانیستییە فەرەنسییەکانی پەیڕەوی فرانسوا رابلێ بە باشترین شێوە لە ژاپۆنی تێکچڕژاوی ئەو ڕۆژگارەدا جێگا بکاتەوە.

من لە کاری نووسەری و ژیانیشمدا، موریدی پرۆفسیۆر واتانابە بووم. ئەو دوو کاریگەری قووڵی لەسەر من هەبووە، یەکیان شێوازی ڕۆماننووسی منە. لە وەرگێڕانە ژاپۆنییەکەی کاری رابلێ بە قەڵەمی ئەو شتێك فێربووم کە (میخایل باختین) وەك (وێنەی خەیاڵی واقگەرایی گرۆتسك یا فەرهەنگی پێکەنینی خەڵك، بە بیری دەهێنێتەوە، بایەخی شێوازی سروشتی و مادی، دەقاودەقی ڕەگەزە سروشتی و کۆمەڵایەتی و جیهانییەکان، خۆ هەڵقورتاندن لە مەرگ و شەوقی دووبارە هاتنە دنیا و بزەیەك کە پەیوەندی ڕێکخراوی زنجیرە پلەکان سەرەونگوون دەکاتەوە.

ڕێسای وێنەی خەیاڵ، گەڕان بە دوای شێوە ئەدەبیەکان و دەستخستنی یاسای جیهانی بۆ کەسێکی وەك من کە لە کەنارەوە لە دایکبووە و گەورە بووە، مەیسەر دەکات. دەڤەرێکی کەناری و لە دەرەوەی ناوەندی وەك ژاپۆن.

بە وەها باکگراوندێکەوە، من نوێنەری ئاسیا نەك وەك دەسەڵاتی ئابووری، بەڵکو ئاسیایەکی هەژارکەوتوو و بە پیت و تێکچڕژاوم. بە بەشداری لە خوازە کۆنە ئاشناو زیندووەکاندا، خۆم بە نووسەرانی وەك (کیم جی ها) لە کۆریاو (چون ئای) و (موجن) لە چین بە هەڤدڵ دەزانم. لە ڕوانگەی منەوە، برایەتی و پەیوەندی ئەدەبیاتی جیهان لە وەها پەیوەندییەکی بەرهەستدا شاراوەتەوە. من جارێك بۆ ئازادی نووسەرێکی بە توانای کۆریا مانم لە خواردن گرت. نهۆ لە ناخی دڵەوە نیگەرانی چارەنووسی نووسەرانێکم کە دوای ڕووداوی (تیان ئان من) ئازادی خۆیان لە دەست داوە.

پرۆفسیۆر واتانابە لە ڕێگەیەکی تریشەوە کاریگەری لەسەر من داناوەو ئەویش بیروباوەڕە مرۆڤگەرایانەکەیەتی. من ئەو بە هەوێنی ئەوروپا دەزانم وەك گشتێکی زیندوو، دیدگایەك کە لە پێناسەی (میلان کۆندێرا)دا لە ڕۆحی ڕۆمان تێیدەگەین. واتانابە لەسەر بنەمای خوێندنەوەی وردی شەنگستە مێژووییەکان کەوتە نووسینی ژیاننامە ڕەخنەییەکانی کەسانێك لە (ئاراسمۆسەوە) تا (سباستیان کاستیۆن) و ژنانی وابەستە بە هینری چوارەم، لە شاژنە (مارگرێت گابریە وسترەوە) و تەوەری کارەکەی (رابلێ) بوو. واتانابە بەم کارەی دەیویست مرۆڤگەرایی، بایەخی پشوودرێژی و خەسارناسی مرۆڤ لە بەرامبەر پێشداوەری و ئامێرە دروستکراوەکانی دەستی خۆی فێری ژاپۆنییەکان بکات. حەزو تاسەی بووە هۆی ئەوەی تا ڕستەیەك لە (کریستۆفەر بیرۆپ)ی زماناسی دانمارکی بگوازێتەوە: (ئەوان کە نارەزایی دژی جەنگ دەرنابڕن، لایەنگری جەنگن.) واتانابە لە هەوڵی بۆ جێگرتنی مرۆڤگەرایی لە ژاپۆن- وەك ستاتۆی بیرکردنەوەی خۆرئاوایی- بە ئازایەتی تەواوەوە دەستی برد بۆ وەرگێڕانی شاکارەکانی رابلێ.

## دەلاقەی نێوان جەمسەرەکان

وەك کەسێك کە کەوتۆتە ژێر باندۆری هێومانیستی واتانابەوە، حەزدەکەم ئەرکی ڕۆماننووسیم بە جۆرێك بێت کە هەم ئەهلی قەڵەم و هەم بەرامبەرەکانیان ئازارەکانی خۆیان و کۆمەڵگەکەشیان دەرمان بکەن و هەتوان بخەنە سەر برینی ڕۆح و جەستەی خۆیان.



بەر لەمە وتم لە نێوان دوو جەمسەری دووانەیی کەسێتی ژاپۆنیدا بوومەتە دوو پارچەوە. هەوڵمداوە بە ئەدەبیات هەتوان بخەمە سەر برین و ئازارەکانم. ئارەزووی چارەسەر و باشبوونم بۆ هاوڵاتییەکانی خۆیشم کردووە.

ڕێگەم بدەن جارێکیتر ئاماژە بۆ کوڕە پاشکەوتووەم (هیکاری) بکەم. ئەو بە دەنگی باڵندەکان هاتەوەخۆ و کاردانەوەی بۆ مۆزیکی باخ و مۆتزارت پیشان داو سەرەنجام کاری مۆزیکی خۆی دانا. پارچە سەرەتاییەکان، بارگاوی بوون بە شکۆ و جوانی. دڵۆپە شەونمی سەر گەڵای بیردەخستییەوە. مۆزیکی هیکاری پێکهاتەی سروشت بە پاکی و سەفا ئاهەنگاوییەکەی بوو. کاتێك هیکاری درێژەی دا بە دانانی پارچە مۆزیك، لە مۆزیکی ئەودا دەنگی ڕۆحێکی گریاو و تاریك و تنووکم نەدەبیست. ئەو لە ڕووی زەینییەوە ئیفلیج بوو. هەوڵی ئەو زینەت بەخشی دانانی مۆزیکەکەی و یا (عادەتی ژیانی) بوو و لەگەڵ پێگەیینی هونەر و قووڵبوونی درکی ئەو یاوەر بوو. ئەم کارە بە نۆرەی خۆی ئەوی بەهێز دەکرد تا لە قووڵایی ویژدانییەوە گرێیەکی تاریك لە کۆڤان بدۆزێتەوە، کۆڤانێك کە بە قسە نەیدەتوانی بیناسێ و بەیانی بکات.

(دەنگی ڕۆحێکی گریان و تاریك و تنووك)، جوانەو بەیانکردنی بە زمانی مۆزیك، ئەو ئازاد دەکات و هەتوان دەخاتە سەر برینەکانی. سەرباری ئەمەیش مۆزیکی ئەو پەسەندی پەیدا کردووەو گوێگرەکانیشی دەرمان دەکات. لێرەدا بوارەکانی باوەڕ بە هێزی باشکردنەوە و چارەسەر لە ڕێگەی هونەرەوە دەدۆزمەوە.

ئەم بیروباوەڕە تەواو نەسەلمێنراوە، بەڵام لەبەرئەوەی مرۆڤێکی لاوازم بە یارمەتی ئەم بیروباوەڕە ئاولەمەیە، دەمەوێ دیسان هەموو ئازار و ڕەنجێك کە بەرهەمی گەشەسەندنی گەورەو خێوئاسای زانست و هونەر و هەڵگرتن و گواستنەوەیە لە سەدەی بیستدا، لە کۆڵ بکەم. وەك بوونەوەرێکی ناچیزەو کەنارکەوتوو لەم جیهانە پانوپۆڕەدا، حەزدەکەم ڕێگەیەك بدۆزمەوە تا بتوانم لە خزمەتی تەسکینی ئازاری بەشەردابم و لە ڕێگەیەوە ڕۆڵی مرۆیی و شەریفی خۆم بگێڕم.

# نێچیر

من و برا چکۆلەکەم لە دۆڵەکەدا، لە تەنیشت کوورەی مردو سووتاندنە کاتییەکەی گوندەکەمان دەسووڕاینەوە. کوورەی مردو سووتاندنەکەیان ناشیانە دروست کردبوو، پارچە زەوییەك لە لای دەوەنگەڵێکی چڕ و کراوە و بە هێندەی چەند بێڵێك زەوییەکەیان قووڵ کردبوو. ئێمە بە چیلکەیەك، رووی نەرمی خۆڵەکەمان تێکدەدا تا بەڵکو شتێك بدۆزینەوە. خۆڵەکە بۆنی خۆڵەمێش و چەوری لێدەهات. دۆڵەکە نەرمە نەرمە لە سووری تەنگەی خۆرئاوادا رۆدەچوو، هەموو جێیەکی دەگرتەوە. رووناکییەك بە رەنگی هێشووی گەییوی ترێ بەسەر گوندە چکۆلەکەوە، کە لە تەنیشت جادە بەردڕێژەکەی دامێنی تەپۆڵکەو بەرامبەر دۆڵەکەدا هەڵکەوتبوو، هاتوچۆی بوو. ئەمە بوو شوێنی ژیانی ئێمە. قەدم راستکردەوەو باوێشکێکم داو تۆزێ خۆم کێشایەوە. براکەیشم باوێشکێکی سووکی داو بە من پێکەنی.

وازمان لە گەڕان لە زبڵوزاڵەکەدا هێناو چیلکەکانمان فڕێدایە ناو گژوگیا پڕەکانی هاوین. دەستمان کردە ملی یەکتری و بەرەو ئاواییەکە بەڕێکەوتین. چووبووینە قووڵایی کوورەکەوە تا ئێسك یا پارچەیەکی بە سوودمان دەستبکەوێت و لەبری مەدالیا بە سنگمانەوە هەڵیبواسین،



بەڵام وەك بڵێی منداڵانی تر شتێکیان بۆ ئێمە جێنەهێشتبوو. چارەیەکم نەبوو جگە لەوەی یەکێك لە منداڵانی خوێندنگەی سەرەتایی بەگیربهێنم و بە سێ چوار زلەو مشت و لەقە، ناچاری بکەم شتێك کە لەوێ دۆزیبوویەوە، بیدات بە من. دوو رۆژ پێشتر کە لە نێوان قاچی گەورەکانەوە بە دزییەوە سەیرم دەکرد، ژنێکی مردووی خەڵکی گوندەکەم بینیبوو کە دەیان سووتاند. لە ناو بڵێسەی ئاگرەکەدا بە خەموخەفەتێکی نامۆوە راکشابوو و ورگە ئاوساو و رووتەکەی رووەو ئاسمان گرتبوو. ترس هەڵیگرتبووم. چنگم لە قۆڵی باریکی براکەم گرت و هەنگاوەکانم توندتر کرد. دیسان بۆنی توند و هێڵنج ئاوەر لە لووتمدا خولایەوە، بۆنێکی وەك بۆنی زیندەوەری فلیقاوە کە جیق و فلیقیان دەکەوتە سەر قامکی مرۆڤ و حاڵیان تێکدەدا.

خەڵکی گوندەکەمان ناچار بووبوون بەهۆی بارانی بێوچانەوە، ئەو هاوینەو دوای ئەویش مردووەکانیان لە هەوای ئازاددا بسووتێنن. وەك بڵێی بنمیچی ئاسمان کون بووبوو و باران لێکدا لێکدا بە دوای خۆیدا لافاوی هەڵدەستاند. لافاو، پردی هەڵواسراوی نێوان گوندەکەی ئێمەو شاری تێکوپێك دابوو. خوێندنگەی سەرەتایی داخرابوو و پۆستیش کاری نەدەکرد. گەورەکانی دێکە بۆ هەر کارێك کە لە شار هەیانبوو لە رێگەی مالرۆی مەترسیداری دامێنی تەپۆڵکەکەوە دەڕۆیشتن. بەم پێیە بردنی کۆتەڵی مردووەکان بۆ کوورەی مردو سووتاندنەکەی شار، ببووە شتێکی مەحاڵ. بۆ ئاواییەکەی ئێمە کە لەو ناوچە بۆشاییە چکۆلەیە دابوو هێندە پێشکەوتوو نەبوو، بڕینی پەیوەندی تەواو لەگەڵ شار بەڵایەك نەبوو تەحەمول نەکرێ. شارییەکان وەك جانەوەری بۆگەن رەفتاریان لەگەڵ دەکردین. هەموو پێداویستییەکانی ئێمە لە چەند خانوویەکی

سەر دامێنەیەکی زاڵ بەسەر دۆڵەکەدا دابین دەبوو. سەرەتای هاوین بوو و ئێمەی منالانی گوند لە خۆشحاڵی تەواوبوونی مەکتەب، لە پێستی خۆماندا جێمان نەدەبۆوە.

لە سەرەتای جادەی بەردڕێژی تەنیشت ئاواییەکە، (لێوکەل) سەگێکی کردبووە باوەش. دەستم لە شانی براکەم گیرکردبوو. لە سێبەری دار قەیسییەکانی تەنیشت جادەکەوە سەرەتاتکێم کرد تا بە دزە نیگایەك سەیری سەگەکەی باوەشی لێوکەل بکەم. لێوکەل ئەوەندە سەگەکەی جووڵاند پرخەی لێ بەرزکردەوە.

(سەیری ئێرە بکە.) دەستێك کە بەرەو من راکێشرابوو پڕبوو لە ددانی شکاو و خوێن و تووکی سەگ. لەسەر سنگ و پێش ملی کورت و ئەستووری ئەو، جێگە ددانی وەك خونچەی ئاوساو دەهاتە بەرچاو. سارد و تاڵ وتی: (سەیرکە!) کەوتمە کۆکەو بە ئازارەوە وتم: (ناکەس، بەڵێنەکەی خۆت شکاند! مەگەر قەرار نەبوو پێکەوە بچین بۆ سەگ گرتن، بەڵام تۆ بە تەنیا رۆیشتی، وانییە؟)

بە سەری پەنجەکانم توولە سەگەکەم ختووکەداو وتم: (باش قەپاڵی لە سەرو ملت گرتووە!) قەپۆزی پان بوو و چاوەکانی تووڕەیی چاوی گورگی دەخستەوە بیری مرۆڤ. (چوویتە کونەکەیانەوە؟)

بە دەنگێك کە لە غروورودا دەلەرزی وتی: (سەرەتا ملم بە قایشێك بەست تا قوڕقوڕاگەم نەجوون.)

لە بولێڵی گوڵڕەنگی دەم خۆرئاوادا، لێوکەلم دەبینی کە لە تەنیشت تەپۆڵکەو جادە بەردڕێژەکەوە قوڕگی خۆی بە قایش بەستبوو، بەڵام سەگی کێوی دەست و دەموچاویان زامار کردبوو. بە هەزار زەحمەت توولەی لە کونی پڕ دڕك و زبڵوزاڵدا دەرهێنابوو.



بە متمانە بەخۆوە وتی: (تا بینەقاقای پیاو نەگرن، بەهیچ جۆرێك نابێت. سەرباری ئەمەیش، من ئارامم گرت تا توولەکان تەنها وەمێنن و دواتر چوومە سۆراغیان.)

براکەم سەیرێکی سەرەوەی کرد و وتی: (بەساقە!) لێوکەل وازی نەهێنا: (بە من راهاتووە. ئیتر دوای ئەو سەگە کێویانە ناکەوێ.)

من و براکەم دەنگمان لێوە نەهات. سەگەکەی لەسەر زەوییەکە داناو دەستی لێبەردا. وتی: (سەیرکەن!) بەڵام لەبری سەیرکردنی سەگەکە، چاومان بڕییە ئاسمان کە باڵی بەسەر دۆڵەکەدا کێشابوو. فڕۆکەیەکی زۆر گەورە بە خێراییەکی زۆر لە بان سەرمانەوە تێپەڕی. چەند ساتێك لە دەنگی هاڕەو کوتانی بروسکەئاسای فڕۆکەکە مات بووین. وەك مێرووی باڵدار کە کەوتبێتنە مەنجەڵی رۆنەوە، خۆمان ونکردبوو.

لێوکەل هاواری کرد: (فڕۆکەی دوژمن! دوژمن هێرشی کردووە!) چاومان بڕییە ئاسمان و هەرچی هێزێکمان هەبوو لە ئەوکماندا گردمان کردەوە: (فڕۆکەی دوژمن...) دەنگمان گیرا.

لە ئاسمان شتێك جگە لە هەوری سووری دەم خۆرئاوا بەرچاو نەدەکەوت. سەگەکەی لێوکەل، پەت پچڕاو لەسەر بەردڕێژی جادەکە رایدەکرد. تا ئێمە جووڵاین، خۆی ترنجاندە ناو دەوەنەکانەوەو ونبوو و لێوکەلْ حەیران و قامك لە دەم لە شوێنی خۆی چەقی. لێوکەل کە ئامادەبوو تا ئەو سەری دنیا بە دوایدا رابکات، وشك بووبوو. من و براکەم تریقاینەوەو لێوکەلیش سەرباری ئازارەکەی نەیتوانی بەر لە پێکەنینەکەی بگرێت.

بە حاڵی خۆیەوە جێمان هێشت و بەرەو کۆگایەك کە مینا ئاژەڵێکی گەورە لە بولێڵی دەم خۆرئاوادا بەرچاو دەکەوت، بە قونە قون رامان کرد.

بابە لە تاریکییەکەدا خەریکبوو چێشتی بۆ لێدەناین. گۆشەی تاریکی ژوورەکە راخەری لێنەبوو.

براکەم بەر لە گەیشتن هاواری کرد: (ئێمە فڕۆکەیەکمان بینی. فڕۆکەیەکی زلەی دوژمن!) بابە بێئەوەی ئاوڕبداتەوە بە بێحەوسەڵەییەوە بۆڵاندی. تفەنگە قورس و ناقۆڵاکەی بابەم لە دیوارەکە کردەوەو کردمە سەر شانم و قۆڵ لە قۆڵی براکەمدا لە قاڵدرمەی تاریکەوە سەرکەوتین.

وتم: (حەیف بوو توولە سەگەکە رایکرد.)

براکەم وتی: (فڕۆکەکەیش حەیف بوو.)

ئێمە لە ژوورێکی چکۆلەی سەر کۆگایەکی گشتی گوندەکە دەژیاین. ئەو کاتانە لە ژوورەکەی ئێمەدا کرمی ئاوریشمیان پەروەردە دەکرد. بۆ رەزای خودایش یەك پارچە کەلوپەلی ناوماڵمان نەبوو. تفەنگەکەی بابە بە قۆناغی زەیتکراوەوە، بریقەیەکی ماتی هەبوو و زۆر قورس بوو و شان و پێلی مرۆڤی بەردەدایەوە. تفەنگەکە بایەخێکی تایبەتی دەدایە ماڵە دزێوەکەی ئێمە. تفەنگ، پێستی وشکەوەبووی سمۆرەی ئاوی لەسەر تەختەی دەباغی و تەڵەی جۆراوجۆر، هەموو داراییەکەی ئێمە بوو. بابە بە راوی کەروێشك و باڵندەو لە زستانە پڕ بەفرەکانیشدا بە کوشتنی ورچ و سمۆرەی ئاوی و دەباغی و فرۆشتنی پێستە لە شاردا، ژیانی دەبردین بەڕێوە.

من و براکەم بە قوماشی چەور بریقەمان لە تفەنگەکە هەڵدەستاند و لە دەلاقەی لای دەرگاکەوە، سەیری ئاسمانمان دەکرد، بەڵکو دیسانەوە هاڕەی فڕۆکەیەك بگاتە گوێ. بەڵام تێپەڕینی فڕۆکە بە ئاسمانی ئاواییەکەی ئێمەدا زۆر نامۆ دەهاتە بەرچاو. تفەنگەکەمان خستە سەر رەفە دارینەکەو خۆمان هەڵدایە سەر قەرەوێڵەو لە تەنیشت یەکەوە



راکشاین. برسێتی چنگی لە ورگمان گیر دەکرد. چاوەڕێ ماین تا بابە مەنجەڵی کفتە برنجی و سەوزەکە بهێنێ.

لە شار، لە پشت ئەو تەپۆڵکە گەورە و بچووکانەوە، شەڕێك کە زۆر درێژەی کێشابوو، ژیانی لە هەمووان تاڵ دەکرد و ببووە داستانێك کە ئێستا ئیتر رۆحی سڕبوون و سستی بەسەر هەموو شتێکدا پان دەکردەوە. بۆ ئێمە شەڕ جگە لە رۆیشتنی لاوانی گوند و جاروباریش هەواڵی مەرگی یەکێك لەوان کە پۆستەچی دەیهێنا، مانایەکی تری نەبوو. تەنانەت باڵەفڕەکانی دوژمنیش کە ئەم دواییانە سەروپۆتەلاکیان لە ئاسمانی دێکەمانەوە دەردەکەوت، تەنها وەك باڵندەی دەگمەن وابوون.

سپێدەی بەیانی، لە دەنگی هاڕەیەکی قورس و وردبوونی شتێك راچەنین، بابەمان بینی کە لە ناوەڕاستی تەختەخەوەکەوە هەستاو پشتی چەماندەوە. چاوەکانی وەك زیندەوەرێکی شەوڕاو کە ئامادەی خۆهەڵدانە سەر نێچیرەکەی بێت، بریسکەی دەهاتەوە. بەڵام لە جێ دەرنەچوو و لەبری هەر جووڵەیەك لەسەر تەختەخەوەکە هەڵاژاو چووە خەوێکی قووڵەوە.

ماوەیەك لە چاوەڕوانیدا گوێم قوڵاغ کرد، بەڵام ئیتر دەنگی هاڕەو تەقینەوە نەهات. ئارام و پڕ حەوسەڵە لە هەوای تەماوی پڕ لە بۆنی کەڕو و زیندەوەری کێوی ورد و درشت، چاوەڕوانیمان دەکێشا، تریفەیەکی رەنگ پەڕیو لە رووناکی بنمیچی بەرزی کۆگاکە دەخزی. دوای ماوەیەکی درێژ براکەم تەوێڵی گەرم و شەلاڵ لە ئارەقی بە شانمەوە لکاند و بێدەنگ کەوتە گریان. بێگومان ئەویش چاوەڕێی رمانی زەوی بوو و حەوسەڵەی دڵەڕاوکێی ئەوی نەبوو. ملە باریك و لاوازەکەی لە لاسکی ناسکی گیایەکی تازە دەچوو. بە لەپی دەست پشتە ملیم گرت و بە نەرمی شێلام تا هێزی بێتەوە دڵ و بنوێ. هێدی هێدی خۆیشم نووستم.

کاتێك خەبەرم بۆوە، ڕووناکی لێوڕێژی بەیانی لە هەر درزو کەلەبەرێکەوە دەڕژایە ژوورێ. هەوا دەمی کێشابوو. بابەم نەبینی. تفەنگەکەیش لە جێگەی خۆی نەبوو. براکەم ڕاوەشاند و بێ کراس، دوو قۆڵی تا ناوەڕاستی جادەی پێش کۆگاکە ڕامان کرد. تیشکی توندی سپێدان لەسەر بەرد و خڕکەبەردی سەر جادەکە منداڵەکانی سەرگەرم دەکرد. منداڵەکان سەگەکانیان لەبەر هەتاوەکە دەگەوزاند تا لە قڕنۆ و کێچەکانیان پاك ببنەوە. سەریان لە دوی یەك دەناو قاووقیژیان دەست پێدەکرد. هەواڵێك لە گەورەکان نەبوو. من و براکەم بەرەو دوکانی ئاسنگەرەکە ڕامان کرد، بەڵام کوورەی ئاسنگەرەکە بڵێسەیەکی نەبوو و پزیسکی ئاگرەکەی فڕێنەدەدایە ناو دوکانەکەوە. دەنگی لێدانی هەمبانەی ئاسنگەرەکەیش نەدەهات. هەواڵێك لە خودی ئاسنگەرەکەیش نەبوو کە تا کەمەر دەچووە چاڵەکەوەو بە دەست و بازووی ڕەش و سووتاوەوە ئاسنی سوورەوەبووی دەهێنایە دەرێ. بیرمان نەدەهاتەوە کە تا ئەو ڕۆژە، بەیانیان ئاسنگەرەکانمان لە پێش دوکانەکانیان نەبینی بێت. بێدەنگ و ئارام، شان بە شانی یەك لەسەر جادەی بەردڕێژ کەوتینەڕێ. لە سەراپای گوندەکەدا تەنانەت یەك مرۆڤی گەورەیش نەمابۆوە. بێگومان ژنەکانیش وەك هەمیشە، خەمبار و عەبووس لە کونجێکی ماڵەکانیاندا سەریان بە چێشتلێنان و جل دروونەوە گەرم بوو. تەنها منداڵەکان لەبەر هەتاوی توندی بەیانیدا دەسووڕانەوە. پەشۆکام.

لێوکەل کە لە پێش پلەکانی کانییەکەی گوند هەڵاژابوو، بە بینینی ئێمە ڕاچڵەکی و دەستی ڕاوەشاند و هاتە کنمان. بە بێبارییەوە پفێکی ڕووەو هەوا کرد. دوو گۆشەی زاری کەفی کردبوو و لینج دەهاتە بەرچاو.

دای بە شانمدا و هاواری کرد: (هەواڵت هەیە! هەواڵت هەیە!)



لێوم گردکردەوەو وتم: (هوم...)

وتی: (فڕۆکەکەی دوێکە، ئەم شەوی ڕابردوو لە کاتی فڕیندا لەسەر تەپۆڵکەکان کەوتۆتە خوارەوە. ئێستا خەڵکی ڕۆییون بە دوای فڕۆکەوانەکانی دوژمندا بگەڕێن. هەموو بە تفەنگەوە چوون ڕاویان بکەن!)

براکەم خێرا وتی: (بە گوللە دەیان پێکن؟ سەربازەکانی دوژمن بە گوللە دەپێکن؟)

کوڕە هەوایەکی کردە غەبغەبەیەوەو وتی: (بەو کەمە فیشەکەی هەیانە، پێموانییە. باشترە بە زیندویی بیان گرن.)

وتم: (نازانم فڕۆکەکە چی بەسەرهاتووە...)

لێوکەل وتی: (کەوتۆتە دارستانی کاجەکەوەو تەقیوەتەوە. پۆستەچی وایدەوت. خۆ دەزانی دارستانی سنۆبەرەکە لە کوێیە؟ ها؟)

دەمزانی. هەر ئێستایش گوڵە سنۆبەرەکان نیشتبوونە سەر شکۆفە. کە هاوین تەواو دەبێت دەگۆڕێت بۆ شێوەیەکی هێلکە مریشکی تا ئێمە بچین و لێیان بکەینەوەو دەمی خۆرئاوا لە کۆگاکەدا لە بری تەقەمەنی بیتەقێنین.

لێوکەل پێکەنی و شەویلگەی کرایەوەو پووکە پەمەییە بریسکاوەکەی دەرخست، شارەزای؟ وانییە؟

لێوەکانم لێکگیرکرد و وتم: (هەڵبەتە دەیزانم.)

لێوکەل لە چاوم ڕاماو بە تێزە پێکەنینێك کە چرچی دەخستە پێستی دەوری چاوەکانییەوە، وتی: (دەتەوێ بچی؟)

وتم: (ئەگەر تۆ بتەوێ بچی، منیش دێم. دەچم فانیلە عەلاگەکەم بهێنم. بەرلەوەی بکەوییەڕێ گەیشتوومەتە ئەوێ.)

سیمای لێوکەل چووە یەک، بەڵام دیاربوو لە خۆشیدا لە کەوڵی خۆیدا جێینەدەبۆوە. بە دەنگێك کە هەوڵی دەدا تامەزرۆییەکەی بشارێتەوە، وتی: (نا! نا! مناڵەکان ئەو مافەیان نییە بە تەنها بچنە سەر تەپۆڵکەکان. کتوپڕ دەبینی لە بری سەربازەکانی دوژمن بە گوللەیەك لە پێیان خستووین.)

سەرم دانەواند و چاوم بڕییە پەنجەکەڵەی کورت و خەپانی قاچم کە لەبەر هەتاوی سووتێنەردا لەسەر بەردەکان دەسووتا. نائومێدی بە گیانمدا گەڕاو وەك شیرێك کە لە ڕەگی دارەوە سەردەکەوێت، منی لە خۆوە گرت. دەموچاوم گەرم بوو و پێستم وەك دڵ و جگەری تازەی جووچکی سەربڕاو گڕی گرت.

براکەم وتی: (نازانم سەربازەکانی دوژمن شێوەیان چۆنە.)

لێوکەڵمان بە حاڵی خۆیەوە جێهێشت. لەسەر جادەکە دەستم کردە ملی براکەم و پێکەوە ڕۆیشتین. منیش نەمدەزانی سەربازەکانی دوژمن شێوەیان چۆنە و لە بێشە یا لە دەشتدا خەریکی چین. کتوپڕ هات بە خەیاڵمدا سەربازەکان هەموو دەشت و دارستانەکەیان پڕکردووە. سەربازەکان هەناسەیان لە سینەیاندا زیندانی کردووەو لە پەنا بەردەکاندا هەڵتڕووشکاون. ئەشێ هەر ساتێك دەنگی ئارامی هەناسەکان بگۆڕێت بۆ هاوار. پێست نیشتۆتە سەر ئارەقەو بۆگەنی لەشیان لە هەوای دۆڵەکەدا، قورس و لینج بوو.

تف لە گەرووماندا وشك بووبوو و هەتاو دەیدا لە سەرمان و برسێتی سکمانی خستبووە قۆڕەقۆڕ. بەهەرحاڵ، بابە تا شەو نەدەهاتەوەو ئێمە دەبوو خۆمان خواردنێکمان دەستخستایە. چووینە سەر چاڵاوەکەو بە دۆلکەی شکاو لە پشت کۆگاکەوە ئاومان خواردەوە. دەستمان لە دیواری



سارد شەتەکدا کە وەك کەلوو هەڵتۆقابوو. ئاوەکەمان کردە مەنجەڵێکی فافۆنەوەو ئاگرێکمان کردەوە. لە ژێر کەندووی کۆگاکەدا، چەند پەتاتەیەکمان دەرکێشا. شتمانەوە. لە بەرد دەچوون.

خواردنێکی سادە کە بە تۆزێك زەحمەت سازمان کرد، چووە ورگمانەوە. براکەم لە کاتێکدا کە بە هەڵپە و چڵێسییەوە وەك جانەوەرێکی شاد قەپاڵی لە پەتاتەکە دەگرت، چووە فکرانەوە. سەری هەڵبڕی و وتی: (نازانم فڕۆکەوانەکە بەسەر دار سنۆبەرەکەوە چی دەکات. دەزانی، سمۆرەیەکم بەسەر لقێکەوە بینی.)

وتم: (هوم... سنۆبەرەکان گوڵیان کردووەو باشترین شوێنێکن بۆ خۆشاردنەوە.)

بزەیەکی هاتێ و وتی: (سمۆرەکەیش بە بینینی من فرتەی کرد و خۆی شاردەوە.)

لەم کاتەدا، چڕبوومەوە. فڕۆکەوانی بیانیی لە پەنا لقی بەرزی دار سنۆبەرەوە خۆی شاردۆتەوەو لە پشت گوڵی کراوەوە هەڵتڕووشکابوو و بابەو ئەوانیتریش کە لە خوار دۆڵەکەوە بوون، سەیریان دەکرد. گوڵە سنۆبەرەکان بە جلی ئەستووری فڕۆکەوانەکانەوە لکابوو و وادەهاتە بەرچاو وەك سمۆرەگەلێکیان لێهاتوو کە خۆیان بۆ خەوی زستانە قەڵەو و خرپن کردووە.

براکەم بە دڵنیاییەوە وتی: (تەنانەت گەر لە ناو دارەکانیشدا خۆیان بشارنەوە سەگەکان دەوەڕن و بە گیریان دەهێنن.)

ئارامم گرت تا هەوری دایساو و سوور لە ئاسمان هەڵبێن و خۆرئاوای بە شکۆ باڵ بەسەر دۆڵەکەدا بکێشێ. هێشتا هەواڵێك لە گەورەکان نەبوو. کەم کەم نیگەران بووم. هەتاو ڕۆیی و شنەیەکی سارد کە پێستی

تازە هەتاو بردووی دەلاواندەوە، لە دۆڵەکەدا خۆی کێشایەوە. یەکەمین سێبەرەکانی شەو لە گۆشەو کەناردا پان دەبۆوە. دواجار هەراوهۆریای سەگ و تەپەتەپی پێی گەورەکان گەیشتە گوێ. ئاواییەکە لە تاوویاوی هاندانی چاوەڕوانی لە سنووری شێتی نزیك بووبۆوە. پێ بەپێی مناڵانی تر رامانکرد و چووینە پێشوازییان. چاوم بە پیاوێکی رەشی زلە کەوت کە کەوتبووە ناوەڕاستی گەورەکانی ئاواییەوە. ترسێکی کتوپڕ کەوتە گیانمەوەو سەرم گێژی خوارد.

گەورەکان دەوری شکارەکەی خۆیان دابوو. وەك ئەو کاتانەی کە زستانان دەچوونە راوە ورچ، شێوەیان تێکچووبوو و قاچیان بە دوای خۆیاندا رادەکێشاو سەریان دانەواندبوو و بەرەو ئێمە دەهاتن. راوەکە، جلی فڕۆکەوانی ئاوریشمی خۆڵەمێشی و چەکمەی درێژی بۆیاخکراوی لە پێدا نەبوو. لەبری ئەوە چاکەت و پانتۆڵی سەوزی تۆخ و پێڵاوی ناشیرینی لە پێدابوو. شەلەشەل قاچێکی بە دوای خۆیدا رادەکێشا. رووخسارە رەش و بریقاوەکەی وەرگێڕا بۆ دوایین رەنگی ئاسمانی ئێوارە. زنجیری تەڵەی ورچیان لە دەوری قولە پێی بەستبوو و لەگەڵ هەر هەنگاوێك کە هەڵیدەگرت، دەنگی بەریەککەوتنی زنجیرەکە هەڵدەستا. ئێمەی مناڵانیش بێدەنگ و ئارام گروپێکمان دروست کرد و دوای گەورەکان کەوتین کە دەوری راوەکەی خۆیان دابوو. رێوڕەسمەکە هێدی هێدی تا حەوشەی خوێندنگەی ئاوایی بەردەوام بوو. پاشان، لە جموجۆڵ کەوت. خۆم کشاندە پێشەوەی ریزی مناڵەکان، بەڵام پیرە کوێخای ئاوایی بە هەموو هێزی خۆی قیژاندی بەسەرماندا و ئێمەی لە بەزمەکە دوورخستەوە. ئێمە تا پشت قەدی دار قەیسییەکانی گۆشەی حەوشەکە کشاینەوەو لەوێوە چاومان بڕییە دانیشتنی ئەنجومەنی گوندەکە لە تاریکییەکەدا. ژنان لە



پێش دەرکەی ماڵەکان، رووەو حەوشەکە دەست لەسەر سنگ وەستابوون. پیاوەکانیان بە راوی خۆیانەوە لە سەفەرێکی پڕ مەترسی هاتبوونەوە و ئەوان بێ ئارامانە گوێیان هەڵخستبوو تا شتێکیان لە دەنگی ئارامی پیاوەکان دەست بکەوێ. لێوکەل، سیخورمەیەکی مەحکەمی تێوەژەندم و لە مناڵەکانی تری جیاکردمەوەو بردمییە تاریکاییەکەی پشت دار کافوورەکەوە. بە دەنگێك کە لە هەیەجاندا دەلەرزی، وتی: (کوڕە، ئەم قولەڕەشەیە. هەر لە سەرەتاوە تێگەیشتم. قولەڕەشەیەکی تەواو و رێکوپێك.)

وتم: (مەعلوم نییە چی لێدەکەن. رەنگە گوللە بارانی بکەن.)

لێوکەل بە دەنگێکی وەك نەڕەو حەپەساو وتی: (بیکوژن؟ واتا قولەڕەشەیەکی زیندو بەڕاستی گوللە بارانی دەکەن؟)

لە خۆوە وتم: (باشە، دوژمنە ئیتر.)

یەخەی گرتم. لە کەلەکەی لێوییەوە تف دەپژا. تەواوی دەموچاومی بە تف سواخدا. دەنگی لە ئەوکی گیراو وتی: (دوژمن؟ رەش و دوژمن؟ ئەو دوژمنە! بەڕاستی دوژمنە!)

دەنگی براکەم لە ناوەڕاستی مناڵەکانەوە دەگەیشتە گوێ: (هێی هێی! سەیری ئەمە بکەن!) من و لێوکەل ئاوڕمان دایەوەو سەیری فڕۆکەوانە رەش پێستەکەمان کرد. رەشە بە شانی داچەکاوەوە، پشتی کردبووە گەورەکان و لە کونجێکدا میزی دەکرد. گەورەکان سەریان لەو کارەی سووڕما. جەستەی رەشی وردەوردە لە تاریکیدا وندەبوو و تەنها جلی سەوزی فڕینەکەی کە لە جلی کرێکاران دەچوو، نیشانەیەك بوو لە بوونی ئەو. سەری دانەواندو بە مەودایەکی درێژ میزی دەکرد، مناڵەکان

له سه‌راسیمه‌ییدا ده‌میان داچه‌قی. ئه‌و به دوو ته‌كان كه دای به به‌شی خواره‌وه‌ی جه‌سته‌ی، كاره‌كه‌ی ته‌واو كرد. خه‌ڵاس.

گه‌وره‌كانی ئاوایی دووباره ده‌وریان گرت و ئارام ئارام درێژه‌یان دا به رێگه‌كه‌یان. ئێمه‌ی مناڵانیش بێده‌نگ و دووراودوور، دوایان كه‌وتین. ئاپۆراكه، له پێش كۆگاكه وه‌ستا. ده‌رگای تاریكی سه‌ردابه‌كه، كه وه‌ك لانه‌ی گیانه‌وه‌ران، نووته‌ك بوو، باوێشكێكی داو كرایه‌وه. زستانان شابه‌ڕوومان گردده‌كرده‌وه‌و دوای كوشتنی كرمه‌كانی به دی سۆلفید كاربۆن ده‌مانخستنه ئه‌و سه‌ردابه‌وه. پیاوه‌كان وه‌ك بڵێی ده‌یانویست رێوره‌سمێكی پیرۆز جێبه‌جێ بكه‌ن، ره‌شه‌یان ده‌وره‌پێكرده‌وه‌و له ده‌رگای كۆگاكه‌وه چوونه خوارێ. ده‌ستی سپیی پیاوه‌كان هه‌ڵكشاو ده‌رگای قورسی كۆگاكه‌ی له ناوه‌وه داخست. گوێمان هه‌ڵخست. تیشكێكی زه‌رد له ده‌ریچه‌ی كلاوڕۆژنه‌ی سه‌ردابه‌كه‌وه ده‌هاته ده‌رێ. بێئه‌وه‌ی ئازایه‌تیمان هه‌بێت له كلاوڕۆژنه‌كه‌وه سه‌یری ناوه‌وه‌ی سه‌ردابه‌كه بكه‌ین، چاومان بڕییه تیشكی له‌رزان. چاوه‌ڕوانی و گومان له پێی خستین. ده‌نگی گولله‌یه‌ك نه‌هات. له بری ئه‌وه، رووخساری كوێخا له ده‌رگای نیوه كراوه‌ی سه‌ردابه‌وه ده‌ركه‌وت. كوێخا قیژاندی به سه‌رماندا و ناچاربووین ئیتر ته‌نانه‌ت له دووریشه‌وه سه‌یری ده‌ریچه‌ی كلاوڕۆژنه‌ی سه‌ردابه‌كه نه‌كه‌ین. كه‌س قسه‌ی نه‌كرد و هه‌موو له‌سه‌ر به‌ردڕێژی جاده‌كه هه‌ڵیان تیزاند. سنگیان لێوان لێو بوو له كابووسی خراپ، كه ئه‌گه‌ری هه‌بوو، شه‌وان خه‌ویان لێ حه‌رام بكات و ترس كه له ده‌نگی هه‌نگاوه‌كانیاندا زایه‌ڵه‌ی هه‌بوو، سه‌ری له دوو نابوون.

من و براكه‌م، لێوكه‌ڵمان له پشت سێبه‌ری تاریكی دار قه‌یسییه‌كانه‌وه جێهێشت. حه‌زمان ده‌كرد جووڵه‌ی گه‌وره‌كان و كارێك كه به شكاره‌كه‌یان



ده‌كرد، ببینین، ده‌ورێكمان دایه‌وه‌و هاتینه پێش ده‌ركه‌ی كۆگاكه. لاوانه‌ی هه‌میشه ته‌ڕی پلیكانه‌كانمان گرت و سه‌ركه‌وتین.

وادیاربوو قه‌راربوو ئێمه‌و شكاره‌كه له ماڵێكدا بژین. هه‌رچی گوێمان قولاغ كرد تا ده‌نگێك، هاوارێك یا ناڵه‌یه‌ك بژنه‌وین، هه‌واڵێك نه‌بوو. دانیشتن له نوێنی خه‌ودا، له ته‌لارێكی سه‌ردابدا كه فرۆكه‌وانێكی ره‌شیان تێدا زیندانی كردبوو، رووداوێكی سه‌یر و له یاددا ماوه‌وه ته‌نانه‌ت باوه‌ڕنه‌كرده‌یش بوو. چه‌ناگه‌م له هه‌یه‌جان و ترس و له‌زه‌تدا ده‌له‌رزی و براكه‌م كه به‌تانییه‌كه‌ی تا سه‌ری هه‌ڵكێشابوو، له نوێنه‌كه‌دا هه‌ڵده‌له‌رزی، له‌رزێكی وه‌ك نه‌خۆشی و سه‌رما لێدراو. چاوه‌ڕێی بابه بووین تا بگه‌ڕێته‌وه. له به‌ختێك كه كتوپڕ رووی تێكردبووین، شادومان بووین و بزه‌مان ده‌هاتێ.

په‌تاته‌ی سارده‌وه‌بووی به‌رماوه‌ی به‌یانیمان خوارد تا برسێتی بێڕه‌وشت به‌جۆرێك ئارام بكه‌ینه‌وه. به جووڵه‌ی ده‌ست و قۆڵ و شه‌ویلگه‌و سنگی هه‌وكردوو، چاوه‌ڕێ ماینه‌وه. هاوكات بابه له پلیكانه‌كان سه‌ركه‌وت. زاره‌تره‌ك چاومان تێبڕی. تفه‌نگه‌كه‌ی له‌سه‌ر ره‌فه‌كه دانا. بێده‌نگ له‌سه‌ر به‌تانی ناو ژووره‌كه دانیشت و به دزه‌نیگایه‌ك سه‌یرێكی قاپه په‌تاته‌كانی كرد. بیرمكرده‌وه بێگومان ماندو و كفته. ئێمه مناڵ بووین و هیچمان له ده‌ست نه‌ده‌هات.

بابه پرسی: (بنكری برنجه‌كه‌یشتان كراند؟) چاوی تێبڕیم و چه‌ناگه‌ی شۆڕی هێنایه پێشێ. پێستی داپۆشراو به ریشی غه‌بغه‌به‌ی له گوێنی ده‌چوو.

به ئارامی وتم: (هووم.)

لێوی گردکردەوەو بە بۆڵەبۆڵ وتی: (لە گەنمەکەیش هیچ نەماوەتەوە؟)

منیش کەم حەوسەڵەبووم و وتم: (نا، تەنانەت یەك دەنکیش!)

براکەم بە مینگەمینگ پرسی: (فڕۆکەکە چیلێهات؟)

(گڕی گرت. هێندەی نەمابوو هەموو دارستانەکە ئاگر تێبەردات.)

براکەم ئاخێکی هەڵکێشاو وتی: (هەمووی سووتا؟ هیچی لێنەمایەوە؟)

(تەنها فرمانەکەی ماوەتەوە.)

براکەم شاگەشکە وتی: (تەنها فرمانەکەی...!)

پرسیم: (ئەوانەی تری ناو فڕۆکەکە چییان لێهات؟ نەکا تەنها ئەم یەك کەسەی تێدا بووبێت.)

(دوو یاریدەدەر کوژران. ئەم یەکەیش بە پەڕەشووت هاتۆتە خوار.)

براکەم بە دەنگێکی زووڵاڵ و هەیەجان گرتوو وتی: (بە پەڕەشووت!)

پێم بە جەرگمدا ناو وتم: (دەتانەوێ چی لێبکەن؟)

(دەبێت تا ساغکردنەوەی راسپێرییەکەی لە شار، ورگی تێر بکەین.)

سەراسیمە پرسیم: (قەڵەوی بکەین؟ مەگەر ئاژەڵە؟)

بابە بە دەنگێکی نووساو وتی: (هیچی لە ئاژەڵ کەمتر نییە. بۆنی گای لێدێت.)

براکەم سەیری بابەی کرد و وتی: (زۆر حەزدەکەم بیبینم.)

بابە، وەڕز و مات لە پلیکانەکان چووە خوارێ. لە خۆشیدا لە پێستی خۆماندا جێمان نەدەبۆوە. ئێمە سەربازێکی رەش پێستمان رادەگرت! دەمتوانی کراسەکەم داکەنم و باییدەم و هەی لێبکەم. سەربازێکی رەش پێست وەك ئاژەڵ...!



بەیانی رۆژی دواتر، بابە رایوەشاندم و بێداری کردمەوە. قسەی نەکرد. دەمەدەمی کازیوە بوو. پێکهاتەیەك لە تیشکی کازیوەو تەمێکی چڕ لە درزی دەرگا تەختەییەکەی کۆگاکەوە هاتبووە ژوورێ. شلەژاو و پەشۆکاو بەرچایی بێتام و ساردم هەڵلوشی. بابە تفەنگەکەی کرد بە شاندا و نانەبەرەکەی لە کەمەری بەست. چاوەکانی لە بێخەویدا رەنگی کاگڵی بە خۆوە گرتبوو. بە هەمان چاوانی پڕ خوێن، سەیری نان خواردنی منی دەکرد. کتوپڕ هەستم کرد بەستەی پێستە دەڵەکەی خستۆتە ناو گوێنییەکەی پشت قاچییەوە. ترس هەڵیگرتم. کەواتە بابە مەبەستییەتی بچێتە شار. بەڕواڵەت بڕیاریدابوو بچێتە شار و دام و دەزگاکانی حکومەت لە بوونی قوڵەڕەشەکە ئاگار بکاتەوە.

بەگشتی پرسیارێك دەهات بە مێشکمدا و نەیدەهێشت رێکوپێك نانەکەم بخۆم. بەڵام شێوەی ماتی ئەو بەو چەناگە شۆڕەو ریشە زبر و ناحەزەی تێیدەخوڕیم کە بابە دڵ و دەماغێکی تەواوی نییەو لە توندی بێخەویدا بەسەر پێوە ناوەستێ و دوێشەو دوای نان خواردن شانەی تفەنگەکەی پڕکردبوو لە فیشەك و تا بەیانی ئێشکی گرتووە.

براکەم نووستبوو و بەتانییەکی دابوو بە سەریدا بۆن ساردی لێدەهات. دوای بەرکولێ، خەرامان خەرامان بە رێکەوتم تا ئەو خەبەر نەکەمەوە. فانیلە عەلاگەیەکی سەوزی تۆخم لەبەرکرد و پێڵاوە کەتانییەکانم لە پێکرد، کە ئاسایی لە پێم نەدەکرد. گوێنییە پێستەکەم لە شانی باوکم داگرت و دام بە کۆڵمدا و لە پلیکانەکان چوومە خوارێ.

چڕە تەمێك سەرتاسەری جادەکەی داپۆشیبوو و ئاوایی خەواڵوو لە پەردەیەکی ماتدا نووستبوو. کەڵەشێر لە بانگ بووبۆوەو هیچ سەگێك نەدەوەڕی. یەکێك لە گەورەکان لە تەنیشت دار قەیسی پێش کۆگاکە،

پاسەوان بوو و تفەنگێکی بە شانەوە بوو. بابە لەگەڵ پاسەوانەکە قسەی کرد. من تۆقیو سەیرێکی شوێنەکەم کرد. وەك برینی گۆشتەوزوون بوو، رەش بوو. چاوەڕوان بووم دەستەکانی رەش پێست لە کلاورۆژنەی کراوەی سەردابەکەوە بێتە دەرێ و قوڕگم بگرێ. حەزم دەکرد هەرچی زووترە لە گوند بچمە دەرێ. کە لەسەر جادەکە بە رێکەوتین، ئارام و وریا دەڕۆیشتین تا نەبادا لەسەر بەردەکان بخلیسکێین، هەتاو لەودیو توێژاڵی چڕی تەمەوە تێپەڕی و گەرمای دڵگیر رژایە گیانمانەوە.

لە پشت هەیکەلی چوارشانەی بابەوە دەڕۆیشتم. لێم پرسی: (دەتەوێ لە شار هەواڵی قولەڕەشە رابگەیەنی؟)

بابە لەژێر لێوەوە وتی: (ها؟ بەڵێ!)

(بەڵکو لە سەربازگەوە پاسەوانێك رەوانە بکەن.)

بابە، بێ حەوسەڵە وەڵامی دایەوە: (نازانم چی روودەدات. لانیکەم تا کاتێك هەواڵەکە نەگەیشتۆتە فەرماندەیی گشتی، ئاشکرا نییە.)

وتم: (مەگەر خۆمان ناتوانین لە گوند گلی بدەینەوەو ئاگاداری بین. نەکا زۆر مەترسیدار بێت؟)

بابە وەڵامی نەدایەوەو گوێی پێنەدا. ترس و شڵەژان و بێقەرارییەك کە لە دوێشەو و کاتی هێنانی فڕۆکەوانەکەوە کەوتبووە گیانم، دووبارە هەستم کرد کە وەك رەوتێکی نەرم لە جەستەمەوە سەرکەوت. ئێستا لە سەردابەکەدا چی دەکات؟ گەر پێی دەگەیشتە دەرەوەی کۆگاکە، بەزەیی بە گەورەو بچووکدا نەدەهاتەوە. وەك قەسابخانە هەموومانی دەسپاردەی دەمی چەقۆ. لە سەگە راوییەکانی گوندیش تێنەدەپڕی و ئاگری لە ماڵەکانیش بەردەدا. لە ترسا هەڵلەرزیم. بیرکردنەوەیم لە خۆم



دوورخستەوە. پێش بابە کەوتم و بە هەناسەبڕکێ لە سەرەوخوارییەك غلۆربوومەوە.

کاتی خواردنی نانی نیوەڕۆی کارگێڕی گەیشتینە شار. لە بەلوعەی ئاوەکەی پێش بەڕێوەبەرێتی تۆزێك ئاومان خواردەوە، دواتر لەسەر کورسییەکی درێژی تەنیشت پەنجەرەکە، لە بەر تیشکی توندی هەتاو بۆ چاوەڕوانییەکی درێژ دانیشتین. سەرەنجام کارمەندێکی پیر کە نانەکەی خواردبوو، هاتە لای باوکم و بە تۆنێکی ئارام قسەی لەگەڵ کرد. بێ هەراوهۆریا هەستان و چوونە نووسینگەی سەرۆکی شارەوانی. منیش پێستەکانم هەڵگرت و چووم بەرەو مێزێك کە چەند تەرازوویەکی لەسەر بوو. پێستەکانیان ژمارد و بە ناوی باوکمەوە لە دەفتەرێکدا تۆماریان کرد. ژنێکی نزیك بە چاویلکەیەکی زەڕەبینەوە زۆری لە خۆی دەکرد ژمارەکان تۆمار بکات و منیش بە وردی سەیری دەفتەرەکەم دەکرد.

کارەکەم تەواو بوو. هیچ کاری ترم نەبوو. هەرچی ئارامم گرت هەواڵێك لە بابە نەبوو. پێڵاوە کەتانییەکانم خستە بنباڵم و لە ڕاڕەوەکەدا بە شوێن تاقە ئاشنای شارم دا گەڕام. پێستی بنە پێم بە عەردی ڕاڕەوەکەوە دەلکا. ئاشناکەی من پیرەمێردێك بوو کە هەر تاوناتاوێ پەیامێکی کارگێڕی بۆ خەڵکی ئاوایی دەهێنا. قاچێکی دەستکرد بوو. لە ئاواییدا گەورەو بچووك ئەویان بە (میرزا) دەناسی. هەر کاتێك کوتان یا تەندروستی خوێندنگەمان هەبوو، ئەو لەبری یاریدەدەری پزیشك کاری دەکرد.

لە پشت کورسییەکەیەوە هەستاو هاواری کرد: (چۆنی بۆقیلە؟ تۆ لە کوێ! ئێرە لە کوێ؟) زۆری وت، بەڵام من بەسەر خۆم نەهێنا و بەرەو رووی چووم. لەو کاتەوەی منالانی بە (میرزا) بانگیان دەکرد،

نەماندەتوانی گلەییمان لێی هەبێت کە بۆچی بە (بۆقیلە) بانگمان دەکات. لە دۆزینەوەی ئەو خۆشحاڵ بووم.

دەنگی قاچەی دەستکردەکەی لە پشت مێزەکەوە دەهات: (باشە، کەواتە ئێوەن رەش پێستێکتان گرتووە؟)

لەپی دەستم خستە سەر مێزەکەی میرزا و وتم: (هوم.) نانی نیوەڕۆی لەسەر مێزەکە لە کاغەزێکی زەردی رۆژنامەوە پێچرابوو.

وتی: (شاکارت کردووە. وانییە؟)

چاوم بڕییە لێوە نەخۆش ئاساکانی میرزاو بە لووتبەرزییەوە سەرم دانەواند. زۆرم حەز دەکرد باسی رەش پێستەکە بکەم، بەڵام هەرچەند زۆرم لە خۆم کرد نەمتوانی وشەیەکی گونجاو بدۆزمەوە تا وەسفی ئەو رەشە مل ئەستوورە بکەم، کە دەمی خۆرئاوا هێنایانە ئاوایی.

پرسیم: (قولەڕەشە دەکوژن؟)

چەناگەی بەرەو نووسینگەی سەرۆکی شارەوانی راگرت و وتی: (من هەواڵم نییە. ئومێدەوارم هەر ئێستا هەر بڕیارێك دەدەن، بیدەن.)

وتم: (پێموانییە بیهێنن بۆ شار.)

پرسیارە سەرەکییەکەی منی نەبیستراو گرت و وتی: (وەك بلێی پێتناخۆش نییە کە خوێندنگەیان داخستووە. ئەو خانمە مامۆستا تروتۆپ زلە هیچ حاڵی نابێت. تەنها دەزانێ شکایەت بکات. سەرباری ئەمەیش بەو هەموو بۆڵەبۆڵەی دەیکات ئاشکرانییە بۆچی لێناگەڕێ و بڕوات. بەردەوام دەڵێ: منالآنی گوند بۆنیان لێدێت....)

لە چلکێك کە لە پشتە ملم پلێتەی کردبوو، شەپۆلێك شەرم ئالآیە دەموچاومەوە، بەڵام خۆم رێم لێگرت، سەرم راوەشاند و لە خۆوە پێکەنیم. قاچە ئەمانەتەکەی میرزا لە پشت مێزەکەوە هاتبووە دەرێ و بارودۆخێکی



موچڕك هێنی هەبوو. هەر کاتێك دەهاتە گوندەکە، لە بینینی خۆشحاڵ دەبووم کە بە قاچی دەستکرد و گۆچانی بنباڵییەوە لەسەر جادەکە دەشەلی، بەڵام لێرە قاچە ئەمانەتەکەی وەك منالآنی بیانووگری شاری، لە زەوقی دەدام.

باوکم لە ئۆفیسی سەرۆکی شارەوانی هاتە دەرێ و بە دەنگی زل بانگی کردم. میرزا بە لەپی دەست دای لە شانم. منیش بە قۆڵی ئەوم کێشاو بە راکردن لە ژوورەکە چوومە دەرێ. لە دوامەوە هاواری کرد: (بۆقیلە! وریابە زیندانییەکە رانەکات.)

لەبەر هەتاوی توندی شاردا دەگەڕاین. لە بابەم پرسی: (قەرار درا چی لێبکەن؟)

بابە تاڵ و گزندە وتی: (دایك حیزانە، هەموویان دەیانەوێ خۆیان تەواو بکەن.)

وەك بلێی سووچی من بوو. بەم دەمدەمییەی بابە، قڕوقەپم کرد و ئیتر قسەیەکم نەکرد. لە سێبەری هەموو دارە ناشیرین و چەپۆك خواردووەکانی شەقامەکانی شاردا رۆیشتین. تەنانەت دارەکانی شاریش وەك منالەکانی ناحەز بوون و بەسەرماندا دەتڕین.

کاتێك گەیشتینە پردی دەورووبەری شار، بابە لە تەنیشت پایەی یەکێك لە پەیژەکانەوە دانیشت و لە بێدەنگیدا، خوانی نیوەڕۆی راخست. بەهەر زەحمەتێك بوو بەرم لە خۆم گرت پرسیارێك نەکەم. دەستم درێژکرد تا پارووەیەك لە خوانەکەی باوکم هەڵگرم. بێئەوەی قسەیەك بکەین، کفتە وەزیرییەکانمان خوارد.

بە قاچی ماندو و پێستی چلکن و رەشی و چەوری، بە رێکەوتین و جادەی پشت تەپۆلکەکەمان تێپەڕاند. بە نێوان دارستانی زەبەند و پڕ لە

داردا بەرەو ئاوایی بووینەوە. تەواوی دۆڵەکە بە سووری ئاسۆدا رەنگی دەدۆڕاند، بەڵام هێشتا گەرمای هەتاومان لە گیاندا بوو. چرە تەمێك کە هەڵدەکشا، دەبووە مایەی دڵگەرمیمان.

باوکم بۆ راپۆرتدان چوو بۆ ماڵی کوێخا و منیش چووم بۆ نهۆمی دووەمی کۆگاکە. براکەم لەسەر نوێنی خەوەکە، بە چیچکانەوە خەوی لێکەوتبوو. دەستم درێژ کرد و لەسەرخۆ رامووەشاند. خەیاڵی شکاندنی ئێسکی دەفەی شانی رووتیم هەبوو. پێستی لەژێر دەستمدا هەڵتۆقی و ماندوێتی و ترس لە چاوانی پەڕی.

پرسیم: (چۆن بوو؟)

براکەم وتی: (هەموو ماوەکە لە سەردابەکەدا نووستبوو.)

بە چرپە وتم: (ترسابوو، وانییە؟)

سوورەوەبوو سەیری کردم و سەری راوەشاند.

پرسیم: (لێوکەلیش ئەوی بینیوە؟)

وتی: (نا، هەر کەسێك لە سەردابەکە نزیك بوایەتەوە هاواریان بەسەردا دەکرد. قەرارە لە شارەوە بێن بیبەن؟)

وتم: (من ئاگادار نیم.)

بابە هاوڕێ لەگەڵ ژنی میوە فرۆشەکەدا تا پێش پلیکانەکان هات. ئەوان بە دەنگی بەرز چەلەحانێیان دەکرد. ژنە پێداگرانە دەیوت کە بۆی ناکرێ خۆراکی ئەو رەشە بەرێتە سەردابەکە. ئەو نەیدەتوانی بیبات، چونکە ژن بوو. بۆچی باوکم کوڕەکەی خۆی نەدەنارد؟ دانەویمەوە پێڵاوەکانم داکەنم، بەڵام یەکسەر راستبوومەوە. دەستی نەرمی براکەم ئارام فشاری خستە سەر شانم. لێوم گەست و چاوەڕێی دەنگی بابەبووم. دەنگی بابەم بیست کە هاواری کرد: (هێی منداڵەکان، وەرنە خوارێ



بزانم.) بێ دواکەوتن، پێڵاوەکانم فڕێدایە ژێر تەختەخەوەکە و لە پلیکانەکان رامکردە خوارێ.

قۆناغی تفەنگەکەی بە سنگییەوە نووساند و بەرەو خواردنێك ئاماژەی کرد کە ژنی میوە فرۆشەکە هێنابووی. سەرم دانەواند و توند گرتم بە دەستمەوە. لە سەرما و هەوای تەماوی بێدەنگییەکی سەنگیندا بەرەو سەردابەکە بە رێکەوتین. هێشتا خرکە بەردەکانی ژێر پێمان تۆزێك گەرمای رۆژیان لە خۆیاندا گلدابۆوە. لە تەنیشت دەرگای کۆگاکە پاسەوانیان دانەنابوو. تیشکێکی بێ هێز لە کلاوڕۆژنەی سەرەوەی سەردابەکەدا دەیدا لە ناوەوە. گاڤێك ئەوێم بینی، ماندوێتی و بێحاڵی وەك ژەهر گەڕایە گیانم و دەست و پێم سست بوو. چەناگەم لە فشاری هەیەجانی یەکجارەکی بینینی رەش پێست لە نزیکەوە، دەلەرزی و ددانەکانم چۆقەچۆقیان پێکەوتبوو. بابە، کیلۆنی قورسی دەرگای سەردابەکەی کردەوە. دڵۆپی درشتی ئاو کە لە هەڵمی ساردەوەبووی سەر دەرگاکەوە کەوتبووە رێ، بەرچاو دەکەوت. چاوە چاوێکی کرد و سەیرێکی ناو سەردابەکەی کرد و ئارام لە پلیکانەکان چووە خوارێ. تفەنگ پڕبوو لە فیشەك و ئامادەی تەقە بوو. چیچکەم کردو چاوەڕێ بووم. هەوای نماوی شەو دەنیشتە سەر ملم. قاچە هەتاو بردووەکانم لە تەریقی چاوانی بێ ژمار کە لە دواوە سەیریان دەکردم، لەرزی.

بابە بە دەنگێکی خنکاو وتی: (هێی!)

مەنجەڵی خواردنەکەم بە سنگمەوە نووساند و لە پلیکانەکان چوومە خوارێ. لەژێر رووناکی کزی گڵۆپەکە، رەش پێست گڵۆڵە بووبوو. بە دەست خۆم نەبوو نیگام کشا بەرەو زنجیری ئەستووری تەڵەی ورچەکە کە قاچی رەشەی بە ستوونی ژێرزەمینەکەوە بەستبۆوە. ئەژنۆکانی گرتبووە

باوەش و لە جێی خۆیەوە بە چاوی خوێن تێزاوییەوە سەیری ئێمەی دەکرد. هەموو خوێنی گیانم هرووژمی بۆ دەموچاوم هێناو ترپەی لێدانی خوێنم لە گوێمدا هەست پێکرد. چاوم گێڕاو سەیری باوکم کرد کە پشت لە دیوارەکەوە، لوولەی تفەنگەکەی لەسەر فڕۆکەوانە ڕەش پێستەکە ڕاگرتبوو. بابە بە چەناگەی ئاماژەی بۆ من کرد. چوومە پێشێ، چاوەکانم نوقاند و سەبەتەی خۆراکەکەم لە بەردەم ڕەش پێست خشاند. کە کشامەوە، شەپۆلی ترس ڕژایە گیانم. خەریکبوو بڕشێمەوە. فڕۆکەوانی ڕەش پێست چاوی داچەقاند. باوکیشم چاوی داپچڕی و من سەیری سەبەتە خۆراکەکەم کرد. سەگێك لە دوورەدەست وەڕی. گۆڕەپانی گوندەکە لە پشت کلاوڕۆژنەی سەردابەکەوە ڕۆدەچووە بێدەنگییەکی ترسناکەوە. کتوپڕ چاوم چووە سەر سەبەتەی خۆراکەکە، کە لە بەردەم یارۆی ڕەش پێست دابوو. ئێستا سەبەتە خۆراکەکەم لە چاوی برسی و چلێسی ئەوەوە دەبینی. چەند دانە کفتە وەزیری گەورە، وشکە ماسی بێ ڕۆن و چەپکێك سەوزەو شووشەیەك شیری بزنم لە بەردەمی دانابوو؟ ئەوەندە سەیرم کرد تا قۆڕەقۆڕی سکی داماوم بەرزبۆوە. لە هەمان گۆشەیەکەوە کە ئەوم دەبینی، چاوی لەسەر خواردنەکە بوو. بێگومان فڕۆکەوانی ڕەش پێست ڕقی لەو خۆراکە بێبایەخە دەبۆوە کە لەبەردەمی دامانابوو و سووکایەتی بە خودی ئێمەیش دەکرد و دەمی بۆ خورادنەکە نەدەبرد. لە تەریقیدا سەرم هەڵنەبڕی. ئەگەر ئەم ڕەش پێستە حەزێکی بۆ خواردنەکە نەدەبوو، تەریقییەکەی من باوکیشمی دەتەنییەوە. شەرمەکەی بابە دەگۆڕا بۆ تووڕەیی و گەورەکانی ئاوایی ڕادەپەڕین و دەموچاویان لە تووڕەییدا ڕەنگی دەدۆڕاند. ئەسڵەن کێ بیرۆکەی نان دانی بەم ڕەش پێستە هێنایە گۆڕێ؟



بەڵام کتوپڕ دەستە درێژەکانی هێنایە پێشێ. بە قامکی خڕپن و گەورەو ڕەش کە گەندە مووی پێوەبوو، بتڵەکەی هەڵگرت، بەرەو خۆی ڕایکێشاو بۆنی کرد. ڕایوەشاند و لێوە ئەستوورە ئاوساوەکانی لێکبۆوەو ریزی ڕێکوپێکی ددانە زل و سپییەکانی لە دوو هێڵی وەك ددانەی مەکینە بەرچاو دەکەوت. بە ڕاوەشاندنێکی کورت، بتڵە شیر لە گەرووی پەمەیی ڕەش پێستدا خاڵی بۆوە. دەنگی خوڕەخوڕ، وەك بڵقی هەوایی کە هاوڕێ لەگەڵ ئاوی زۆرسارد دەئاڵێتە لوولەوە، هەستاو شیر کە لە دەمی ئەوەوە پڵتەی کرد، لە گۆشەی لێوییەوە سەرڕێژی کرد. لێوەکانی وەك میوەی گەییو کە توند بە دەزوو بەسترا بێت، ئاوسابوو. داوە شیرێك چۆڕایە سەر ملی و بەرسنگی کراسەکەی تەڕکرد و لەوێوە ڕژایە سەر سنگی. دڵۆپی لەرزانی شیر، وەك ڕۆن، لەسەر پێستی بریقاوەی ڕەشە کەوتە ڕێ. زارم لە توندی هەیەجاندا وشك بووبوو و بۆ یەکەمین جار لە ژیانمدا تێگەیشتم کە شیری بزن شلەیەکی بێحەد جوانە.

ڕەشە بە تەقوتۆق بتڵەکەی خستە سەر سینییەکە. ئیتر شوێنەوارێك لە دوودڵی و ترسەکەی سەرەتای نەما. کفتە وەزیرییەکان لە لەپی دەستە زلەکانی ئەودا لە نوقڵ دەچوو. ماسیی سوێری بە ساغی خستە دەمییەوەو قرچەقرچ کەللەو ئێسك و پێستەکەی لە نێوان ددانە درەخشانەکانیدا ورد کرد. لە تەنیشت بابەوە پاڵم بە دیوارەکەوە دابوو و بە دەمی کراوەوە، سەیری شەویلگەی بەهێزی ڕەشەم دەکرد کە لە جووڵە نەدەوەستا. بەجۆرێك لە خواردندا نوقم بووبوو کە هیچ بایەخی بە ئێمە نەدەدا. هەر لەسەر ئەم حسابە، لە هەمان حاڵێکدا کە زۆرم لە خۆم دەکرد برسێتییەکەم فەرامۆش بکەم، بتەوێ و نەتەوێ کەیفیشم دەکرد.

پشکنینی وردی راوێکی مەزن کە باوکم بە یاوەری باقی خەڵکەکە کردبووی، کەیفی هەبوو.

قژی کورتی سەری جوان تاشراوی رەشە، لوولی تێکئاڵاوی وەك رەشیی هەبوو کە لە گوێچکە تیژە گورگ ئاساکانییەوە هەڵدەکشا. پێستی بن قورگ و سنگی وەك ترێی رەشمیری رەشێکی قەترانی بریقەدار بوو. ملی ئەستوور و چەوربووی هەر جارێك کە دەسووڕا و چرچی تێدەکەوت، بێحاڵی دەکردم. بۆنی گیان و لەشی جۆرێك بوو مرۆڤی تووشی هێڵنج دەکرد و وەك ژەهرێکی ترسناك و داڕزێنەر هەموو شتێکی لە خۆیدا رۆدەبرد. لێوەکانم گەرم بووبوون و هەستێك لە گیانمدا باڵای کرد کە تا کەوشەنی شێتی دەیبردم.

بە چاوی خومار و گەرمەوە، سەیری ئەوم دەکرد کە نان خوارنەکەی لە دەستدرێژی دەچوو. لەم کاتەدا، خۆراکی هیچ و ناچیزە لە سەبەتەکەدا گۆڕا بە خۆراکگەلی زۆرباش و شایەن بە میوان. ئەگەر کاتی گێڕانەوەی سەبەتەکە شتێکی تێدا دەما، بە دەستانی هەیەجانزەدەو لەزەتێکی شاراوەوە بە یەك گورز هەڵمدەلووشی. بەڵام دوژمنە رەش پێستەکە تا دوایین تۆزی هەڵلووشی و بنی مەنجەڵەکەیشی بە قامکی پاککردەوە.

بابە سیخورمەیەکی لێدام. ئازاردراو و شەرمن، وەك ئەوەی لە خەونێکی شیرین و شەهوانی خەبەرم بووبێتەوە، بەرەو رەشە رۆیشتم و سەبەتەکەم لەبەردەمی هەڵگرت. لە پەنا لوولەی تفنەگەکەی بابەوە پشتم تێکرد و رێگەی پلیکانەکانم گرتە بەر. رێك هەمان کات دەنگی کۆکەی ئارام و کزی رەشەم بیست. قاچم سست بوو و لە ترسا ئازای ئەندامم لەرزی. لەسەر پلیکانەکانی نهۆمی دووەمی کۆگاکە، ئاوێنەیەکی شکاوی گێڕووێڕ لەسەر ستوونەکە دەلەرییەوە. کە سەرکەوتم



لە سێبەری رووناکدا رووخساری کوریژگەیەکی ژاپۆنی بە لێوی شینەوەبوو و روومەتی رەنگ پەڕیو لەوێدا دەرکەوت، کوریژگەیەکی نەخۆش، بە شانی داچەکاو و قورس و سۆزێك لە کەوشەنی تەقینەوەی گریان. دەرگای ژوورەکەم کردەوە، کە بە پێچەوانەی هەمیشەوە، داخرابوو.

برا چکۆلە لە نوێنەکەدا گلۆڵە بووبوو. چاوەکانی لە خۆشیان بریسکەی دەدایەوەو شوێن پێی ترسیشی تێدا دەبینرا. دەموچاوم خوار دەرەوشاندەوە تا نیگای لە لێوی لەرزانم بگێڕێتەوەو وتم: (تۆ قاپییەکەت داخستبوو؟ وانییە؟)

براکەم شەرمندە لە ترس و خوێڕێتییەکەی، سەری دانەواند و وتی: (هوم. قولەڕەشە شێوەی چۆن بوو؟)

ماندوێتی لە جەستەمدا خۆی هەڵدەکشاند. وتم: (هەر لە پرسەدایە. بۆنەکەی بەشەری دەبووراندەوە. هەر ئەمە!)

بەیانی رۆژی دواتر، لەگەڵ دەنگی ژاوەژاوێك کە لە کەنار کۆگاکەوە دەهات لە خەو بێداربوومەوە. باوك و براکەم لە ژوورەکەدا نەبوون. هەمان شێوە کە هەستم دەکرد، تفەنگەکەی بابە لە جێگەی خۆی نەبوو. گوێم بۆ ژاوەژاوەکە قولاغ کرد و چاوم بڕییە رەفەی خاڵی. دڵم توند لێی دەدا. لە نوێنەکە دەرپەڕیم و پڕم بە ئارەق چنەکەمدا کرد و بە پەلەپڕوزێ لە پلیکانەکان چوومە خوارێ. گەورەکان ئەڵقەیان لە دەوری یەك بەستبوو و مناڵەکان لە ناوەڕاستیاندا حەپەساو سەیریان دەکردن.

براکەم و لێوکەل دوور لەوانی تر، لە تەنیشت هەتاوگرەکە چیچکەیان کردبوو. رەنجاو و مات بە خۆم وت: (ناڕەسەنینا دانیشتوون و سەیر دەکەن!) بە رێکەوتم تا بچمە کنیان. چاوم کەوت بە میرزا کە بە پێ خشکێ دواکەوتوو، بە دارشەقەکەی بنباڵییەوە لە ژێرزەمینەکە هاتە

دەرێ. هەستی تاڵ و توند و داماوی و پێلی نائومێدی گەڕایە گیانم. بە پێچەوانەی چاوەڕوانیمەوە، لە دوای میرزاوە جەنازەی فڕۆکەوانە ڕەشەکەیان لە سەردابەکە ڕانەکێشایە دەرێ. باوکم کە تفەنگ لە شان بە گوێی کوێخادا دەیچرپاند، لەوێ هاتە دەرێ. لە قووڵایی دڵەوە ئاخێکم هەڵکێشاو ئارەق لە بنباڵ و شلکەی ڕانمەوە شۆڕابەی بەست.

لێوکەل بە بینینی من هاواری کرد: (وەرە سەیری ئێرە بکە!)

دەمەوڕوو لەسەر بەردە گەرمەکان ڕاکشام و لە درزی باریکی کلاوڕۆژنەکەوە، کە لە زەوییەکە بەرزتر بوو، سەیری سەردابەکەمان کرد. لەسەر عەردی چاڵەکە ڕەشە لەسەر زەوییەکە کەوتبوو و وەك ئاژەڵێکی کوتەك خواردوو، کەوی و ڕووت دەهاتە بەرچاو. دەستەکانم کردە کۆڵەکەو هەستام. بە دەنگێکی لەرزان و تووڕە، لە لێوکەلم پرسی: (لێیان داوە. ئەو کە قاچی بەسترابوو، دارکارییان کردووە؟)

لێوکەل سەرێکی باداو وتی: (نا، لێیان نەداوە! ئەوان چوونەتە ژووری و سەیرێکیان کردووەو هاتوونەتە دەرێ. جگە لە سەیرکردنی ئەو قولەڕەشە، کارێکی تریان نەکردووە.)

تووڕەییەکەم دامرکایەوە. سەرم ڕاوەشاند. براکەم سەیری دەکردم. پێموت: (هیچ نییە، حاڵی باشە.)

یەکێك لە مناڵەکان کە زۆری لە خۆی دەکرد لە پەنا منەوە سەیرێکی سەردابەکە بکات، بە سیخورمەی توندی لێوکەل کشایە دواوە و زیقاندی. لێوکەل مافی سەیرکردنی ڕەش پێستەکەی لە کلاوڕۆژنەکەوە بە دەستهێنابوو و وریابوو کەس مافی نەخوات.

لێوکەل و ئەوانیترم تەنها جێهێشت و چوومە سۆراخی میرزا کە لەگەڵ گەورەکان قسەی دەکرد. لێکدا لێکدا قسەی دەکرد و



متمانەبەخۆی منی لە ناودەبرد و بە نەدیدەگرتنی من دەستی بۆ موحیبەتێك دەبرد کە بۆ ئەوم هەبوو. لەگەڵ مندا وەك مناڵە ئاساییەکانی ئاوایی ڕەفتاری دەکرد، کە چڵمەکەیان بە لچیانەوە وشك بووبۆوە. هەندێك کات مرۆڤ غرورو و متمانەبەخۆ نادیدە دەگرێ. لە پەنا قاچی گەورەکانەوە خزام و سەرم دەرهێناو گوێم لە قسەکانی میرزا و کوێخا گرت.

میرزا دەیوت سەربازگەی شار و بەڕێوەبەرێتییە بەرپرسەکان ناتوانن بۆ ڕادەستکردنی زیندانییە ڕەش پێستەکە هەنگاوێك هەڵهێنن. دەبێت بابەتەکە بە فەرماندەیی سوپا بگەیەنن و تا کاتی وەرگرتنی وەرام، دەبێت ئاگاداری بکرێت و بەرپرسیارێتی ئەم کارەیش لە ئەستۆی خەڵکی ئاواییە. کوێخا ناڕەزایی دەربڕی و وتی ئاواییەکە بۆ ئاگاداری کردنی زیندانییەکی ڕەش پێست توانای پێویستی نییە، سەرباری ئەمەیش بۆ خەڵکەکە، پاسەوانی لە دوژمنێك و ڕەش پێستێکی مەترسیداری وەك ئەو، لەو جێگە دوورەدەستەو لەو جادە دوورودرێژە، کارێکی سەخت و مەترسیدارەو وەرزی پڕ باران و لافاوی یەك لە دوای یەك کارەکە سەختتر دەکات.

بەڵام میرزا تەنها بە تۆنێکی یەکلاکەرەوەو وشکی کارمەند و مەئمورێکی پلە نزم، دەستەوەدامێن بوو تا خەڵکەکە ناچاری قبوڵکردن و ڕادەست کردن بکات. هەر بە ئاگاداربوون لەم بابەتە، کە قەراردراوە ڕەش پێستەکە تا کاتی گەیشتنی فەرمانی فەرماندەیی سوپا، لە ئاواییدا بهێڵنەوە، لە پەنا دەست و پێی گەورە عەبووس و بێتاقەتەکانەوە خزامە دەرێ و چوومە کن لێوکەل و براکەم کە کلاوڕۆژنەی سەردابەکەیان پاوان

کردبوو. بە ئارەزوو و ئومێدێکی زۆرەوە هەستم دەکرد پەرێشانی گەورەکان دەگەڕێتە گیانی منیش.

لێوکەل سەرکەوتووانە وتی: (خۆ من وتبووم ڕەش پێست دوژمن نییە. کەواتە ئیتر نایکوژن؟)

براکەم وتی: (حەیفە بیکوژن!)

من و لێوکەل و براکەم توند سەرمان بە کلاوڕۆژنەکەوە لکاند و بە جۆشوخرۆشەوە چاومان بڕیبە ڕەش پێست کە ڕووت و بێحاڵ لەسەر پشت لە سەردابەکەدا ڕاکشابوو و ئاخێکمان هەڵکێشا. سنگی ڕەشە لەگەڵ هەر هەناسەیەك کە هەڵیدەکێشا بەرزو نزم دەبۆوە. منالەکانی تر لە خۆبایی بوون. ئەوانیش هاتنە کن پەنجەرەکەو ئێمە ڕاکشابووین و جۆلانێمان بە قاچەکانمان دەکرد تا بنە پێمان لەبەر هەتاوەکە وشك بێتەوە. لێوکەل مات و پەرێشان هەستاو بەسەریاندا قیژاندی. منالەکان نائومێد و ترساو هەڵیانتیزاند.

سەرەنجام لە تەماشای ڕەشە ماندوبووین کە کارێکی نەبوو جگە لە ڕاکشان، بەلام ئامادە نەبووین پێگە تایبەتییەکەی خۆمان لە دەست بدەین. لە بەرامبەردا لێوکەل ڕێگەیدا منالەکانی تریش بێن بۆ سەیری ڕەش پێستی یەخسیر و قۆڵی هەر یەکەیانی بە وەرگرتنی شتانی وەك عوناب، هەنجیر، قەیسی یا خورمالو، دەبڕی. سەیرێکی سەردابەکەیان دەکرد و تا بناگوێ و ملیان سوور دەبۆوە و دواتر هەڵدەستان و بە لەپی دەست تۆز و خۆڵی سەروچاویان دەتەکاند. پاڵم دا بە دیواری کۆگاکەوەو چاوم بڕییبە ئەو منالانەی کە لەبەر هەتاوەکە سمتی خنجیلانەیان دەبووە کەباب. منالەکان بە زەوق و شەوقی زۆرەوە سەرباری ئەزێتدانەکانی لێوکەل، یەکەمین ئەزموونی ڕاستەقینەی ژیانیان تێدەپەڕاند. هەستی



نامۆی گەورە بوون و ڕازیبوون لە گیانمدا بڵێسەی سەند. لە خۆشیان لە پێستی خۆمدا جێم نەدەبۆوە. یەکێك لە سەگە ڕاوییەکان لە دەستەی گەورەکان جیابۆوەو بەرەو ئێمە ڕایکرد. لێوکەل لەسەر ئەژنۆکانی خۆی پاڵێخست تا کێچەکانی بدۆزێ. بە نینۆکە زەردە چڵك مردووەکانی دەیتەقاندن و هاوکات ئەمرو نەهی بە منالەکان دەکرد و لە پەنا قسەکانییەوە جنێوی مزرو تەڕوبڕیشی دەدا.

تەنانەت دوای ئەوەی کە گەورەکان بۆ بەڕێکردنی میرزا چوونە جادەی مالرۆ، ئێمە دەستمان لە وەرزشە سەیرەکەی خۆمان هەڵنەگرت. جارجار، ژاوەژاوی تووڕەی دوای خۆمان نادیدە دەگرت و خۆمان لە بن کلاوڕۆژنەکەدا چاوەچاومان بوو و سەیری عەردی سەردابەکەمان دەکرد. فڕۆکەوانی ڕەش پێست بێ جووڵە، لە خامۆشیدا، یەك تەختە لێیکەوتبوو و وەك بڵێی تەنها چاوی گەورەکان ئەوی ئازاردەداو گێژی دەکرد.

ئەو شەوە بە یاوەری بابەو تفەنگەکەی جارێکیتر مەنجەڵی قورسی برنج و سەوزەی کولاوم لە پلیکانەکان بردە خوارێ. ڕەش پێست بە چاوی ئاوساو و ڕیپۆقاوی زەردەوە، سەیری ئێمەی دەکرد و پاشان دەستە تووکنەکانی خۆی بێ دواکەوتن ڕۆبردە مەنجەڵی گەرمەوەو بە ئیشتیای تەواوەوە چێشتەکەی هەڵلووشی. من بە خەیاڵی ئاسوودەوە سەیری ئەوم دەکرد و بابە، کلاڤەو تووڕە، بێئەوەی سێرەی تفەنگەکەی لەسەر ڕەشە دابنێت پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو. چاوم کەوتە سەر جووڵەی ڕەشی دەماری ملی کە کتوپڕ کرژدەبوو و پاشان ئارامی دەگرت. واهاتە بەرچاوم وەك ئاژەڵێکی ماڵی و دەستەمۆیە. چاوم هەڵبڕی و سەیری لێوکەل و براکەم کرد، کە هەناسەیان لە سینەیاندا توند کردبوو و چاویان

رەشکەوپیشکەی دەکرد و جارجاریّ بزەیەك لەسەر رووخساری خۆلاّویان دەمەیی. وردەوردە خووم بە رەش پیّستەوە دەگرت. ڕاستینە لە ناخی مندا تۆوی لە خۆبایی بوونیّکی لەزەت خولّقیّنی چاندبوو و ئاودیّری کردبوو. سەرباری هەمووو ئەم قسانەیش، هەر کاتیّك رەشە جوولّەیەکی دەکرد و دەنگی زنجیری تەلّەی ورچ بەرز دەبۆوە، ترسەکەی سەرەتا بە لیّدانیّك لە مندا گیانی دەگرت و دەمارمی پڕ دەکرد و هەمووو مووی گیانم کرژ دەبوو. لە رۆژی دواترەوە، ئەرکی بردنی دوو ژەم خۆراکی بەیانی و ئیّوارەی سەربازی رەش پیّستم گرتە ئەستۆ. هەرجاریّك بە یاوەری بابە کە ئیتر چاوپۆشی لە هەلّگرتنی تفەنگ و سیّرە گرتنەوە لە رەشە کردبوو، دەچوومە ژیّرزەمینەکە. بەیانی زوو و کاتی نانی ئیّوارە کە هاوڕیّ لەگەلّ بابە بە مەنجەلّی چیّشتەوە دەهاتمە پیّش کۆگاکە، ئاهیّکی قوولّ لە سینەی منالّەکانەوە سەری هەلّدەهیّنا، کە لە پیّش حەوشەکە گردبووبوونەوە و وەك هەوریّکی سپی بەرزدەبۆوە. من برۆم ویّکدەهیّنایەوەو بیّئەوەی تەنانەت سەیریشیان بکەم، وەك پسپۆڕیّکی شارەزا کە ئیتر حەزیّکی بۆ کارەکەی نییە، بەلاّم ئامادە نییە وردی پیشەیی بخاتە لاوە، سەرم قوت رادەگرت. برا چکۆلەکەم و لیّوکەل بە یاوەری من تا پیّش دەرگای سەردابەکە دلّیان خۆش دەکرد. تا من و بابە لە پلیکانەکان دەچووینە خواریّ، وەك تیر دەردەچوون و لە بەر کلاّورۆژنەکەدا چاویان دەلەوەڕاند و سەیری ئیّمەیان دەکرد. تەنانەت گەر لە کاری نان بردنەکەیش ماندو دەبووم، بۆ ئەوەی دلّی منالّەکان بسووتیّنم و ئاخم بە هەموویان هەلّدەکیّشا، لە ریزیاندا لیّوکەل و براکەم، دریّژەم بە کارەکەم دەدا.



باوکم رازی کرد کە ریّگەی لیّوکەل بدات هەمووو جاریّك دوا نیوەڕوان بە یاوەری من بیّت و لە کاریّکی قورسدا کە بە تەنیا لە عۆدەی نەدەهاتم، کۆمەکم بکات. لە ژیّرزەمینەکە، لە پشت سیّبەری پایەیەکەوە، سەتلّیّکی کۆنمان بۆ دەست بە ئاو گەیاندنی رەشە دانابوو. هەمووو رۆژیّك عەسر، من و لیّوکەل هەر یەکەمان لایەکی سەتلّەکەمان دەگرت، کە گوریسیّکی ئەستوور بە دەسکەکەیەوە بەسترابوو و بە وریایی لە پلیکانەکان سەردەکەوتین. بە ریّدەکەوتین و شلەی بۆگەنی قیّزەونی شلّپە شلّپکەرمان دەبردە پیّش تەپۆلّکەی پانی دەرەوەی ئاوایی و خالّیمان دەکردەوە. لیّوکەل بۆ ئەم کارە زۆر زەوق و شەوقی پیشان دەدا و جارجاریّ بەر لەوەی سەتلّەکە تا بەر کۆگای تەنیشت تەپۆلّکە پانەکە بەرین، بە چیلکەیەك تیّکی دەدا و بارودۆخی دەروونی رەش پیّستی لیّکدەدایەوە. بەتایبەت سکچوونەکەی کە لە دەنکە گەنمی جیّماو بەهۆی شیر برنجەوە، بە باشی دەریدەخست.

جارجاریّ کە لەگەلّ بابە بۆ بردنی سەتلّەکە دەڕۆیشتین، رەش پیّستمان دەبینی کە پانتۆلّەکەی داکەندووەو لەسەر سەتلّەکە دانیشتبوو. سمتی رەش بریقاوەی، سەگی ئامادەی جووتگیری بیری مرۆڤ دەخستەوە. ئەمجۆرە کاتانە، لە دوای رەش پیّستەوە لە گۆشەیەکدا دادەنیشتین و لیّوکەل، ترساو و نیگەران چنگی لە قۆلّی من گیردەکرد و دووقۆلّی گویّمان لە هەراوهۆریای زنجیریّك دەگرت کە لە دوو لاو سەتلّەکەوە قاچەکانی رەشەی بە یەکەوە دەبەست.

ئیّمەی منالاّن خۆمان بە رەش پیّستەوە سەرگەرم کردبوو. ئەو هەمووو گۆشەکانی ژیانمانی داپۆشیبوو و وەك نەخۆشییەکی سەراپاگیر، هەمووی دەتەنییەوە. گەورەکان کاری خۆیان دەست پیّدەکرد و لە تاوویاوی

سەراپاگیری دنیای منالاّن بێوەی بوون. ئەوان نەیاندەتوانی دابنیشن و وەختایەك کە بەرپرسانی کارگێڕی شار زەوقیان هەستێت و فەرمان بدەن، دەست بخەنە سەر دەست. هەر کاتێك بابم کە بەرپرسی چاودێری لە رەش پێست بوو، دەچووە راو، رەشە لە ژێرزەمینەکەدا دەدرایە دەست خودا، تا پێداویستی منالاّن بۆ سەرگەرمی دابین بکات.

رۆژانە من و لیۆکەل و براکەم دەترنجاینە ژێرزەمینەکەوە و سەیری رەشەمان دەکرد. سەرەتا بە ترس و لەرز و سوور و سپی بوونەوە هاوڕێ بوو، وەك ئەوەی کە دەمانویست دزی بکەین. هێندەی پێنەچوو ئەم کارە بۆمان ئاسایی بوو و ئیتر بە خەیالّی ئاسوودەوە دەچووینە ژێرزەمینەکە. وەك بلّێی کاتێك گەورەکان  لە دۆلّ و تەپۆلّکەکە بە دوای کارەوە بوون، ئەرکی پاسەوانیکردن لە رەشەیان بە ئێمە سپاردبوو. دەلاقەی کلاّورۆژنەکە کە پێشتر پاوانی لیۆکەل و براکەم بوو، جێهێلّدرابوو بۆ منالاّنی گوندەکە، دەمەوڕوو لەسەر زەوی گەرم و خۆلاّوی رادەکشان و بە نۆرەو بە چاوی حەسرەتبارەوە سەیری ئەم سیانەمانیان دەکرد کە لە دەوری رەشە دانیشتبووین. جارجارێ یەکێك لە منالّەکان بێحالّ دەبوو و دوامان دەکەوت، ئەوسا مشتی لیۆکەل بوو کە ئەوی بە لووتی خوێناوییەوە تەختی زەوی دەکرد.

ئێستا ئیتر سەتلّەکەی رەش پێستمان تەنها تا سەر پلیکانەکان دەبرد. ئەرکی بۆگەنی هەلّگرتنی میز و گووی رەشە تا تەپۆلّکە پیساییەکەی ئاوایی، لەبەر هەتاوی سووتێنەردا، دەسپێردرا بە منالاّنێك کە خۆمان هەلّماندەبژارد. منالّەکان بە ڕوومەتی سوورەوەبووەوە کەیفیان دەکرد و توند سەتلّەکەیان هەلّدەگرت تا نەبادا دلّۆپێك لەو شلە زەردە، کە وەك گلّێك نرخی بۆ ئەوان هەبوو، پریشکە بکاتە سەر زەوییەکە. هەموو



بەیانیانێك گشت منالّەکان لە ریزیاندا خودی ئێمە، دەچووینە تەنیشت جادەی مالرۆ، بن تەپۆلّکەکە کە لە جادەی سەرەکی جیادەبۆوە و چاومان دەبڕییە جادەکە و خودا خودامان بوو میرزا بە پەیامێکی دلّتەزێنەوە نەگاتە جێ.

قولە پێی رەش پێست لە ئاستی تەلّەی ورچەکەدا ئاوسابوو و خوێن لە برینەکانییەوە رێگەی کردبۆوەو ببووە دەلّەمەو داوە وشکی خوێن لە گیای وشك و لەوەڕاو دەچوو. پێستە چلّك کردووەکەی، ئێمەی نیگەران دەکرد. هەر کاتێك دەیویست لەسەر سەتلّەکە دابنیشێ، لە تاو ئازار رووخساری تێکدەناو ددانە سپییەکانی دەردەکەوتن. دوای ئەوەی تەواو سەیری چاوی یەکتریمان کرد و پێکەوە کەوتینە باس و راوێژ، بڕیارماندا تەلّەکە لە قاچی بکەینەوە. رەشە لە خامۆشی ژێرزەمینەکەدا ئەژنۆی دەگرتە باوەش و دادەنیشت. چاوە ئاوساوەکانی ریپۆقێکی قورسیان کردبوو، رێك وەك ئاژەلّی کەودەن و رەش. تازە دەیتوانی چیمان لێبکات؟ ئەو تەنها قولەڕەشەیەك بوو. کلیلێکم لە سندوقی ئامرازەکانی باوکم هەلّگرت. لیۆکەل دانەوییەوەو شانی لە ئەژنۆی رەشە شەتەك دا و تەلّەکەی کردەوە. کتوپڕ رەشە بە نالّەیەك هەستاو قاچەکانی راوەشاند. لیۆکەل تەلّەکەی بە دیوارەکە کێشاو لە پلیکانەکان سەرکەوتە سەرێ و لە ترسان میزی کرد بە خۆیدا. من و براکەم باوەشمان بە یەکتریدا کرد و لە ترسان زمانمان بەسترا، ترس لە رەشەیەك کە دووبارە سەری هەلّهێنابوو. بەلاّم ئەو وەك هەلّۆ بەسەرماندا دانەنوییەوە. لەبری ئەوە دووبارە دانیشت و ئەژنۆی خۆی لە باوەش کرد و چاوی ریپۆقاوی و ئاوساوی بڕییە تەلّەی بن دیوارەکە. لیۆکەل سەرشۆڕ و بێدەنگ گەڕایەوە

بۆ ژێرزەمینەکەو من و براکەم بە بزەیەکی میهرەبانانەوە قبوڵمان کرد. ڕەشە وەك ئاژەڵێکی کێوی دەستەمۆ، ئارام و کەوی بوو...

ئەو شەوە گاڤێك بابە دەرەنگ بۆ داخستنی دەرگای گەورەی ژێرزەمینەکە هات، چاوی کەوت بە قولەپێی ئازاردراوی سەربازەکە. لە نیگەرانیدا گیانم هاتە سەر لێو، بەڵام بابە بەوجۆرەی کە چاوەڕوانم دەکرد، تەمبێی نەکردم، ڕەش پێست وەك ئاژەڵێك دەستەمۆ و کەوی بوو. هەواڵەکەیشی تا نهۆ گەیشتبووە گوێی خەڵکەکەو هەموو منداڵ و گەورەکانی ئاوایی قبوڵیان کربوو قاچەکانی ڕەشە ئازاد بن.

بۆ سبیانێ، کاتێك من و براکەم بە یاوەری لێوکەل بەرچایی ڕەشەمان بردە خوارێ، ئەو دانیشتبوو و تەڵەی ورچەکەی لەسەر ئەژنۆی دانابوو و لێیوردەدەبۆوە. بەشێك لە تەڵەکە، کە ددانەکانی لێك جووت دەکرد، کاتی پەڕین و بە دیوار کەوتنەکە شکابوو. ڕەشە، تەڵە شکاوەکەی بە لێهاتوویی و وردی نۆژەنکەرەوەیەکی تەڵە کە هەموو بەهارێك دەهاتە ئاوایی، بە چاو دەکێلا. لە هیکرا سەری هەڵبڕی و بە زمانی ئاماژە تێیگەیاندین کە چی دەوێت. من و لێوکەل سەیری یەکترمان کرد. شەوقی گەرمی ناخمان پێلی دەداو روومەتمانی سوور هەڵدەگەڕاند. ڕەش پێست قسەی لەگەڵ دەکردین، بە هەمان زمانێك کە ئاژەڵ قسەی لەگەڵ ئێمە پێدەکات، قسەی دەکرد...

رامان کرد بۆ ماڵی کوێخاو سندوقی ئامرازە هاوبەشەکانی ئاواییمان خستە سەر شان و لەگەڵ خۆمان هێنامان بۆ ژێرزەمینەکە. هەرچەندە شتانێك لەو سندوقەدا هەبوو کە لەبری تفەنگ بەکار دەهات، بەڵام ئێمە گومانمان لە متمانەیەك نەبوو کە بە سەربازە ڕەشەکەمان هەبوو. ئێستا ئیتر بە هیچ کلۆجێك بە خەیاڵیشماندا نەدەهات ئەم ڕەشەیەی کە وەك



ئاژەڵی ماڵی ڕەفتاری دەکرد، ڕۆژگارێك شەڕی کردبێت. بارودۆخی تازە، هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی لە ئێمە دووردەخستەوە.

ڕەشە، سەرەتا سەیرێکی سندوقە ئامرازەکەی کرد. پاشان چاوی لە چاومان بڕی. سەیرمان کرد و هەستمان بە شەپۆلێکی گەرم و لەرز ئاساکرد لە گیانماندا. کاتێك لێوکەل بە دەنگێکی ئارام و قوتدراوە وتی: (ئەویش وەك مرۆڤە!) لە زۆری شادیدا سەرخۆش بووم و توند کێشام بە لاڕانی براکەمدا. لە دەلاقەی کلاوڕۆژنەکەوە، ئاهێکی قووڵ هەستاو وەك کەڤاڵە هەورێك خۆی کێشایەوەو ڕژایە ژێرزەمینەکەوە.

سەبەتەی بەتاڵی بەرچاییەکەمان گێڕایەوەو بەرچایی خۆمان خوارد. کە گەڕاینەوە سەردابەکە، ڕەشە گاز و چەکوشەکەی لە سندوقەکە دەرهێنابوو و ئەوانەی ڕێکوپێك لەسەر گوێنییەکە ریز کردبوو. سەیری ئێمەی کرد کە ڕۆیشتین و لە تەنیشتییەوە دانیشتین. کتوپڕ شەویلگەی کرایەوەو ددانە زەرد و گەورەکانی دەرکەوتن و چاڵ کەوتە گوپییەوە. بۆ یەکەمین جار جوولاین و تێگەیشتین سەربازە ڕەش پێستەکەیش پێدەکەنێ. تێگەیشتین کە بە پەیوەندی قووڵی مرۆییەوە وابەستە بووین پێیەوە.

دەمی خۆرئاوا، لێوکەلیان بردەوە ماڵێ، بە جنێوی زۆر و بێمانایی و کوتەك کاری ژنی ئاسنگەر. سمتمان لەسەر عەردی رووتی ژوورەکە هاتبووە ئازار. هێشتا ڕەشە لە تەڵەکە وردەبۆوەو زۆری لە خۆی دەکرد بە جۆرێك دروستی بکات ئیسپرنگەکانی جووت بن. قامکەکانی لە گریسی چەند ساڵ ماوەو لینجدا چڵك و چەور بووبوو و کاتی کارکردن هەراوزەنای ژەنگاوی ئاسن لە سەردابەکەدا دەنگی دەدایەوە.

ماندوێتی نەدەچوو بە سەرمدا. سەیری لەپی دەستەکانیم دەکرد کە لەژێر فشاری دەمی تەڵەکەدا گیر دەبوو و لە چڵك و چەوری پشتە ملی وردەبوومەوە کە لەگەڵ هەر جووڵەیەك تێك دەئالاو هێڵێکی تۆخی چێ دەکرد. هەستێکی تازە لە مندا خەبەری دەبۆوە، نەك هەستی ناخۆشی هێڵنج، بەڵکو دڵ شێوانێکی لاواز هاوڕێ لەگەڵ شەوق. رەشە سەرگەرمی کارەکەی بوو، گوپی پڕکرد لە هەوا. وەك بڵێی بە دەمی پڕ و باکردوو بووم بوومی دەکرد. براکەم سەری لەسەر ئەژنۆی من دانابوو و بە چاوی تامەزرۆوە دوای جووڵەی پەنجەکانی ئەو دەکەوت. تۆپەڵێك مێش بە دەورماندا دەخولایەوەو بە پێداگری تەواوەوە وزەوزی دەکرد و وەك بڵێی گەرمی هەواکەیش توند دەبوو. دەمی تەڵەکەی بە دەنگێکی تیژ و وشك و گوێکەرکەر، چووە گوریسێکی کندری ئەستوورەوە. سەرەنجام رەشە بە ئارامی لەسەر عەردی سەردابەکە داینا و بە بزەیەکی دڵنشین بە دزەنیگایەکی چاوە ئاوساو و ریپۆقاوییەکانی، گەمژانە سەیری کردین. گەردی ئارەقە دەکولاو لە تەوێڵی ئەوەوە شۆڕابەی دەبەست. من و براکەم پێکەنین. بە پێکەنینەوە سەیری چاوی ئەومان کرد، رێك هەمان شێوەکە سەیری بزن و سەگە راوییەکانی خۆمان دەکرد. هەوا گەرم بوو. سەیری یەکتریمان کرد و لە هەڕەمی گەرماکەدا شەلاڵی ئارەق بووین. گوایە گەرما سەرگەرمییەك بوو کە ئێمەو رەشە تێیدا هاوبەش بووین و وەك زنجیرێك ئێمەی پێکەوە پەیوەست دەکرد.

بەیانی رۆژێکیان، میرزایان شەلاڵ لە خوێن و قوڕدا هێنا. لە بێشەی تەنیشت چاڵەکە سەرەوخون بووەو نائومێد لە هەمان جێ مابۆوە تا خەڵکی ئاوایی، کە بۆ کار دەچوون، ئەویان هەستاند. بەشە پێستە بریندارەکەی قاچە دەستکردەکەی ئەڵقەیەکی ئاسنی هەبوو کە خوار



بووبوو و نەدەچووەوە شوێنی خۆی. میرزا گێژوویژ سەیری دەکرد و هاوکات کوێخا هەوڵی دەدا سەرحاڵی بکاتەوە. ئەو هیچ پەیام و فەرمانێکی لە شارەوە نەهێنابوو. گەورەکان حاڵیان گیراو ئێمەی منالان ئارەزوومان بوو ئەگەر بۆ بردنی فرۆکەوانە رەش پێستەکە هاتووە، باشترە لە چاڵەکەدا وەمێنێ و لە برسان بمرێ. لە راستیدا هاتبوو تا بۆ خەڵکەکەی روون بکاتەوە کە لە فەرماندەیی لەشکرەوە فەرمانێکی تازە نەهاتووە. بەختەوەری ئێمە گەڕایەوە جێگەی خۆی و شادو شەنگوڵ بووین و مەمنوونی میرزا. قاچە ئەمانەتەکەی ئەومان هاوڕێ لەگەڵ سندوقە ئامرازەکە برد بۆ ژێرزەمینەکە.

رەشە یەك تەختە لەسەر عەردی سارد و شێدار راکشابوو و بە دەنگێکی زایەڵەدار و خۆش گۆرانی دەوت: ئاوازێکی دڵگیر و باسەفا کە ئێمەی شەیدا کرد. گۆرانییەك کە خەفەت و سەرکەوتنی شاراوەی ئامادەی خۆهەڵدان بوو بۆ سەر ئێمە. قاچە دەستکردە شکاوەکەمان پیشان دا. هەستا. پیایدا روانی و پاشان بێدەنگ سەرگەرمی کار بوو. هاواری شادی منالەکان بەرزبۆوە، کە لە پێش کلاورۆژنەکە هەڵترووشکابوون و سەیری خوارەوەیان دەکرد. لێوکەل، براکەم و من دەتریقاینەوە.

دەمی خۆرئاوا کە میرزا هاتە ژێرزەمینەکە، قاچە دەستکردەکەی رێك وەك رۆژی هەوەڵی بوو. لە قاچە ناسۆرەکەی بەست و هەستا. منالەکان لە خۆشیان قیژاندیان. میرزا بە شەلە شەل لە پلیکانەکان خۆی بکێش کرد و چووە شوێنە سەر ئاوەڵاکەی پێش کۆگاکە تا قاچە تازە نۆژەنکراوەکەی تاقی بکاتەوە. دەستەکانی رەش پێستمان گرت و

هەڵمانساند و بکێش بکێش، وەك بڵێی کە بووبێتە خوومان، لەگەڵ خۆمان بردمانە دەرێ.

پەڕە پانەکانی لووتی لەرزین و هەوای پاکی خۆرئاوای هاوینانی هەڵمژی. یەکەمین هەوا هەڵمژین لە زەمانی یەخسیریدا! بە زەوق و شەوقەوە سەیری هەنگاوە تاقیکارییەکانی میرزای دەکرد. هەموو شتێك زۆرباش بوو. میرزا هێدی هێدی هات و لە گیرفانی خۆی جگەرەیەکی دەرهێناو یەکێك لە جگەرە پێچراوەکانی دەستی خۆی پێشکەش کرد.

ناشیانە جگەرەکانی پێچابۆوە. کە دووکەڵەکە دەچووە گەروویەوە، باوکی بنیادەمی دەردەهێنا و ئاگری دارستانی سنەوبەری بیردەهێنایەوە. جگەرەکەی پێکرد و دایە دەست رەشەی کەڵەگەت. رەشە مژێکی لێدا و دەستێکی خستە سەر دڵی و دەستەکەی تری گرت بە گەروویەوەو کۆکەیەکی لەرزێنەری کرد. میرزا دەستەپاچە، بزەیەکی خەمباری گۆڕییەوەو ئێمەی منداڵانیش تریقاینەوە. رەشە قەدی راست کردەوەو بە پشتە دەستە زلەکەی فرمێسکەکانی سڕی، پاشان لە گیرفانی خوری پانتۆڵە تەسکەکەی پایپێکی رەش و بریقاوەی دەرهێناو دایە میرزا. میرزا دیارییەکەی ئەوی قبوڵ کرد و رەشەیش بە سوپاسگوزارییەوە سەری دانەواند و تیشکی هەتاوی دەم خۆرئاوا، سووری سێبەری ئاسۆی رشتە سەریان. هەموو، بێحاڵ، دەوریانمان گرت و شێت ئاساو هەوسار پچڕاو کەوتینە پێکەنین. ئەوەندە پیکەنین تا گەروومان هاتە ژان.

ئەم دواییانە، فرۆکەوانی رەش پێستمان لە ژێرزەمینەکە دەبردە دەرێ و لەسەر جادەی بەردرێژی ناوەڕاستی گوندەکە دەمانگێڕاو گەورەکانیش گلەییەکیان نەبوو، رێك هەمان شێوە کە بە بینینی گاو، کوێخا دەچوونە لاوە و لە قەراغی جادەکە دەوەستان تا گاکە تێپەڕێ و هەر کاتێك



سەربازی رەشیان لە ناوەندەی منداڵەکاندا لەسەر جادەکە دەبینی، دەموچاویان وەردەسووڕاند و لە تەنیشت جادەکەوە دەوەستان. تەنانەت کاتێك کە ئێمەی منداڵانیان بۆ بێگاری بۆ ئەم ماڵ و ئەو ماڵ دەنارد و سەرمان قاڵ بوو و کاتمان نەبوو بچینە لای رەشە، خۆی لە پلیکانەکانی کۆگاکە سەردەکەوت و لەژێر سێبەری دارەکاندا وەنەوزی دەدا، سەری دادەخست. ئیتر منداڵان و گەورەکانیش بە بینینی دەستەپاچە نەدەبوون. ئەو گۆڕابوو بۆ بەشێك لە ژیانی گوندییانەی ئێمە، وەك سەگە راوییەکان، منداڵان یا دارەکانی ئاوایی.

جارجارێ بابە بەرەبەیان دەهاتەوە ماڵێ و لەگەڵ خۆی تەڵەی باریك و درێژی دەهێنایەوە کە تەختەکانی ناشیانە بزمارڕێژ کرابوو. لە ناو تەڵەکەدا، دەڵەکێکی سپی قەڵەو و خرپن، جەستە کشاوەکەی بە دارو دیواردا دەدا. ئەو رۆژگارە کارمان باش بوو. من و براکەم هەموو بەیانییەکە لەسەر عەردی کۆگاکە چیچکەمان دەکرد و لە کەوڵکردندا یارمەتی بابەمان دەدا و خواخوامان بوو رەشە بێت و لە کاتی کارکردندا سەیری ئێمە بکات.

هەر کاتێك دەهات، لە هەر دوو لای بابەوە دەکەوتینە سەر ئەژنۆ و هەناسەمان لە سینەدا توند دەکرد و بابە چەقۆ دەسك چەورە دەباغییەکەی بە دەستەوە دەگرت و ئێمە هەر بە خاتری سەیرکردنی رەشە ئارەزوومان دەکرد مردنی دەڵەکی سەرکەش و چابووك ئاسان و کەوڵکردنی بە لێهاتوویی تەواوەوە ئەنجام بدرێت. وەختێك بینەقاقایمان دەگرت، سەرباری ئەوەی لە دەمی ئاویلکەدان دابوو، وەك دوایین بەرگری، بۆنێکی ترسناکی دەرژاند. چەقۆکەی بابە بە دەنگێکی تیژ جەستەی دادەدڕی و سەرەنجام ورگی بچووك و خرپنی لە بەردەم ئێمەدا پان دەبۆوە.

تا دەچووین ناوسکی ئاژەڵەکە لە تەپۆڵکە پاشەڕۆ و شیاکەکە خاڵی بکەینەوەو بگەڕێینەوە، پێستی ئاژەڵ پشتەوڕوو بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو و توێژاڵی چەوری و وردە مووەکەی لەبەر هەتاوەکەدا بریقەی دەهاتەوە. بابە بە نینۆکی پارچە چەوری سەر پێستەکەی لادەبرد تا زووتر وشك بێتەوەو سەر پێستەکە، چاڵی تێدەکەوت. ڕەشە بە بینینی ئەوە لێوی گرددەکردەو فیکەی لێدەدا. کاتێك سەرەنجام پێستەکەی دەبینی کە وەك نینۆك وشك بووەو داوە خوێن وەك نیشانەی ئاسنەڕێ لەسەر نەخشە لە جێ جێی پێستەکە دەبینرا، بە حەپەساوی سەیری دەکرد و من و براکەم لە لێهاتوویی بابە نوقمی دڵخۆشی دەبووین. تەنانەت خودی بابەیش وەختێك ئاوی دەکرد بە پێستەکاندا نیگایەکی هاوڕێیانەی لە سەربازی ڕەش پێست دەبڕی. ئەمجۆرە کاتانە من و بابەو براکەم و ڕەش پێست، وەك خێزانێك کە تەوەرەکەی لیهاتوویی دەباغی بابە بوو، پێکەوە پەیوەندیمان ڕۆدەنا.

جارجار حەزی دەکرد بچێتە دوکانی ئاسنگەرەکەو سەرو گوێلاکێك بشوات. هەندێك کات، بەتایبەت زەمانێك کە لێوکەل بۆ دەماندنی هەمبانەی ئاسنگەری دەچووە کۆلیتەکەی و باڵاپۆشەکەی لە بلێسەی کوورەکەدا بریقەی دەدایەوە، ڕەشەمان دەخستە ناوەڕاستەوەو دەچووینە ئەوێ. گاڤێك ئاسنگەر ئاسنی سوورەوەبووی بە دەستە ڕەش و دووکەلاوییەکانی هەڵدەگرت و دەیکرد بە ئاوەکەدا، ڕەشە لە خۆشحاڵیدا هاواری دەکرد و منالەکان لە خۆشیان دەیانکردە هەرا. ئاسنگەر بایەکی دەخستە غەبغەبەیەوەو سوودی لەم ڕەوشە مەترسیدارە وەردەگرت بۆ پیشاندانی ئازایەتییەکەی.



ئیتر ژنەکانیش ترسیان شکابوو و جاروبار بە دەستەکانی خۆیان چێشتیان دەدایە.

چلەی هاوین هات و لە سەرۆکایەتی فەرماندەی لەشکرەوە هیچ فەرمانێك دەرنەکرا. ببووە قاو کە ناوەندی فەرماندەیی سوپا لە بۆمبارانی ئاسمانیی دوژمندا وێران بووە، بەڵام ئەم قاوەقاوە هیچ باندۆرێکی لەسەر ئێمە نەبوو. هەوایەك کە ڕۆژ بە ڕۆژ باڵی بەسەر ئاواییەکەی ئێمەدا دەکێشا، پتر لە هەر ئاگرێك کە شاری دەسووتاند، ئێمەی ئازار دەدا. کە لە دەوری ڕەشە دادەنیشتین، بۆنێکی بۆدڕن و چەوری و ئازاردەر دەئالایە سەردابی دەرگا کلۆمدراو و بێ هەواگۆڕکێ، کە بۆگەنی لاشەی دەڵەکی سپیی بیری مرۆڤ دەخستەوە. ئەم بۆنانە سەرگەرمی دەکردین و ئەوەندە پێدەکەنین چاومان پڕدەبوو لە ئەسرین. هەرکاتێك جەستەی ئارەقی دەکردەوە بۆنێکی بەرێدەخست کە نەماندەتوانی لە تەنیشتییەوە بمێنینەوە.

دوانیوەڕۆی ڕۆژێکیان کە دنیا زۆر گەرم بوو، لێوکەل وتی با ئاسمانگەڕە ڕەش پێستەکە بەرین بۆ سەرچاوەی ئاوی ئاوایی. لە خۆمان تووڕە بووین کە بۆچی تا ئەو کاتە بیرمان نەکەوتبۆوە. دەستی چەور و پیسی ئەومان گرت و لە پلیکانەکان سەرمان خست. منالەکان بە هەلهەلە لە دەورمان خڕبوونەوە و بە کۆمەڵ لەسەر جادەکە، کە هەتاو هەڵیکزاندبوو، کەوتینە ڕێ و هەڵمانتیزاند.

جلەکانمان داکەند و وەك مەلی ئاوڕووتکراو رووت بووینەوەو جلەکانی ڕەش پێستیشمان داکەند و بە کۆمەڵ خۆمان هەڵدایە ناوەڕاستی ئاوەکەوە و تەواو یەکتریمان تەڕکرد. ڕەشە بە رووتی هەیکەلێکی هێند گەورەی هەبوو کە لە قوولترین جێگەی سەرچاوەکەشدا، ئاوەکە تەنها

دەگەیشتە کەمەری. هەر جارێك ئاومان پێدا دەکرد، وەك مەلی ئامادەی سەربڕین دەیقیژاند و سەری دەخستە ژێر ئاوەکەوە. ئەوەندە لەژێر ئاوەکەدا دەمایەوە تا ناچار دەبوو بێتەوە سەرێ و بە هاوارەوە ئاو لە دەمییەوە فڕێ بدات. لەشی رووت و تەڕی کە تیشکی توندی هەتاوەکەی دەدایەوە و وەك لەشی ئەسپی رەش بریقەی دەهاتەوە، بێ کێماسی و وەك پەیکەر جوان بوو. کتوپڕ هەستمان کرد کە رەشە، هەرامەیەکی بە شکۆ و پاڵەوانانە و زۆر جوانی هەیە. لە دەوری گردبووینەوەو سواری سەر و کۆڵی یەکتری بووین. کاتێك بە دەست داپیۆشی و حاڵەتێکی بەرگری پەیداکرد، ئاومان پێدا کرد و ئەوەندە پێکەنین فرمێسك بە دەموچاوماندا هاتە خوارێ.

ئێمە بە چاوی ئاژەڵێکی دەگمەن و سەیر و ماڵی، سەیرمان دەکرد. چ وشەیەك دەیتوانی حەزی ئێمە بۆ فرۆکەوانی رەش پێست یا دەوڵەمەندی هەتاوێك کە لە جەستەی ئەوەوە دەدرەوشایەوە، بەیان بکات؟ لەو دوانیوەڕۆیەی هاویندا، ساردی سێبەری دارەکانی لێواری جادە بەردرێژەکە، بۆنی گیانی منالآن و رەش پێست و دەنگی شادومانانەی زوولاڵی ئەومان چۆن پێ بەیان دەکرا؟

بۆ ئێمە ئەم هاوینی قۆڵی رووت و بریقاوەیە وەك بڵێی تەواو نەدەبوو، هاوینێك کە وەك هەڵقوڵینی بیری نەوت، بروسکەی شادییەکی رەشی لەسەر گیان پرژاندبوو، هاوینێکی کۆتایی قبوڵنەکەر.

شەوی هەمان رۆژێك کە گەرماوی سوونەتیمان کرد. دۆڵەکە تەم گرتی و بووە تۆفان و تا سبەی ئاسمان دەیگرماند و بارانی دەڕشت. بۆ سبەی کە بەرچایی رەشەمان دەبرد، من و براکەم و لیۆکەل بۆ خۆ پاراستن لە بارانی بێئامان، لە بن دیواری کۆگاکەوە دەرۆیشتین. دوای نان خواردن، لە تاریکییەکەدا ئەژنۆکانی گرتە باوەش و تێی چریکاندە



گۆرانییەکی غەمناك. هەستاین و دەستمان درێژ کرد تا ئەو پریشکە بارانانە بگرین کە لە کلاوڕۆژنەکەوە دەهاتە ژوورێ و لە دەنگی رەشەدا نوقم بووین، کە گۆرانی دەوت و حوزنی گۆرانییەکەی سەنگینی و ئارامی دەریای دەخستەوە بیری بنیادەم.

کە گۆرانییەکەی تەواو بوو، ئیتر پریشکە باران لە کلاوڕۆژنەکەوە نەدەپڕژا. قۆڵیمان گرت و بە پێکەنینەوە ئەومان بردە گۆڕەپانی ئاواییەکەوە. کتوپڕ تەم لە ئاوایی بەرز بۆوە. دارەکان وەك جووچکی قەڵەو و خرپن دەهاتنە بەرچاو، کە دلۆپە بارانەکان پەڕی چڕی تەڕ کردبوون. لەگەڵ هەر سروەیەکدا سووکە لەرزەیەك دەکەوتە ناویانەوەو گەڵای تەڕ و دلۆپی بارانی بڵاودەکردەوە و پەلکەزێڕینەی دروست دەکرد و زیك زیکەکان تێیان دەچریکاند. لەسەر تاشەبەردێکی پێش چوونە ژوورەوەی کۆگاکە دانیشتین و بۆنی داری تەڕ و باران بەرکەوتوومان لە ناوەڕاستی گەرمایەکدا، کە دووبارە گیانی دەگرت، لە نێو ژاوەژاوی دەنگی زیك زیکەکاندا هەڵمژی و هەناسەیەکمان نوێ کردەوە.

دوانیوەڕۆ، لە هەمان حاڵدا دانیشتبووین کە میرزا چەتر بە دەست لە رێگەی مالرۆی بێشەلانەوە دەرکەوت و بەرەو ماڵی کوێخا چوو. هەستاین و پاڵمان دا بە پیرە دار قەیسییەکەوە کە هێشتا دلۆپەی بارانی لێ دەتکا و چاوەڕێ بووین تا میرزا بە شەلەشەل لە قوولایی تاریکی ماڵەکەوە بێتە دەرێ و ئێمە دەستێکی بۆ رابوەشێنین. بەڵام هەرچەند ئارامان گرت نەهاتە دەرێ. لەبری ئەوە زەنگی مەترسی ماڵی کوێخا لێدراو خەڵکی لە دۆڵ و بێشەوە بانگ کرد و ژنان و منالآنی گوندی لە خانووی باران تەڕکردووەوە هێنایە دەرێ.

ئاوڕم دایەوەو سەیری ڕەشەم کرد. بزە بە ڕووخسارە قاوەییە جوانەکەیەوە ونبوو. قەفەزەی سنگم لەژێر فشاری ئازاردا لەرزی. ڕەشەمان بە حاڵی خۆیەوە جێهێشت. من و براکەم و لێوکەل بەرەو ماڵی کوێخا تێمانتەقاند.

میرزا کە ئارام لە بەر دەرگاکە وەستابوو، سەیری نەکردین. کوێخا ڕۆچووبووە فکرانەوەو چوارمشقی لەسەر باڵکۆنەکە دانیشتبوو. بێئارامانە زۆرمان لە خۆمان دەکرد تا خاڵێکی ئومێد بدۆزینەوەو ڕێمان بۆ جێیەك نەدەبرد. چاوەڕێی ئەنجومەنی گەورەکانی ئاوایی بووین. وردەوردە هەموو لە مەزرا و بێشەکان گەڕانەوەو مات و کوورکردو چوونە ماڵی کوێخا. بابەیش چەند باڵندەیەکی بچووکی پێکابوو و بە لوولەی تفەنگەکەیەوە بەستبوو.

دانیشتنی ئەنجومەن تازە دەستی پێکردبوو کە میرزا هەموو ئومێدەکانی ئێمەی بە بادا و بە دیالێکتی ناوچەیی وتی قەراردراوە فرۆکەوانە ڕەش پێستەکە ڕادەستی فەرماندەیی لەشکر بکەین. بەپێی یاسا دەبوو پلەدارانی لەشکر بۆ ڕادەستکردنی ئەو بێن، بەڵام لەبەرئەوەی بە سەرنجدان لە بارودۆخی شێواوی لەشکر دەرفەتی ئەم کارە نەبوو، خەڵکی ئاوایی دەبوو خۆیان ئەویان ببردایە و ڕادەستیان بکردایە. بۆ گەورەکان ئارێشەکە تەنها ڕادەستکردنی ڕەش پێست بوو، بەڵام ئێمەی منالاَن تەواو مات دەبووین. ئەگەر ئەم ڕەشەیان ڕادەست دەکرد، چی لە ئاواییدا دەمایەوە؟ هیچ، جگە لە پۆستەی بەتاڵی هاوین.

دەبوو هەواڵمان بە ڕەشە بدایە. لە پەنا قاچی گەورەکانەوە خزاین و بەرەو ڕەشە ڕامان کرد کە لە بەر دەرگای کۆگاکەدا هەڵاژابوو. کاتێك گەیشتمە بەردەمی، هەناسەیەکم تازە کردەوەو ئەو ئارام چاوە گەورەکانی



گێڕاو سەیری کردم. من کە نەمدەتوانی هیچ شتێکی پێ بڵێم، تەنیا بە ئاوێتەیەك لە خەم و خەفەت و ئەفسوردەیی سەیریم کرد. ئەژنۆکانی گرتبووە باوەش و چاوە گەڕۆکەکانی لە چاوی من بڕیبوو. لێوە ئەستوورەکانی ئەو وەك سکی ماسی ئاوسی ئاوی شیرین، ئاوسابوو و کرابۆوەو کەفێکی سپی نیشتبووە سەر پووکەکانی و بریقەی دەدایەوە. ئاوڕم دایەوەو گەورەکانم بینی کە میرزا لە پێشیانەوە بە شەلەشەل دەهات و مەبەستیان بوو بەرەو کۆگاکە بێن.

شانی ڕەشەم گرت و ڕام وەشاند و بە دیالێکتی ناوچەییمان قسەم لەگەڵ کرد. لە توندی نائومێدی گیانم گەیشتە سەر لێو. چیم لە دەست دەهات؟ ئارام و بێدەنگ دانیشت تا من ڕایوەشێنم. سەری ڕاوەشاند و قسەی نەکرد. سەرم دانەواند و شانیم بەردا.

کتوپڕ هەستاو وەك دارێکی گەورە سێبەری خستە سەرم. قۆڵی گرتم و بە خۆیەوە نووساند. لە جێ هەڵیکەندم و بەرەو پلیکانەی سەردابەکە ڕایکرد. زمانم گیرابوو و چەند ساتێك شتێکی جگە لە جووڵەی ماسولکەکانی کە توند توند لە پلیکانەکان دەچووە خوارێ و بەر پشتم دەکەوت هەستم بە هیچ نەدەکرد. دەرگای کۆگاکەی دادایەوەو بە زنجیری تەڵەی ورچەکە کە خۆی نۆژەنی کردبۆوە، ئەڵقەکانی دەرگاکەی پێکەوە جووت کرد و کیلۆنەکەیشی داخست. دەستەکانی ئەڵقە کرد و سەری دانەواند و لە پلیکانەکان خۆی هەڵدایە خوارێ. کاتێك سەیری چاوە ماتەکانیم کرد، بینیم کە سەربازی ڕەش دووبارە بۆتەوە هەمان جانەوەرە کێوییەکەی پێشتر و هەمان ژەهری تاڵ و ترسناکی پێیە، کە ڕۆژانی سەرەتای یەخسیری هەیبوو. سەیری دەرگای سەرداب و زنجیرە تەڵەی ورچەکەم کرد کە لە پشت ئەوەوە بوو و پاشان سەیری پێی پەتی و

چکۆلەی خۆم کرد. ترس و لەرز لە گیانمدا کەوتە پێل دان و رایوەشاندم. خۆم هەڵدا و لێی دوورکەوتمەوە. پشتم بە دیوارەکەوە چەسپاند، بەڵام سەری دانەواند و لە ناوەڕاستی سەردابەکەدا مایەوە.

لێوم گەست تا بەسەر ترس و لەرزێکدا زاڵبم کە گیانمی پەرێشان دەکرد و قاچەکانمی دەلەرزاند.

گەورەکان گەیشتنە سەر کلاورۆژنەکەو لەسەرخۆ رایانوەشاند کە بە زنجیری تەڵەی ورچەکەوە بەسترابۆوەو دواتر وەك مەلێك کە کتوپڕ هێرشی بۆ کرابێت، پەرێشان و تووڕە دەیانویست دەرگاکە لە رەگەوە هەڵکەنن. بەڵام سێری پتەوی بەڕوو کە وەختی زیندانی کردنی رەشە مایەی دڵگەرمیان بوو، ئێستا رێگەی بە خۆشیان نەدەدا. گەورەکانی ئاوایی، مناڵان، دارەکان و دۆڵەکەیش لە ژێرزەمینەکە جیابووبوونەوە.

شێوەی ترساوی گەورەکان، لە بەردەم کلاورۆژنەکە جێگەی خۆی دایە تەقەی خنکاوی ناوچەوانی ئەوانیتر. گۆڕانێکی کتوپڕ لە مامەڵەی گەورەکاندا پەیدابوو. سەرەتا هاتوهاواریان نایەوە. بەڵام دواتر بێدەنگ بوون و لوولەی تفەنگەکانیان لە دەلاقەی کلاورۆژنەکەوە بەرەو رەشە راگرت. ئەو وەك ئاژەڵێکی چالاك بازیداو توند منی گرت و کردیە سپەری خۆی تا لە پێکانی تفەنگەکان لە ئاساییشدا بێت. لە ئازاردا لوول بووم و هاوارم لێهەستا. زۆرم لە خۆم کرد تا لە چنگی رەشە قوتاربووم و راستەقینە تاڵەکە تێگەیشتم. دیل کرابووم، ئەو منی بە بارمتە گرتبوو. رەشە، گۆڕابوو بۆ (دوژمن) و خۆییەکان لەودیو دەرگاکەوە قاڵەقاڵیان بوو. دەماری تووڕەیی و سووکایەتی پێکردن و کلاو لەسەرنان و خەفەتی پیاوبەزێنی ناپاك، گەڕایە گیانم و ئاگری تێبەردام. لە هەمووی خراپتر شەپۆلی ترس بوو کە هەناسەتەنگی دەهێنا. دیلی



گرێی پتەوی دەستەکانی رەشە بووم. لە تووڕەییان دەلەرزیم و هاوکات دەگریام. سەربازی رەش منی دیل کردبوو...

لوولەی تفەنگەکانیان لە کلاورۆژنەکەوە لابرد و هاوار و هەراوزەنا بەرپابوو. دواتر لە تەنیشت کلاورۆژنەکەوە ئەنجومەنێك پێکهات. رەشە، کە هێشتا توند قۆڵی منی گرتبوو، خزایە گۆشەیەك تا لە سێرەی ئەوان دەرچێت و لە بێدەنگیدا دانیشت. دەستم سڕ بووبوو. لە تەنیشتییەوە دانیشتم، رێك وەك کاتێك کە پێکەوە هاوڕێ بووین. دووبارە لووتم پڕ بوو لە بۆنی ئەو. قسەوباسی گەورەکان درێژەی کێشا. باوکم تاوناتاوێ لە کلاورۆژنەکەوە چاوێکی بە ناوەوەدا دەگێڕا. هەرجارێك کە سەرێکی بۆ کوڕە دیلەکەی خۆی دادەنەواند، دەگریام.

شەپۆلی تاریکی شەو هات، سەرەتا ژێرزەمینەکەی گرتەوەو هەنگینێ باڵی بەسەر گۆڕەپانە کراوەکەشدا کێشا. لەگەڵ تاریکبوونی دنیا گەورەکان یەك یەك دەچوونەوە ماڵەکانیان و کاتی رۆیشتنەوە دڵنەواییان دەکردم و گوڕیان دەدامە بەر. تا بتڵێکی شەو دەنگی پێی بابەم دەبیست کە لە تەنیشت کلاورۆژنەکەوە دەهات و دەچوو. بەڵام کتوپڕ هەموو شوێنەوارێکی مرۆیی لە زەوی بان سەرمانەوە بارگەونەی تێکناو شەو ژێرزەمین و سەرزەویشی پڕکرد.

رەشە دەستی بەردام و چاوی میهرەبانی تێبڕیم. چما هەستی هاوڕێیەتی دووبارە گەڕابۆوەو ئەو هاوڕێیەتییە تا بەیانی کوڵا. لە تووڕەییدا دەلەرزیم. چاوم وەرگێڕاو سەرم داخست و رچۆکاوانە خۆم کووڕکردەوە تا ئەوەی ئاوڕی دایەوەو پشت لە من هەڵتروشکاو سەری خستە سەر ئەژنۆکانی. تەنیا بووم. وەك دەڵەکێك تەڵە گرتبێتی، تەنیا و

بێکەس و نائومێد و دەست لە گیان شۆردو بووم. فرۆکەوانی ڕەش پێست ئەفسوردەو بێجووڵە ما.

هەستام و لە پلیکانەکان سەرکەوتم و زنجیری تەڵەی ورچەکەم گرت. سارد و سەخت بوو. پەنجەکانمی کێشایە دواوەو خونچەکانی ئومێدی پەرپەڕ کرد. وەك بێچووە کەروێشکێك بووم کە لە تەڵەدا بێحاڵ دەبێت و دەمرێ و چاوی لەسەر گیرە ئاسنییەکانە کە قاچە بریندارەکەی دەگوشێ و لە قووڵایی کارەساتەکە تێناگات و ناتوانێ باوەڕ بکات کەوتۆتە تەڵەوەو ڕێگەی دەربازبوونی نییە. ئازارم لە گەمژەیی خۆم وەردەگرت کە باوەڕم بەم ڕەشە کردووەو خۆشم ویستبوو. ئاخر کێ گومانی لەم پیاوە ڕەشە بۆگەنە هەمیشە خەندانە دەکرد؟ هەڵدەلەرزیم و ددانە چۆقەم پێکەوتبوو. دڵم تێکەڵ هات و ئازارێك گەڕایە سکم، دەستم بۆ خوارەوە فشار داو هاوکات کە دانیشتبووم، گلۆڵە بووم. شەرمئاوەر بوو، تووشی سکچوون بووبووم. ئازای ئەندامم کەوتبووە کار تا ئاسوودەم بکات. بەڵام لەبەردەم ئەم ڕەش پێستەدا نەمدەتوانی شێوە بدەمە هیچ کارێك. بەرگریم کرد و ددانم لێك جیڕکردەوە. شەلاڵی ئارەقە بووم و لە ناوچەوانمەوە ڕێگەی کردەوە. زۆرم لە خۆم کرد و دەمارم دەرهات. هەوڵ بۆ ڕاگرتنی بەلەفیڕێ، تەنانەت ترسیشی بیر بردبوومەوە.

دواجار کۆڵم دا. چوومە کن سەتڵەکە، هەمان سەتڵێك کە هەر کاتێك ڕەشە لەسەری دادەنیشت، ئەوەندە کەیفمان دەکرد. پانتۆڵەکەم داماڵی. واهاتە بەرچاوم سمتی سپی و رووتم بێحەد لاواز و بێبەرگرییە. چما شەرم و تەریقی هەموو شتێکی لە ناخی مندا ڕەش دەکرد، لە ئەوکەوە بیگرە تا خوارەوەی ورگ. سەرەنجام هەستام و خزامە کونجی ژێرزەمینەکەوە. ئەفسوردەو تێکشکاو و بەدبەخت دابەزیبوومە خوارترین



پلە. ناوچەوانی چەور و چڵکنی خۆم دا بە دیوارەکەوەو بێدەنگ کەوتمە گریان. هەستم بە گەرمای زەوییەکە دەکرد. شەو درێژ بوو. سەگە کێوییەکان لە بێشەکەدا دەوەڕین. دنیا ساردتر بووبوو. ماندوێتی گرتمی و لەسەر زەوییەکە گلۆڵە بووم و خەوم لێکەوت.

کە خەبەرم بۆوە دەستی ڕەش پێست قۆڵی نیوە سڕمی دەگوشی. شنەیەك کە لە دەلاقەی کلاوڕۆژنەکەوە هوهای دەکرد، تەمی لەگەڵ دەنگی گەورەکاندا تێکەڵ دەکرد و گلێری دەکردەوە بۆ سەردابەکە. دەنگی جیکەجیکی قاچە دەستکردەکەی میرزایشم دەبیست. لە نێوان دەنگەکانی تردا کتوپڕ دەنگی پیکێك بەرزبۆوە کە دەیاندا لە دەرگای سەردابەکە. دەنگی بەهێز و مەحکەمی پیك دەئالآیە سکی خاڵیمەوەو وەك بڵێی تەلی پێچاوپێچی ئازاری لەودا ڕۆدەبرد.

ڕەشە هاوارێکی کرد و یەخەی گرتم و بەرزی کردمەوەو عەرەبانەکەی تا ناوەڕاستی سەردابەکە برد و لە بەردەم گەورەکان ڕایگرت. بۆچی ئەم کارەی کرد، نازانم. لە دەلاقەی کلاوڕۆژنەکەوە چاوانی بێژمار گەواهیدەری شەرمەزاری من بوون کە وەك کەروێشکێکی بێبەرگری لە دەستی ئەودا جولانێم دەکرد. گەر چاوە تەڕەکانی براکەیشم لە ناو ئەوانەدا دەبوو، بێگومان لە شەرما گازم لە زمانی خۆم دەگرت. بەڵام چاوانێك کە لەو بەرزییەوە لەسەر من بزمار کوت کرابوون هەموو چاوی گەورەکانی ئاوایی بوو.

دەنگی کوتانەکانی پیك توند بوو. ڕەشە پەرێشان هاوارێکی کرد و دەستە گەورەکەی خستە سەر قوڕقوڕاگەم. نینۆکەکانی لە پێستم ڕۆچوون و ڕێگەی هەناسەدانی گرتم. لنگەفرتێیەکم کرد و سەرم بردە دواوەو ناڵاندم. لە شەرمی ئەو گەورانەی منیان دەبینی، کەوتمە هەوڵدان تا لە

چنگاڵی ڕەشە هەڵبێم کە منی بە خۆیەوە شەتەك دەدا و پاژنەی پێم دەکێشا بە ئەژنۆیدا. بەڵام دەستە تووکنەکانی ئەو مەحکەم و بەهێز بوو و هاوارەکەی دەنگی ناڵەی منی دەشاردەوە. گەورەکان سەریان لە تەنیشت دەلاقەی کلاورۆژنەکەوە لابرد. بیرمکردەوە بێگومان لە هەڕەشەکانی ڕەشە راچڵەکیون و بۆ پێشگرتن لە شکانی دەرگاکە چوون بە شوێن ئەوانیتردا. ڕەشە لە هاوار کەوت و فشاری قورسی دەستەکانی لەسەر بینەقاقام کەمبۆوە. هەستی نزیکیم لە گەورەکان و خۆشەویستیم بۆ ئەوان دووبارە گیانی گرتەوە.

بەڵام کوتانەکانی کە بەر دەرگاکە دەکەوت توندتر دەبوو. جارێکیتر گەورەکان لە پشت کلاوڕۆژنەی سەردابەکەوە گردبوونەوە و دووبارە ڕەشە بینەقاقای منی بە گیرەی دەستە گەورەکانی گرتەوە. هەوڵم داو سەرم سووڕاند و لە نێوان لێوە کلیلە دراوەکانمەوە هاوارێکی ترساو هاتە دەرێ. هاوارێکی وەك قروسکە قروسکی ئاژەڵێکی بێپەناو چکۆلە کە دەستی لە گیانی شتووە. تەنانەت گەورەکانیش بەزەییان پێمدا نەدەهاتەوە. بە درێژەدان بە کارەکەیان و وردکردنی دەرگای ژێرزەمینەکە، حسابیان بۆ من نەدەکرد تا بە دەستی فرۆکەوانی ڕەش پێست بخنکێم. بێگومان کاتێك دەرگاکەیان ورد دەکرد، رووبەڕووی جەنازەکەی من دەبوونەوەو وەك ئەو دەڵەکانەی کە بابە راوی دەکرد، مردبووم. لە تووڕەیی و نەفرەتدا دەلەرزیم. بە نائومێدییەوە هەموو گوڕی خۆم کۆکردەوە و هاوارم کرد. لەگەڵ هەر هەوڵێك کە دەمدا، سەرم بە چەپ و راست دەکێشا. دەنگی پیکەکە توند دەبوو. فرمێسك بە دەموچاومدا شۆڕابەی بەستبوو. دەنگی خولانەوەی بێژمار لە گوێمدا دەزرنگایەوە. خوێن لە لووتمەوە فیچقەی کرد. دەرگای سەردابەکە شکاو قاچی خۆڵاوی، قاچگەلێك کە



پەنجەکەڵەی پێی پڕ بوو لە تووك لە پلیکانەکانەوە گلێربۆوەو سەردابەکە پڕ بوو لە قیافەی ناشیرین و دەم کەف کردوو. ڕەشە منی بە جەستەی خۆیەوە نووساند و هاوارێکی بەرزی کرد و بۆ کەناری دیوارەکە پاشەکشەی کرد. پشتم نووسا بە جەستەی چەور و تەڕی ئەوەوەو ڕەوتی سووتانێکی وەك کوتانی ئازار و تووڕەیی لە نێوان من و ئەودا گەڕا. لە تەریقیدا بوومە دڵۆپێك ئاو و نەفرەتێکی ئاشکرا گەڕایە گیانم، نەفرەتێکی وەك تووڕەیی پشیلەیەك کە وەختی جووتگیری بە گیریان هێنابێت، نەفرەت لەو گەورانەی کە لەسەر پلیکانەکانەوە سەیری شەرم و تەریقی منیان دەکرد، نەفرەت لە سەربازی ڕەش کە بە دەستە گەورەکانی گەرووی دەگوشیم و نینۆکەکانی لە پێستم دەچەقین و خوێنی لێدەهێنا، تووڕەیی و نەفرەتێکی کوێر بەرامبەر هەموو شتێك و هەموو کەسێك. ڕەشە وەك سەگ دەپاڕایەوە. دەنگی گوێی دەبردم. هەستم دەکرد لە لووتکەی گەرمای هاویندا لەو سەردابەدا ڕۆدەچوومە نێو دۆخی نێوان خەو و بێداری و بێهەستییەکی قووڵ و رازیکەر، کە لە لەزەت دەچێت. هەناسەی گەرم و توندی ڕەشە دەنیشتە سەر پشتە ملم.

لە نێوان گەورەکاندا، باوکم هاتە پێشەوە. شمشێرێکی بە دەستەوە بوو و چاوەکانی لە تووڕەییدا بڵێسەی دەسەند و وەك چاوی سەگی کێوی رقاوی بوو. نینۆکەکانی ڕەشە زیاتر لە ملم ڕۆچوو و ناڵاندم. بابە شمشێری هەڵکێشراوی لەسەر سەری راگرت و بەرەو ئێمە هەڵمەتی هێنا. چاوم نووقاند. ڕەشە مەچەکی چەپی گرت و قۆڵمی راکێشایە سەر سەری تا سەری خۆی بپارێزی. دەنگی نەڕەی ئاپۆرای ئامادە لە ژێرزەمینەکە بەرزبۆوەو من دەنگی وردبوونی دەستی چەپی خۆم و کەللەسەری ڕەشەم بیست. لەسەر پێستی چەور و بریقاوەی ڕەشە کە لەژێر چەناگەی مندا

بوو، خوێن فیچقەی کرد. گەورەکان هێرشیان بۆ هێناین و من هەستم بە شلبوونەوەی گرێی دەستی رەشە کرد و ئازارێکی سووتێنەر لە گیانمدا تاوی سەند.

بە سەروپۆتەلاکی شکاو و چاوی ئاوساو و دەستی شۆڕەوە دووبارە گیانم گرتەوە. وەك بڵێی کەوتبێتمەوە گوێنییەکی تەنگەوەو نەمدەتوانی خۆمی لێ دەرباز کەم. وەك لیڤایەکی[٩] تازە لە دایکبوو لە شلەیەکی لینجدا دەجوولام. توانای رۆیشتنم نەبوو. شەو بوو و دووبارە گەورەکان بە بان سەرمەوە قسەیان دەکرد. کە رۆژ بۆوە، لە پشت پێڵووەکانی چاومەوە هەستم بە رووناکی کرد. جارجار دەستێکی قورس دەکەوتە سەر ناوچەوانم و دەی شێلام و هەوڵم دەدا نەجاتم بێت لە دەستی، بەلام نەمدەتوانی سەرم راوەشێنم.

دیسان رۆژبۆوە، بەیانییەکی تر. چاوم هەڵهێنا. لەسەر تەختەخەوەکەی خۆم و لە کۆگاکە بووم. لێوکەل و براکەم لە پێش دەرگاکەوە سەیری منیان دەکرد. زیاتر چاوم کردەوەو لێوەکانم جوولاند. لێوکەل و براکەم بە هاوارەوە لە پلیکانەکان بە راکردن هاتنە خوارێ و باوکیشم هاورێ لەگەڵ ژنی میوەفرۆش هاتە سەرێ. وەختبوو لە برسا بمرم، بەلام هەر کە بابە کوپە شیرە بزنەکەی بۆ دەمم هێنا، هێڵنجێکی لەرزێنەر ئالایە گیانم. قیژاندم و توند لێوەکانم خستە سەر یەك و دڵۆپی شیر رژایە سەر مل و گەرووم. تەحەمولی هەموو گەورەکان و باوکیشم نەبوو. ئەو گەورانەی کە بە شمشێری هەڵکێشراو و ددانی تیژەوە هێرشیان بۆ هێنام، بێگانە بوون و ئەسڵەن نە دەچوونە مێشکمەوە. حاڵم پێیان

٩- بەرخی تازە زاو



تێکدەچوو. ئەوەندەم قیژاند هەموویان و لە ریزیاندا باوکیشم، ژوورەکەیان جێهێشت.

ماوەیەك تێپەڕی و هەستم بە دەستی چکۆلەی براکەم کرد لەسەر جەستەم. بێئەوەی قسە بکەم یا چاو هەڵبێنم، گوێم لێگرت کە لەسەرخۆ قسەی دەکرد. دەیوت کە چۆن لە گردکردنەوەی چیلکەو تەلاشە داردا بۆ سووتاندنی جەنازەی رەشە کۆمەکی کردووەو میرزا فەرمانی وەستاندنی سووتانی ئەوی لە ناوەندەوە هێنابوو. ئەوەی کە چۆن خەڵکی جەنازەکەیان برد بۆ کانە فەرامۆشکراوەکە لە دۆڵەکەدا تا بۆگەن نەکات و بۆ ئەوەی کە سەگەکان جەنازەکە لەتوپەت نەکەن، پەچەیەکیان بە دەوردا دروستکردووە.

براکەم وایزانیبوو من مردووم. چەند وشەیەکی دووبارە دەکردەوەو بە دەنگێکی ترساو دەیوت: (لەو خەیاڵەدا بووم مردوویی.) دوو رۆژی تەواو کەوتبووم، نە شتێکم دەخوارد نە دەمخواردەوە و ئەویش پێیوابووە کارم تەواو بووە.

لەژێر دەستی براکەمدا چوومە خەوێکی خۆشەوە، خەوێك کە وەك مەرگ منی دەرفاند.

دوانیوەڕۆی ئەو رۆژە، دووبارە خەبەرم بۆوەو بۆ یەکەمین جار قوماشێکم بینی کە لە دەوری دەستە شکاوەکەمیان پێچابوو. ماوەیەك چاوم بڕییە دەستە ئاوساوەکەم کە کەوتبووە سەر سنگم. کەس لە ژوورەکەدا نەبوو. بۆنێکی هێڵنج ئاوەر لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورێ و پڕی دەکرد. سەرباری ئەوەی کە ماناکەیم دەزانی، هیچ هەستێکی خەفەت لە مندا نەورووژا. تاریکی، هاورێ لەگەڵ سەرمایەکی لەرزێنەر، ژوورەکەی سیخناخ دەکرد. دوای گومانێکی زۆر هەستام و هەر

دوو سەری قوماشەکەم گرێداو کردمە ملم. لە پەنجەرەی کراوەوە نووشتامەوەو سەیری گوندەکەم کرد. هەوای سەر دۆڵ و جادەو ماڵەکانیش پڕبوو لە بۆنێکی قێزەون کە لە لەشی قورس و ئاوساوی ڕەشەوە بەرزدەبۆوە. گریانی بێدەنگی لاشەیەك کە وەك پێستە ئاوسابوو و ئێمەی لە خۆوە دەگرت و لە کابووسی شەوانەدا، مۆتەکە ئاسا سێبەری دەخستە سەرمان. دڵی ئاسمان ئاوس بوو بە هەوری بارانی قورس و ئەو هەورانەی کە نەوی ببوونەوە لەگەڵ بێخی ڕەنگ نارنجی دەم خۆرئاوا کەوتبوونە سەر دۆڵەکە.

لە پشت کۆگاکەوە، بۆنی لاشەی ڕەش پێست قیژەی لە منداڵەکان هەستاندبوو. دوای نەخۆشییەکی دووروودرێژ هەستام و لە پلیکانەی تاریکەوە بکێش بکێش چوومە خوارێ و لەسەر جادەی کشومات بەرەو منداڵەکان چووم کە هاوار و قیژەقیژیان بوو.

منداڵەکان بە کۆمەڵ لەسەر سەرەولێژی سەوزەڵانی دامێنی تەپۆڵکەکە کە تا بن ڕووبارەکە درێژ دەبۆوە، خەریکبوون هاوارو قیژەقیژیان بوو و سەگەکانیان لە دەوروبەریان دەوەڕین و ڕایان دەکرد. گەورەکان لە تەنیشت دەوەنەکانی ناو دۆڵەکەدا خەریکی دروستکردنی بەربەستێك بوون تا پێش لە هاتنە ژوورەوەی سەگەکان بگرێت بۆ ئەو کانەی کە لاشەی ڕەش پێستەکەیان لێ دانابوو. دەنگی تەقەی خنکاوی ئەو کاریتانەی لە زەوییەکەیان دەکوتا، دەهاتە سەرێ. گەورەکان لە کاتی کارکردندا دەنگیان لێوە نەدەهات، بەڵام منداڵەکان بە خۆشی و شادییەوە بەملاو ئەو لادا ڕایان دەکرد.

پاڵم دابۆوە بە قەدی دار (کەللە بەرخی) و سەیری یاری منداڵەکانم دەکرد. ئەوان پارچەیەك لە کلکی تەیارەکەی ڕەشەیان لەبری خلیسکێنە



بەکار دەبرد و لە سەرەولێژی توندی تەپۆڵکەکە، لەسەر سەوزەڵانییەکە خلیسکێنەیان دەکرد. لەسەر کلکی ساف و بریقاوەی فڕۆکەکە دادەنیشتن و خۆیان فڕێدەدایە سەر تەپۆڵکەکە بۆ سەر سەوزەڵانییەکەو وەك بەچکە ئاژەڵ دەهاتنە پێش. هەر کاتێك خلیسکێنەکە دەیویست بەر بەردێکی ناو سەوزەڵانییەکە بکەوێت، بە جووڵەیەکی قاچ ڕێگەکەیان دەگۆڕی. منداڵەکان زۆر سووك بوون و لەوانیش سووکتر، خلیسکێنەکەیان بوو. کاتێك یەکێك لەوان دەهاتە خوارێ، کاتی ئاوڕدانەوە، دووبارە گیا نیشتووەکان بەرزدەبوونەوەو دەگەڕانەوە دۆخی سەرەتایان و شوێن پێی ئەو وندەبوو. سووڕیان دەخوارد و دەچوونە خوار و سەگەکان بە حەپە حەپ سەریان لە دوویان دەنا. دووبارە کە لە هەورازەکە سەردەکەوتن، خلیسکێنەکەیان بە دوای خۆیاندا ڕادەکێشا. چالاکییەکی کۆتایی قبوڵنەکەریان هەبوو.

لێوکەل لە کۆمەڵی منداڵەکان کشایە دواوەو هێدی هێدی بەرەو من هات. لاسکە گیایەکی بە ددانەوە بوو و دەیجوو. پاڵیدا بە کۆتەرە دار بەڕوویەکەوە کە وەك سمی کەڵەکێوی درزی تێدابوو و سەیری منی کرد. ڕووخسارم وەرسووڕاند. وامنواند کە هەستم لای خلیسکێنەی منداڵەکانە. لێوکەل لە دەستە شکاوەکەم ڕاما، کە لە ملم دابوو و بە هەناسەیەکی پڕ دەنگ، بۆنی کرد.

وتی: (چ بۆگەنێك، دەستە شکاوەکەت چ بۆگەنێکی هەیە....)

چاوم بڕییە چاوی لێوکەل. چاوەکانی بریقەی زۆرانبازی تێدابوو. حاڵەتێکی مێملانەی گرت. قاچەکانی لێك بڵاوکردەوەو ئامادەی زۆرانبازی بوو لەگەڵم. بەڵام من گووم بە کڵاوی نەپێواو لەبری ئەوەی پڕی پێداکەم و قوڕقوڕاگەی بگرم، بە دەنگێك کە بێحاڵ و زەنگ لێدراو

به گوێی خۆم دەگەیشت، وتم: (بۆنەکە لە منەوە نییە. لاشەی بۆگەنی قولەڕەش بۆگەنی دێت!)

لێوکەل مات و حەیران سەیری کردم. لێوم گەست و چاوم لەسەر ئەو لابرد. لەو سەوزەگیایە وردبوومەوە لەبەر پێیدا هەستابوو. شانی هەڵتەکاند و تفێکی کرد و رایکرد و بە هەراوزەنایەوە تێکەڵی ئەو مناڵانەبوو کە خلیسکێنەیان دەکرد.

ئیتر مناڵ نەبووم... لە ماوەیەك لەوەو پێشەوە ئەم بیرەم بۆ هاتبوو. تەپوتۆز کردن لەگەڵ لێوکەل، راوی باڵندە لە شەوانی مانگەشەودا، خلیسکێنەو تووڵە سەگ گرتن، ئیتر کاری مناڵەکان بوو. بوونی وەها پەیوەندییەك لەگەڵ دنیا ئیتر لە من نەدەهات.

ماندو، سەرمابردو و لەرزۆك، لەسەر زەوییەکە دانیشتم کە هێشتا گەرمای رۆژی لە خۆیدا هێشتبۆوە. کاتێك دانیشتم، گەورە بێدەنگەکان، لە پشت سەوزەگیای هەراش و دەوەنەکانەوە لە چاوم ونبوون و مناڵە شەیتانەکان بە هەراوزەناو هات و هاوارەوە بەرەو رووم هاتن. تارمایی رەشیان وەك سێبەری کارژۆڵە بە بان سەرمەوە دەرکەوت.

(هێی چۆنی؟ بۆقیلە!؟ خۆتی!؟)

دەستێکی قورس و سەنگین لە دوامەوە هاتە سەر سەرم، بەڵام جووڵەم نەکرد، نە ئاوڕم دایەوەو نە هەستام. رووم لە مناڵەکان بوو و بە گۆشە چاوێك سەیری قاچی رووت و رەشی میرزام دەکرد کە لە تەنیشت ئەژنۆی رووتی منەوە بوو. تەنانەت ئامادەیی میرزایش ئەوکی وشك کردم. وتی: (بۆقیلە! خلیسکێنە ناکەی؟ سەرەتا پێموابوو ئەم یارییە تۆ داتهێناوە.)

لە ڤینا بێدەنگ بووم. بە تەقوتۆقی قاچە ئەمانەتەکەیەوە دانیشت و لە گیرفانی چاکەتەکەیدا ئەو پایپەی دەرهێنا کە رەش پێست بە دیاری



دابوویە و بە تووتنەکەی خۆی پڕی کرد. بۆنێکی توند هەستا، کە لووتی بنیادەمی دەخستە خروو، بۆنێکی وەك بۆنی دارستانێکی پڕ دار و گوڵ کە کەوتبێتە داوی ئاگرەوە. بۆنێك کە لەگەڵ دووکەڵی خۆڵەمێشی تووتنەکەدا بڵاودەبۆوە، من و میرزای لە خۆیدا رۆبرد.

میرزا وتی: (شەڕ شتێکی زۆر خراپە کە تەنانەت چاوپۆشی لە وردکردنی قامکەکانی دەستی مناڵێکیش ناکات...)

هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشاو بێدەنگ بووم. شەڕێك بەو فراوانی و ئەو هەموو کوشتار و خوێنڕێژییە دەبوو بەردەوام بێت، شەڕێك کە وەك لافاو بەڕێدەکەوێت و رانە مەڕ و سەوزەڵانی کورتی سەرزەوییە دوورەدەستەکان دەشوات و دەیبات. دەبوو ئەم شەڕە نەکشێتە ئاواییەکەی ئێمەوە، بەهەرحاڵ هاتە ئاواییەکەمان و پەنجەکانی منی پان و پلیش کردەوەو باوکمی ناچار کرد کە مەست لە خوێنی شەڕدا، شمشێر هەڵبکێشێ.

میرزا، کە وەك بڵێی لەگەڵ هاوتەمەنێکی خۆیدا قسەی دەکرد، وتی: (وا پێدەچێت شتێکی وای نەمابێت بۆ کۆتایی شەڕەکە. هەموو قسەکانیان کردووەو هەموو کارەکانیشیان کردووە. هەرچەند هەوڵماندا پەیوەندی بە سوپاوە بکەین، نەکرا. هەموو شتێك بەسەر یەکدا چڕژابوو و مرۆڤ نەیدەزانی دەبێت چی بکات...)

هێشتا دەنگی چەکوش لە دۆڵەکەدا دەنگی دەدایەوە. میرزا گوێی بۆ دەنگەکە قوڵاغ کردبوو و وتی: (هێشتا ئەوان بابەتەکەیان بە جدی گرتووە. باوکت و ئەوانیتریش نازانن دەبێت چی بکەن. هەربۆیە کاتی خۆیان بە کوتانی کاریتەکە بە فیڕۆ دەدەن.)

لە بێدەنگیدا گوێمان بۆ دەنگی قورس و خنکاوی چەکوشەکە رادێرا کە لە پەنا سۆزەی پێکەنین و هاواری منالەکانەوە دەگەیشتە گوێ. کە ماوەیەك تێپەڕی میرزا بە دەستە کارامەکانی قاچە ئەمانەتەکەی داکەند. سەیریم کرد.

منالەکانی بانگ کرد و وتی: (هێی!... ئەو خلیسکێنەیەم بۆ بهێنن.) منالەکان بە هەلهەلە خلیسکێنەکەیان بە شوێن خۆیاندا راکێشاو هێنایان. پیرەمێرد لەسەر قاچێك هەنگڵەشەلێی کرد و لە ناوەڕاستی منالەکاندا وەستا. منیش قاچە دەستکردەکەیم هەڵگرت و رامکرد بۆ خوارەوەی شیوە سەوزەڵانییەکە. زۆر قورس بوو. راگرتنی ئەوە بە دەستێك ئارێشەو هەناسەگربوو.

ئاونگی سپێدان نیشتبووە سەر سەوزەگیای تەڕ و وەك بڵێی ساردییەکەی نەوازشی بنە پێی رووتمی دەکرد، کە دەمی گیاکان ئازاریان دەدا. لە دامێنی تەپۆڵکەکە وەستام و قاچە دەستکردەکەم بە دەستەوە گرت. شەو داهاتبوو. تەنها دەنگی منالەکان لەسەر تەپۆڵکەکەوە دەهات و ئاسمان مات و رووەو تاریکی، شەوی دەلەرزاند.

قاقای پێکەنینێك هەستاو دەنگی نەرمی خزانی خلیسکێنەکە لەسەر گیا تەڕەکان گەیشتە گوێ، بەڵام خلیسکێنەکە نەهاتە خوارێ و لە هەوای قورسی شەودا نەیتوانی رێگەی خۆی بکاتەوە. دەنگی تەقەیەکی خنکاوم گەیشتە گوێ. چاوم بڕییە تاریکییەکەو جووڵەم نەکرد. بێدەنگییەکی کورت کەوتەوە و پاشان کلکی فڕۆکەکە، بێ سەرنشێن پێچێکی خوارد و بەرەو من خزی. قاچە دەستکردەکەم تووڕداو بەرەو سەوزەگیا تەڕەکە تێمتەقاند.



لە تەنیشت کەڵەکە بەردی سەوزەڵانییەکەوە میرزام بینی کە یەك تەختە کەوتبوو و دەستەکانی بێ جووڵە دەهاتە بەرچاو. دانەویمەوەو خوێنێکی خەستم بینی کە لە گوێ و لووتییەوە فیچقەی کردبوو. هێشتا بزەکە بە لێوییەوە مابوو. دەنگی نەرمی منالەکان دەگەیشتە گوێ کە وردە وردە گلێردەبوونەوەو لە سەوزەڵانی تاریکەوە تێدەپەڕین و بایەك لە دۆڵەکەوە هەڵدەستا دەنگەکەی دەبرد.

لە ترسی منالەکان وازم لە جەستەی میرزا هێناو لەسەر گیاکە وەستام. تەواو و خێرا پێی ئاشنابووم، کتوپڕ سیمای مەرگ، چ خەندان و چ گریان و خەماوی، لە زەینمدا جێی گرت. رێك وەك گەورەکان کە لە شارەکاندا پێی ئاشنا دەبوون. بیرم دەکردەوە باشترە جەستەی میرزا بەو دارانە بسووتێنن کە بۆ سووتاندنی لاشەکەی رەشەیان گردکردبۆوە.

بە چاوی پڕ ئەسرینەوە، سەیری باریکەیەکم لە ئاسمان کرد کە هێشتا بەرماوەی رووناکی ئێواران لێی هەڵنەهاتبوو، دواتر بەرێکەوتم تا لە دەشتی تاریکدا براکەم بدۆزمەوە.

# کتێبە چاپکراوەکانی یانەی قەڵەم

## (٢٠٠٥-٢٠١٢)

| ز | ناوی کتێب | بابەت | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | فریوو خۆحەشاردان | چیرۆك | عەتا محەمەد | |
| ٢ | ئایین (هزر سیاسەت) | فیکری | کۆمەڵێك نووسەر | یاسین عومەر |
| ٣ | بەیەکداکێشانی شارستانێتی | فیکری سیاسی | سامئیل هانتینگتۆن | ئاوات ئەحمەد |
| ٤ | سوەیلا | رۆمان | شارام قەوامی | |
| ٥ | رۆژی هاتنەکەی عودەی | چیرۆك | ئاوات عەبدوڵلا | |
| ٦ | سیماکانی عەقڵانیەتو خورافە | فیکری سیاسی | فالح عەبدولجەبار | ئاوات ئەحمەد |
| ٧ | وەنەوشەکەی چیرۆك | چیرۆك | کۆمەڵێك نووسەر | شیرین.ك |
| ٨ | نەبەهەشت لەسەر زەویدایە | فیکری | کۆمەڵێك نووسەر | ئومێد عوسمان |
| ٩ | فیمینیزم | فکری | نوره فەرج المساعد | عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی |
| ١٠ | لەروانگەی خۆرئاواوە | فکری | کۆمەڵێك نووسەر | ئومێد عوسمان |
| ١١ | منداڵباز | رۆمان | فەرهاد پیرباڵ | |
| ١٢ | کیمیاگەرانی وشە | لێکۆڵینەوەی | کۆمەڵێك نووسەر | یاسین عومەر |
| ١٣ | گوزارشتی مۆسیقا | هونەری | فواد زەکریا | حەمە کەریم عارف |
| ١٤ | خەمەکانی رۆشنگەری | فکری | هاشم ساڵح | ئاوات ئەحمەد |
| ١٥ | یەڵماز گۆنەی | | کۆمەڵێك نووسەر | حەمە کەریم عارف |
| ١٦ | هەناسەی پێخەفەداخراو | چیرۆك | چنوور سەعیدی | |
| ١٧ | سادقی هیدایەت | لێکۆڵینەوە | حەمە کەریم عارف | |
| ١٨ | یادەوەرییەکانی کۆڵانێکی خاپوورکراو | چیرۆك | سیامەند هادی | |
| ١٩ | قالاو یەعنی قەفەسێکی خاڵی | شیعر | کەمال ئەمینی | |
| ٢٠ | تیانووسی پاشای هیچ | شیعر | یاسین عومەر | |
| ٢١ | لەسێبەری پرسیاردا | دیداری فیکری | سەمەد ئەحمەد | |
| ٢٢ | زەمین وەك پرتەقاڵێك شینە | شیعر | پۆل ئیلوار | فەرهاد پیرباڵ |
| ٢٣ | گێلاسی خوێن | رۆمان | عەتا محەمەد | |
| ٢٤ | حەرامترین | چیرۆك | عەلی پێنجوێنی | |
| ٢٥ | رەنگە کاڵبووەکانی دنیا | شیعر | گەروسعەبدولمەلیکیان | مەریوان هەڵەبجەیی |
| ٢٦ | کۆنترۆڵی میدیا و راگەیاندن | راگەیاندن | نوام چۆمسکی | کەریم قادر پوور |
| ٢٧ | مۆزارت، شمشاڵی ئەفسوناوی | هونەری | ئەنیس مەنسور | مامۆستا ئەحمەد |
| ٢٨ | ئەفرێنەرانی خۆر ئاوا | فکری | هاشم ساڵح | ئومێد عوسمان |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٩ | دەریایەك لەوشە | دیدار | مهاباد قەرەداغی | |
| ٣٠ | داهێنانو مەرگ | لێکۆڵینەوە | سەلاح حەسەن | |
| ٣١ | ژنێ لەبەردەم وەرزێکی | ژیان و بەرهەم | فروغ فروغزاد | ئازاد بەرزنجی |
| ٣٢ | گەڕان بەدوای قولاییدا | چیرۆك | پاتریك زوسکیند | شیرین. ك |
| ٣٣ | پابەندبووین ئەدەبی | لێکۆڵینەوە | رمچان الصباغ | ئاری عوسمان |
| ٣٤ | مێرووڵەو کۆتر | منالان | ئیزۆپ | جەبار سابیر |
| ٣٥ | منو باپیرەو نەنە | منالان | ستیوارت همپڵ | جەبار سابیر |
| ٣٦ | دیالۆگ، خەندە، ئازادی | لێکۆڵینەوە | میخائیل باختین | هادی محەمەدی |
| ٣٧ | مامزێر | رۆمان | کاروان کاکەسوور | |
| ٣٨ | ئێمە گوناهین | چیرۆك | هیوا ئەمین نژاد | |
| ٣٩ | شەبەنگی بوون، زایەڵەی.. | راڤەی دەق | هەندرێن | |
| ٤٠ | خۆشم ئەوێی شێتەگیان | منالان | ستیوارت همپڵ | جەبار سابیر |
| ٤١ | فریشتەکان | چیرۆك | رەسوڵ یۆنان | جەبار سابیر |
| ٤٢ | پاییزی عومری من | شیعر | ژاوێن شاڵی | |
| ٤٣ | نەتەوەو حەکایەت | لێکۆڵینەوە | رێبوار سیوەیلی | |
| ٤٤ | گەمەی پاقیژە | شانۆنامە | ژان ژینێ | دلاوەر قەرەداغی |
| ٤٥ | ماجەراکانی سەلمانی فارسی | رۆمان | یوسف عیزەدین | |
| ٤٦ | گەڕانەوەی خوشکەکان | چیرۆك | هەورامان وریا قانع | |
| ٤٧ | تارژەنی رەنگ | حیکایەت | عەتا محەمەد | |
| ٤٨ | ئەوەی دنیا رزگار دەکات جوانییە | کۆدیدار | هیوا قادر | |
| ٤٩ | پیاسەیەك بە تەنیا | وتارو لێکۆڵینەوە | توانا ئەمین | |
| ٥٠ | دەروازەیەك بۆ فەلسەفەی.. | فەلسەفی | د.حسێن بەشیریە | رەزا مەنوچەهری |
| ٥١ | یار لە باخە | شیعر | هیوا قادر | |
| ٥٢ | سوارەکان بە قاچاخ بوك دەگوازنەوە | رۆمان | کاروان کاکەسوور | |
| ٥٣ | جیهانی سێیەم و جیهانی مۆدێرن | لێکۆڵینەوە | لوقمان رەئوف | |
| ٥٤ | باران رەدوکەوتووی قەسیدەکانی | شیعر | ئەنوەر رەشید عەولا | |
| ٥٥ | کچی ناو تابلۆکە | چیرۆك | توانا ئەمین | |
| ٥٦ | ڤیسکۆنتی دوولەت بوو | رۆمان | ئیتالۆ کالفینۆ | جەبار سابیر |
| ٥٧ | ئیستاتیکای گێڕانەوە | لێکۆڵینەوە | ئارام سدیق | |
| ٥٨ | چاوەڕوانی | رۆمان | ئارام کاکەی فەلاح | |
| ٥٩ | زێوان | شیعر | سەباح رەنجدەر | |
| ٦٠ | فەهرەست | رۆمان | عەتا محەمەد | |
| ٦١ | لاییستییە چییە؟ | لێکۆڵینەوە | شیدان وەسیق | فازل مەحمود وەلی |
| ٦٢ | بلیتێك بۆ جەهەنەم | چیرۆك | ئارام کاکەی فەلاح | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦٣ | مەلەکوت | ڕۆمان | بەهرام سادقی | سەعید سلێمانی |
| ٦٤ | خواجەنەسرەدین | ڕۆمان | عەتا محەمەد | |
| ٦٥ | ئۆنتۆلۆجی، بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ | فەلسەفی | د. محەمەد کەمال | |
| ٦٦ | لە تێکستەوە بۆ مانا | لیکۆڵینەوە | ئارام سدیق | |
| ٦٧ | حیکایەتی عەشقی بی قاف و .. | چیرۆك | مستەفا مەستوور | جەبار سابیر |
| ٦٨ | پەیکەری فەرهاد | ڕۆمان | عەباس مەعروفی | کەریم قادرپوور |
| ٦٩ | دوا سروودی بەلەمەوانەکان | شیعر | سەعید سلێمانی | |
| ٧٠ | ژماردن | کۆمەڵەچیرۆك | کامیار ئەحمەدی | |
| ٧١ | گەمژە ئێمە مردووین | مینیماڵ | ڕەسوول یۆنان | جەبار سابیر |
| ٧٢ | ژن و پیاو و ئاکاری سێکسی | لێکۆینەوە | ویل دۆرانت | دڵشاد خۆشناو |
| ٧٣ | سەردەستەکان | چیرۆك | ماریۆ بارگاس یۆسا | جەبار سابیر |
| ٧٤ | باڵندەکەی من | ڕۆمان | فەریبا وەفی | حەمە کەریم عارف |
| ٧٥ | نامەکانی کافکا و ریلکە | نامەی ئەدەبی | کافکا و ریلکە | غەفوور سالح عەبدوڵڵا |
| ٧٦ | سوارەکانی وشە | چیرۆك | جوتیار ئەحمەد | |
| ٧٧ | دزینی خەونەکان | چیرۆك | ئارام کاکەی فەلاح | |
| ٧٨ | نیگایەك پڕ لە گرفتاری | چیرۆك | فاروق هۆمەر | |
| ٧٩ | سەرگەردانییەکانی پیاوێك | چیرۆك | فاروق هۆمەر | |
| ٨٠ | ئەبی و نابێ رایەکی زمانەوانییە | چیرۆك | محەمەد ئەمین ئەحمەد | |
| ٨١ | خۆردزین | چیرۆك | محەمەد ئەمین ئەحمەد | |
| ٨٢ | کۆمەڵگەی کوردی پەرەسەندنی | لێکۆڵینەوە | عەتا قەرەداخی | |
| ٨٣ | جەمیلە | ڕۆمان | جەنگیز ئایتماتۆف | حەمە کەریم عارف |
| ٨٤ | مردنێکی تر | چیرۆك | خۆرخە لویس بۆرخیس | یاسین عومەر |
| ٨٥ | خودا، لەسەری مرۆڤدا | گفتوگۆی فیکری | توانا ئەمین | |
| ٨٦ | دەسپێك لە چیرۆکی کوردیدا | لێکۆڵینەوە | ئارام سدیق | |
| ٨٧ | کتێبی لم | چیرۆك و چیرۆك | خۆرخە لویس بۆرخیس | مەلوول |
| ٨٨ | نێچیر | ڕۆمان | کنزا بۆرۆ ئاوێ | جەبار سابیر |
| | | | | |